

# مرۆڤ و مێژوو

## لە گۆشەنیگای مەسعوود محەممەدەوە

زامدار ئەحمەد

مرۆڤ و مێژوو لە گۆشەنیگای مەسعوود محەمەدەوە

بەرگ: ئیبراهیم صالح

زامدار ئەحمەد

ئەگەر نووسەر بمرێ، دەمرێ.
ئەگەر لە نووسین کەوت دەمرێ.
ئەگەر خۆی سووک کرد، دەمرێ.
ئەگەر ڕای خۆی بفرۆشێت، دەمرێ.
ئەگەر دووڕوویی کرد، دەمرێ.
ئەگەر جنێو فرۆش بێت، دەمرێ.
خۆ ، ئەگەر لەیەکێ لەمانەدا،
جگە لە حاڵەتی یەکەم نەمرد،
دەبێ خوێنەران بیمرێنن.



ZAMDAR EHMED
2017

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا

# مرۆڤ و مێژوو
# لە گۆشەنیگای مەسعوود محەممەدەوە

## زامدار ئەحمەد

٢٠١٧


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ناسنامەی کتێب
کتێب: مرۆڤ و مێژوو لە گۆشەنیگای مەسعوود محەممەدەوە
نووسەر: زامدار ئەحمەد
پێداچوونەوە و پێشەکی: حەکیم کاکەوەیس
وێنەی بەرگ: قەرەنی جەمیل
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم سالح
چاپی یەکەم: ٢٠١٧
چاپخانەی چوارچرا/ سلێمانی
نرخ:
تیراژ:
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

**سوپاس و پێزانین**

سوپاسگوزاری سەرجەم ئەو هاوڕێ ئازیزانەم کە هاوکاریان کردم، (دوکتۆر حەیدەر لەشکری، هەڵۆ بەرزنجەیی، ئاسۆس شەفیق، کاروان عاریف، سام ڕۆژدۆست، حەکیم کاکەوەیس) هاوڕێیانی خۆشەویست منەتبارتانم.

سوپاس و پێزانین


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پێشکەشە بە

# خوێنەرانی

# مەسعوود محەمەد


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئامۆژگـاریم بـۆ ڕۆشـنبیرانی تازەپێگەیشـتووی کـورد ئەوەیە خـۆی نەکـاتە پاسـەوانی فکـرەی قاڵبەسـتوو، چـاوی ڕەخـنەی نەنـوقێنی، هەردەم ئامـادەی ڕەفـز بـێ، بـە مـەرجێک سـەر لەنوێ نـەبێتەوە پاسـەوانی ڕەفز.

**مەسعوود محەممەد**


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پێرستی بابەتەکان



| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ١٠ |
| ٢ | وتەیەک | ١٨ |
| ٣ | بەشی یەکەم: ژیان و بەرهەمی مەسعوود محەممەد. | ٢٣ـ٧٠ |
| ٤ | باسی یەکەم: ژیاننامەی مەسعوود محەممەد. | ٢٤ |
| ٥ | باسی دووەم: پێوەندی کۆمەڵایەتی مەسعوود محەممەد. | ٣٧ |
| ٦ | باسی سێیەم: بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد. | ٤٩ |
| ٧ | بەشی دووەم: تێڕوانینی مەسعوود محەممەد بۆ مێژوو. | ٧١ـ١٤٦ |
| ٨ | باسی یەکەم: لێکدانەوە باوەکانی مێژوو و بۆچوونی مەسعوود محەممەد لەبارەیانەوە. | ٧٢ |
| ٩ | باسی دووەم: بیرکردنەوەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد. | ١٠٨ |
| ١٠ | باسی سێیەم: ڕەخنەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد. | ١٢٥ |
| ١1 | بەشی سێیەم: ڕوانگەی مێژوویی مەسعوود محەممەد. | ١٤٧ـ١٧٣ |
| ١٢ | باسی یەکەم: ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ مێژووی جیهان. | ١٤٨ |
| ١٣ | باسی دووەم: ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ مێژووی ناوچەیی. | ١٦٢ |
| ١٤ | ئەنجام | ١٧٧ |
| ١٥ | پێشنیار و ڕاسپاردە | ١٧٨ |
| ١٦ | لیستی سەرچاوەکان | ١٧٩ |





ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پێشەکی

که ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبمەوە، هەرچۆنێ بێ، پەلەقاژەیەک دەکەم. قامووس و مەوسووعە و گووگلیش، جگە لە کتێبی هەمەجۆر، وەک دێوی ناو چراکەی عەلائەددین، چۆن لە خزمەتی ئێوەدان، ئاوهاش دەست لەسەر سینگ لە خزمەتی مندا وەستاوون و دەچنە پاڵ ئەو زانیاریانەی کە کەم یا زۆر کۆم کردوونەتەوە و لە خەیاڵمدان: چۆن دوو جاران دوو دەکاتە چوار ئەگەر نەکاتە چوار دەکاتە چەند؟ چۆن پێشبینی کەشوهەوا دەکرێ؟ تەوەری مەگناتیکیی زەوی چ دەکا و ئەو تەوەرە وا نەبوایە چ دەبوو؟ چۆن بە هەزار کەسی سیاسەتوانی وەک لینین و دوای ئەویش نەیانتوانی وەک دۆستیۆفسکی بارودۆخی خەڵکی سەردەمی قەیسەر ڕوون بکەنەوە؟ چ داوە موویەک لە نێوان دڵسۆزی و جاشایەتی، لە نێوان ئیمان و کوفر، لە نێوان ئینسان و دڕندەدا هەیە؟ چۆن دوای ئەو هەموو چاکەیەی ڕووس کە لەگەڵ تورک و ئەتاتورکیاندا کرد، لە دووەم جەنگدا تورکیا ڕێی بە کەشتییە جەنگییەکانی نازییەکان دا بە دەردەنیلدا بەرەو ناوجەرەهەی ڕووسیا بچن و چۆن تورکەکان بە هاوکاری کورد دەوڵەتیان دامەزراند و دوایی کەوتنە قڕکردنی کورد!

هەستی خۆبەکەمزانینی کورد لە ئاستی پەراوێزترین کەسی داگیرکەر لە کوێوە دێ؟. کام سەرکردەی سەربازی لە کاتی لاوازیدا بۆ ڕاگرتنی شەڕ قورئانی بەرز کردۆتەوە و دوایی لە کاتی

بەهێزیدا قورئانی لاداوە و چەکی بەرز کردۆتەوە و بەزەیی بە کەسدا نەهاتووە و سەری نەیاری خۆی بە سەری ڕمەوە کردووە؟ دەزانم بڵێم: خوایە جوانەکەم، من هەر بە دوای جوانیی تۆدا دەگەڕێم و ئەم قمقمۆکانە ناشرینت دەکەن! من ئاشنای ئەو عەشقەم کە ڕابیعە و مەولانا و توربیۆرن سێفە ( Torbjörn Säfve) باسی دەکەن و دڵم ڕێم نادا باوەڕ بکەم ئەرکت ئەوە بێ حوورییە لاقەکراوەکان بۆ ئەو چڵکنانە پینە بکەیتەوە و بیانکەیتەوە بە پاکیزە! کەی ئەوە کاری تۆیە خودای من؟!

بەڵام و هەزار بەڵام، کە باس دێتە سەر مەسعوود محەممەد، نەخوێندەوارێکی سەد ساڵ پێش ئێستام. "مێروولەیەکی سەر گەڵایەکم و لە ناوەڕاستی ئۆقیانووسێکدا سەرگەردانم" نە دەزانم خوار کوێیە و نە دەزانم ژوور کامەیە! هەر کەسێ تا ئێستا لە بارەی مەسعوود محەممەدەوە پرسیاری لێ کردووم و وەڵامم داوەتەوە، داوای لێبوردنی لێ دەکەم... من هیچی لێ نازانم. لایەنی هەرە لاوازی من لەو وەڵامانەدایە. من هیچ لە مەسعوود محەممەد و فکری مەسعوود محەممەد نازانم!! چەند لەم دوورەوە شارەزای ژیانی سەر مانگ و بیابان و جەمسەرەکانی زەوی و بنی زەریاکانم، هەر ئەوەندەش لە مەسعوود محەممەد دەزانم.

هەرگیز، لە هیچ تاقیکردنەوەیەکی خوێندنمدا، هەستم بەو جۆرە لاوازییە نەکردووە کە لە باسی مەسعوود محەممەددا هەستم پێ


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کـــردووە. وەڵامـــی تـــاقیکردنەوەی خوێنـــدن لە نێـــوان مـــن و مامۆسـتاکەمدا بـووە، بەڵام وەڵامـی پرسـیار لە بـارەی مەسـعوود محەممەدەوە دەکەوێتە نێوان من و هەموو کـوردەوە و بـۆ مێـژوو، هەتـــا هەتـــایە دەمێنێـــتەوە. بەڵـــێ لە ئاســـتی ئاسـۆی بیـــر و لێکـدانەوەی ئەودا "مێرووولەیەکـی سـەر گەڵایەکـم و لە ناوەڕاسـتی ئۆقیانووســێکدا ســەرگەردانم". ئەوەش قســەیەکی خــۆیەتی و بە کوردی گوتووە!! بەڵام کێ دەزانـێ بـۆچی وای گوتـووە؟! ئـایە لە کەسـایەتی تـاکی کـورد بێهیـوا بـووە یـا لە سـەرانی کـورد یـا لە جیۆپـــۆلیتیکی نیشـــتیمانەکەمان یـــا دڕنـــدەیی و بێـــویژدانی ئەنـدازیارانی (سـایکس پیکـۆ Sykes-Picot )ی (١٩١٦) یـا هەموویان پێکەوە؟. نازانم...

ڕەنگە لە مەسعوود محەممەدەوە فێر بووبم زمانم پاک بێ و ڕاستگۆ بـم و قەڵەمفـرۆش نەبـم، کە ئەمەی دواییـان دەبێـتەوە بە خۆنەفرۆشن. بەڵام شارەزایی لە کامە ڕستە و بۆچوونیدا بۆ مـن و تۆ جێی باسە؟ هەر بۆچوونێکی و هەر ڕستەیەکی جێی لێکدانەوە و ڕامانە و مەگەر تەمەنێکی بۆ تەرخان بکەین ئەوجا بیناسین.

ئەگەر هەر کەســێ لە ئــێمە بڵــێ شــارەزای مەســعوود محەممەدم، خۆی بارگران دەکا و ئاسـانترین ڕێـی دەربـازبوون لەو بارگرانی و ئەرکە قورسە ئەوەیە بڵێین: لێـی نـازانم! باسـی بیـری مەسـعوود محەمـمەد بەوە نـابڕێتەوە بڵێـی: (ڕجعـی) بـوو یـا

فەیلەسووف یا زمانزان یا لە بنەماڵەی خواپێداوان بووە و ببڕێتەوە. ئەو، لە زۆر مەیداندا ئەسپی خۆی تاوداوە و لۆژیکێک ئاراستەی کردووە کە پێشەکی و بنەماکەی هەقخوازی بووە و پرۆسەکەی ڕاستگۆیی و ئەنجامیشی چی بووبێ پێی ڕازی بووە بۆیە ئاسان نەبووە لێی لابدا. واتە نهێنیی گەورەیی ئەو پیاوە، بە بۆچوونی من، بەرزە لە ڕاستگۆییدایە.

من بەو هەستەوە کە باسم کرد، ئەم بەرهەمەی کاک (زامدار ئەحمەد)م خوێندەوە و پێم وابوو سەرەتاتکێیەکی نەختێ سەرەتایی بەولاترەوەی گەنجێکە و دەشی بۆ پاشەڕۆژی ڕۆشنبیریی خۆی، ببێتە بناغەیەکی بەهێز. کەچی بە دەم خوێندنەوەوە خۆم لە ناو نەخش و نیگاری شیکردنەوە و تاوتوێکاری و بژار و هەڵاوێردکردندا بینییەوە و بۆ زۆر بابەت کە مامۆستا مەسعوود محەممەد لێی دوابێ و گرنگی پێ دابێ، کاک زامدار قیبلەنومایەکی بۆ دۆزینەوەی فەراهەم کردووە.

کاک زامدار ئەحمەد، هەموو، یا زۆرینەی نووسینەکانی مامۆستا مەسعوود محەممەدی پشکنیوە. بە دوای چیدا گەڕاوە و چ گەوهەرێکی بەدەست هێناوە؟ ئاخۆ بە مەرامی خۆی گەیشتووە؟. پێم وابێ دەرگای بەرەو مەرام کردۆتەوە و چاوێکی گێڕاوە. نەیویستووە دەمودەست بگەڕێتەوە و لە پرۆژەکەی پاشگەز بێتەوە. من پێم وایە ئێستاش بە دوای دەرگای


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەربازبوونـدا دەگەڕێ بەڵام تـازە دەربـازبوون لە دەسـتی چـوو. کەوتـۆتە نـاو تەون و داو و ڕایەڵـی واوە، وەک قووڵبـوونەوە لە بیرکاریی نائیکلیدی تەمەنێکی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە دەوێ. هەنگاوێکی باشی ناوە و خەریکە کۆدەکان دەکاتەوە و بەرەو پێش دەچێ. ئەگەر ئاوها بەردەوام بێ، باوەڕ دەکرێ شەهادەی بەرز لەو بوارەدا بەدەست بێنێ و خزمەتێکی گەورەی ڕۆشنبیریی کورد و کتێبخانەی کوردی بکا و ببێتە یەکێ لەو دەگمەنانەی سەر لە جیهانی مەسعوود محەممەد دەردەکەن. بەڵام ئاخۆ بڕ دەکا؟

گلەیی ئەوە لە مامۆستا مەسعوود محەممەد بەر گوێی نووسەری ئەم کتێبە کەوتووە کە وەک باوک، نەیتوانیوە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بەڵام لە هۆکارەکەی ورد نەبۆتەوە. نازانم کامە پیاوی مەزن کە هەموو بوونی خۆی بۆ مەبەستێکی بەرزی وا تەرخان بکا کە بە لایەوە پیرۆز بێ، توانیویەتی فریای نازهەڵگرتنی خانەوادە کەوتبێ و خشتەی ژیانی بۆ دانابن. ئەو، لەم ژیانەدا و لە سەر ئەو خاکەدا کە لێی دەژیا، ڕێڤنگ بوو و خۆی بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی بۆ میللەتی خۆی تەرخان کردبوو نەک تاکە تاکەی کۆمەڵگەکەی. خەمی لە چەپڵەکوتانی خەڵک خواردووە و داخی بۆ یەک دڵۆپە خوێنی مرۆڤ هەڵکێشاوە کە بۆ هەرچییەک ڕژابێ چونکە بە لایەوە، جێی قەبووڵکردن نەبووە مرۆڤ غەدر لە مرۆڤ بکا. مامۆستا مەسعوود محەممەد سەرقاڵی شیکردنەوەی ورد بووە لە هەرچییەکی بیری

بۆ چووبێ. جگە لە مەسعوود محەمەد، کامە زانای ئاینی یا ڕەخنەگری مێژوویی بیری بۆ ئەوە چووە کە ئەو ڕۆژەی ماڵی ئوبوو سوفیان برایە ئاستی کەعبە، ئیسلام کەرتک بوو؟ کاتێ مێژووزان و شارەزایانی ئاین پەی بەو ڕاستییە نەبەن یا باسکردنی بە بڤە بزانن، ڕەنگە ڕەخنەی توندی لێ بگرن.

مەسعوود محەممەد، لە جێیەکدا (پێم وابێ لە نامەیەکیدا کە بۆ بەندەی نووسیوە) باسی ئەوە دەکا، کە ڕێچکەیەکی مێرووله بە بەر دەرگای ژوورەکەیدا ڕۆییوە و ناچار بووە لە هەموو چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەیەکیدا سەرنجیان بدا نەکا بیانکوژێ. واتە، هەموو چرکەیەکی بەئاگابوونی بیرکردنەوە و لێکدانەوە بووە، جگە لەوەی کە ویژدانی هەمیشە چاودێری کردووە..

لەو باوەڕەدام تاکە شتێک لە مەسعوود محەمەد بووبێ بە کێوێک و ترساندبێتی، کەسایەتی جەنابی مەلای گەورە بووە و پێی وا نەبووە هەرگیز بتوانێ شان لە شانی بدا. باوکی، لێی ببوو بە گرێکوێرە و پێ دەچێ هەموو ژیانی هەوڵی دابێ کارێکی وا بکا، مەلای گەورە شانازی پێوە بکا یا لێی ڕازی بووبێ یا نەختێ لەو بچێ. تۆ بڵێی مەلای گەورە ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ کارێکی کە مەسعوود محەممەد ئەنجامی دابێ، دەستخۆشی لێ کردبێ؟! دەبێ ئەویش وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد بەرانبەر ئەولادی خۆی


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

جۆرێ نەبووبێ و ئەمیش ویستبێتی وەک ئەو بێ و وەک ئەو بکا تا لەو بچێ؟! ڕەنگە کاک زامدار ئەحمەد بتوانێ لە لایەنی باوکایەتی مەلای گەورە بکۆڵێتەوە تا کاریگەرییەکەی لە سەر مامۆستا مەسعوود محەممەد بۆ ڕوون بێتەوە و دەستنیشانی بکا، ئەوەش دەبێتە خزمەتێکی سەربار بۆ نەوەکانی داوتر...

لێکدانەوەی لایەنی دەروونیی هەر کەسێک یا کەسایەتییەک، گرنگی خۆی هەیە و کاتێ مامۆستا مەسعوود محەممەد باسی ئەوە دەکا کە ناوکی زەق بووە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانی لە بەر چاوی خەڵکیدا خۆی ڕووت بکاتەوە، دەریدەخا ڕادەی هەستیارییەکەی تا چ ئاستێک بووە. بە باوەڕی من، مامۆستا بە دوو جۆر لە ژێر کاریگەری مەلای گەورەدا بووە: لایەنێکی ئەرێنی، کە کوڕی ئەو پیاوە بەشەهامەت و هەق گۆیە بووە و بە هۆیەوە، هەر لە منداڵییەوە حیسابی بۆ کراوە. لایەنی نەرێنیش لەوەدا بووە پێی وا بووە هەرچی بکا بەو باوکەڕا ناگات و ناتوانێ وەک ئەو بێ. بە دەم ئەو ململانێیەشەوە، هێند خۆی ماندوو کردووە، بە باوەڕی من، نەک هەر پێی ڕاگەیشت، بەڵکو بە بێ ئەوەی خۆی پێی بزانێ، تێشیپەڕاند. ئەمەش داگرتنی شانوشەوکەتی مەلای گەورە نییە بەڵکو دانەوەی مافە بە مەسعوود محەممەدی خاوەن ماف، لە لایەن خوێنەرێکی ئاساییەوە.

دەستخۆشـــی لە کـــاک زامـــدار ئەحـــمەد دەکەم بـــۆ ئەو ئازایەتییەی. هیوادارم بەردەوام بێ و بەرهەمی کـاملّتری ببینـین و ڕۆژێ بـێ ئەم پێشـەکییەی منـیش لە پەراوێزێکـدا دابنـێ و بڵـێ: ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆچـوونی وەهـا سـەرەتاییش لە سـەر مەسـعوود محەممەد هەبووە.

حەکیم کاکەوەیس

حەساری گەورە

ئازاری ٢٠١٦


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## وتەیەک

مەسعوود محەممەد، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی کوردستان، جێدەستی لە نێو کتێبخانەی کوردی و عەرەبی دیارە، لەسەر بابەتی مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەب و هزر و فەلسەفە و قسەکردن سەبارەت بە زۆر بابەتی دیکە نووسینی بەشێوەی کتێب و وتار بڵاوکردۆتەوە. بە گەواهیدانی زۆربەی پەیجور و نووسەر و کەسانی خاوەن هزر، قسەکردن و نووسین لەسەر مەسعوود محەممەد کارێکی سانا نییە، بەڵکو تاقەت پڕوکێنە و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە و دەبێ زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ نووسینەکانی بکەیت.

نووسینەکانی مەسعوود محەممەد بۆ هەموو کات و سەردەمێکە و بە تاکە نووسەری کورد دادەنرێ کە خاوەن هزر و فەلسەفەیە "تەنانەت هەندێک بە فەیلەسووفیشی ناودەبەن" کە نووسینەکانی لەسەر هەر بابەتێک بێ، بەشێوەیەک نووسیوویەتی کە خوێنەر هەست دەکا، ئەم پرسە لە نێو کورددایە. بەداخەوە، تاکوو ئێستا بەشێوەیەکی ورد توێژینەوە لەسەر بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد نەکراوە، تەنانەت وەک پێویست لە نێو خەڵقی نەناسێندراوە.

لە ڕاستیدا، وردبوونەوە و توێژینەوە لەسەر هەر بابەتێک کە دەکرێ، هێندەی ماندووبوونەکەی بایەخ و گرنگی هەیە، وەلێ

هەندێک توێژینەوە هەیە، جیاوازە لەوانی تر، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە پێشتر پەیجوران بە کەمی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە و کەمتر لەسەری نووسراوە. ئەڵبەتە ئەم توێژینەوەیەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ سەردەمی ئێستا، چونکە لە قۆناغێکدایین کە لەنێو هەموو بوارەکاندا پسۆڕی ورد دیاری کراوە و زیاتر لێی وردەبنەوە، ئەمەش توێژینەوەیەکی گشتی وردە سەبارەت بە ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ مێژوو و بیرکردنەوەی مێژوویی و ئەو ڕەخنانەی کە لە مێژووی گرتووە.

لە سۆنگەی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و نەبوونی نووسین سەبارەت بە مێژوو لای مەسعوود محەممەد و ئەو ڕەخنانەی لە فەیلەسووفە جیهانییەکانی وەکوو هیگڵ و مارکس و سارتەر گرتووە، هاوکات زۆربەی بیرۆبۆچوون و تێزەکانیانی بەوەڵامی لۆژیکی گونجا و ئەقڵانە ڕەتکردۆتەوە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، پشت بە میتۆدی زانستی مێژوویی بەستراوە، لەسەر بنەمای شرۆڤەکردن و جیاکاری و هەڵهێنجانی ڕاستی ڕووداوەکان و بەراوردکاری سەرچاوەی گرتووە. ئەمەش بە پشت بەستن بە تێڕامان و وردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان و نووسینە باوەڕ پێکراوەکان کە تایبەت بەم بابەتەوە لەبەردەست بووە. ئەم توێژینەوەیە، لەپێشەکی و سێ


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەش و پێشـــنیار و ڕاســـپاردە و ئەنجـــام و لیســـتی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

لە بەشـی یەکەمـدا بـاس لە ژیـان و بەرهەمـی مەسـعوود محەمـــەد کــراوە و لە ســێ بــاس پێکهــاتووە. باســی یەکەم تایبەتکراوە بە ژیاننامەی مەسعوود محەممەد و ئەو قۆناغـانەی کە پێیدا تێپەڕیووە، لە ماوەی ژیانی لە کوردستان و لە بەغداد و ئەو کێشـانەی بەسـەریدا هـاتووە، تـاکوو نەخـۆش کەوتنـی و گیـان لەدەستدانی. لە باسـی دووەمـدا، پێوەنـدی کـۆمەڵایەتی مەسـعوود محەمـــەد لەگەڵ دەوروبەری، کە پێوەنـــدی لەگەڵ ئەنـــدامانی خێـزانەکەی و پێوەنـدی لەگەڵ هـاوڕێ نزیکەکـانی باسـکراوە. لە باسـی سـێیەمدا، باسـی کـۆی گشـتی بەرهەمەکـانی مەسـعوود محەممەد کراوە و تێیدا ئاماژەمان بەوە کردووە کە کتێبەکە بـاس لە چـی دەکـات و کەی و سـاڵی چەنـد و لەکـوێ نووسـراوە و بڵاوکـراوەتەوە، هاوکـات ئاماژەمـان بە چەنـد گوتـارێکی گرینگـی نـــاوبراو کـــردووە، کە لە گۆڤـــار و ڕۆژنامەکـــانی ئەو ســـەردەم بڵاوکراوەتەوە.

بەشـی دووەم، لەم بەشـەدا بـاس لە تێروانینـی مەسـعوود محەممەد بۆ مێژوو کراوە، کە لە سێ بـاس پێکهـاتووە. لە باسـی یەکەمـدا، لێکـدانەوە باوەکـانی مێـژوو خـراوەتەڕوو، بە وەرگرتنـی بیروبۆچوونی فەیلەسووفانی نێو وجوودییەکان و ماددەگەڕاییەکـان و ئایدیالییەکان، لەدواتردا بۆچوونی مەسعوود محەمـەد سـەبارەت

بەمانە باسکراوە، کە ڕەخنەی لێگرتوون و ڕەتیداوەتنەوە. لە باسی دووەمدا، باس لە بیرکردنەوەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد کراوە، کە بەشێوەیەکی مرۆڤگەرانە لە مێژووی ڕوانیوە، واتە ئەوەی لەنێو مێژوودا ڕوودەدات پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و هەموو ڕووداوەکان پێوەستن بە مرۆڤەوە. لە باسی سێیەمدا، ڕەخنەی مێژوویی لای مەسعوود محەمەد باسکراوە، بەتایبەتی ڕەخنەکانی سەبارەت بە ڕووخانی میرنشینی سۆران و فەتواکەی مەلای خەتێ و شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١)ی خستۆتەڕوو و قسەی خۆی لە بارەیانەوە کردووە.

بەشی سێیەم، لەم بەشەدا ڕوانگەی مێژوویی مەسعوود محەممەد باسکراوە و ئەم بەشە لە دوو باس پێکدێت. لە باسی یەکەمدا، ڕوانگەی مەسعوود محەمەد بۆ مێژووی جیهانی باسکراوە، بەتایبەتی مەسەللەی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری. لە باسی دووەمدا، باس لە ڕوانگەی مەسعوود محەمەد بۆ مێژووی ناوچەیی کراوە، بەتایبەتی قسەکردن لەسەر حاجی قادری کۆیی و حەمەغا، کە ناوبراو چۆن ڕوانیویەتی و بۆچوونەکانی لەسەر ئەمانە خستۆتەڕوو.

ئەم توێژینەوەی کە لەسەر مەسعوود محەمەد کراوە، دڵۆپێکە لە دەریایەک لە چوارچێوەی نووسینەکانیدا، چونکە ئەگەر بمانەوێ بەتەواوی لە مەسعوود محەمەد و نووسینەکانی


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بگەین، پێویستمان بەدەیان توێژینەوەی هاوشێوەی دیکە لەهەیە، لەسەر نووسینەکانی.

هیواردارم، ئەم کارە خزمەت بە کتێبخانەی کوردی بکات و کەلێنێکی بچووک پڕبکاتەوە و خوێنەران لێی ڕازی بن. لە کۆتاییدا دەڵێم: لە کەموکوڕییەکان ببورن، چونکە کاری تەواو و بێ هەڵە تەنیا بۆ خوداوەندە.

زامدار ئەحمەد

کۆیە

پوشپەڕی ٢٠١٦

# بەشی یەکەم
# ژیان و بەرهەمی مەسعوود محەممەد

## باسی یەکەم
## ژیاننامەی مەسعوود محەممەد

## باسی دووەم
## پێوەندی کۆمەڵایەتی مەسعوود محەممەد

## باسی سێیەم
## بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشی یەکەم: ژیان و بەرهەمی مەسعوود محەممەد

### باسی یەکەم: ژیاننامەی مەسعوود محەممەد

ناوی، مەسعوود کوری مەلا محەممەد[(١)] کوری مەلا عەبدوڵڵا کوری مەلا ئەسعەد کوری مەلا عەبدولرەحمان کوری مەلا عەبدوڵڵا کوری مەلا محەممەد کوری مەلا ئیبراهیم کوری شێخ حەسەنە[(٢)]. پێنج پشت لە باپیرانی مەسعوود، بە جەلیزادە ناسراون، بەڵام پشتی شەشەم نازناوی کاکی جەلیان هەبووە، نەک جەلیزادە، بنەماڵەکەیان لەسەردەمی باپیرە گەورەیان مەلا برایم کوری شێخ حەسەن لە ناوچەی بێگەلاسی دەڤەری پشدەرەوە هاتوون بۆ گوندی شیواشان، لەدواتردا بۆ کۆیە[(٣)].

مەسعوود محەممەد، لە ساڵی (١٩١٩) لە هاوینەهەواری چنارۆک، چاوی بە دونیا بۆتەوە، ئەگەرچی ڕۆژی لەدایکبوونی

---

[(١)] مەلا محەممەد: مەلا محەممەدی جەلی زادە ناسراو بە مەلای گەورەی کۆیە لە ساڵی ١٨٧٦ لەکۆیە لەدایکبووە، زانایەکی ئاینی جیهانی ئیسلامیە، مرۆڤ دۆست و کوردستان پەروەر بووە، لە بواری کۆمەڵایەتی، ئاین، ئەدەب، شیعردا بە کوردی و عەرەبی بەرهەمی شاکاری هەیە. بە ناوبانگترینیان تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، کە لە دە ساڵی پێش کۆچ کردنی سەرقاڵی بووە. لە ڕۆژی ١٢-١٠-١٩٤٣ لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالخالق علاءالدین: مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی منارە، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٥، ١٦، ١٧، ١٧١.

[(٢)] مەسعوود محەممەد: گەشتی ژیانم، چ٣، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، ل ٣، ٤.

[(٣)] هـ.س، ل ٤.

تۆمارنەکراوە، تەنیا ئەوەندە دەزانرێ کە ئەو کاتەی لەدایکبووە، کۆتایی وەرزی هاوین و کاتی ترێ و مێوژ بووە. برایەکی بەناوی فارووق و چوار خوشکی بە ناوەکانی نەجیبە و ئیقلیمە ئەدیبە و سوڕەیا هەبووە. تاڕادەیەک ژیانی ناوبراو لە منداڵانی تر جیاواز بووە و هەستی لەخۆبایی بوونی هەبووە[1]، چونکە لە بنەماڵەیەکی دیندار و دەوڵەمەند ژیاوە، ئەوەی ویستوویەتی بۆی کراوە، ئەڵبەتە ئەمە بەهۆی باوکییەوە بووە[2].

مەسعوود محەممەد لەساڵی (١٩٢٥) ساڵێک بەر لە وادەی یاسایی خۆی لەگەڵ نەجیبەی خوشیکیدا چۆتە فێرگە، بەڵام ئەو ساڵە واز لەخوێندن دەهێنێ و ناچێتەوە فێرگە، لە دواتردا و لە ساڵی (١٩٢٦) مەسعوود محەممەد جارێکی تر دەچێتەوە فێرگە و لە پۆلی یەکەمدا دەخوێنێ و قۆناغی سەرەتایی لە شاری کۆیە تەواو کردووە[3] بەمەبەستی خوێندنی ناوەندی چۆتە شاری هەولێر و لە ماڵی مەلا ئەفەندی هاوڕێ و دۆستی باوکی لەگەرەکی باداوە ماوەتەوە، لەگەڵ عیززەددینی کوری مەلا ئەفەندی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەیەکەوە بوونە. لەو ماوەیەدا سەرقاڵی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بووە، لە ساڵی

[1] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٢٥، ٣١، ٢٤، ٢٧.
[2] هـ.س، ل ٢٦، ٣٣.
[3] هـ.س، ل ٨٧، ٨٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

(١٩٣٩) لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووە[(١)]، ئەڵبەتە زۆر تەنبەڵ بووە، ئەو ساڵە لەخوێندن ماوەتەوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ وازی لە فێرگە هێناوە، لەپاشان، بڕیاری چوونەوە بۆ فێرگە دەدات و تاقیکردنەوەی دەرەکی لە شاری هەولێر دەکات، تێیدا کۆ نمرەی حەفتا و پێنج بەدەست دەهێنێ[(٢)].

لەدوای خوێندنی ئامادەیی بڕیار دەدا بچێتە زانکۆی بەغداد و لە بەشی حقوق-ماف بخوێنێ، لە ساڵی (١٩٤١-١٩٤٢) بەدواوە بۆ ماوەی چوار ساڵ لە بەغداد دەمێنێتەوە و لەگەڵ دڵداری شاعیر بەیەکەوە دەخوێنن، لە قوناغی سێیەمی خوێندنی، مەلای گەورەی باوکی تووشی نەخۆشی نەزیفی مەعیدە دەبێ و کۆچی دوایی دەکات، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤ بەسەریەوە بەجێدێڵێ. بەهەرشێوەیەک بێ، ساڵی (١٩٤٥) لە بەغداد خوێندن تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە شاری کۆیە، بەڵام مەسعوود زۆر حەزی لە کاری ماف ناسی نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا پێی شەرم بووە، لەبەرانبەر کاردا چیاوگ وەربگرێ، چونکە لە بنەماڵەکەیان شتی لەم شێوەیە نەبووە، بەڵکو بەخۆبەخشی کارکراوە[(٣)].

---

[(١)] لەو سەردەمدا، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی پێنج ساڵ بووە، واتە لە پۆلی پێنجەمەوە فێرخواز دەچووە زانکۆ، مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، س.پ، ل ١٨١.

[(٢)] هـ.س، ل ١٣٧، ١٥١، ٢٠٨، ٢٠٩.

[(٣)] هـ.س، ل ٢١١، ٢٢٢، ٢٤٣، ٢٥١.

لەدوای گەڕانەوەی لە بەغدادەوە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە شاری کۆیە دەمێنێتەوە و سەرقاڵی خوێندنەوە و تێفکرین و خۆ دروست کردن بووە. تاکوو مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٥٢) لە سلێمانی دەبێ بە دادوەر و سەرپەرشتیی دادگای چوارتای کردووە[1] و بۆ ماوەی ساڵێک وەکوو دادوەر لە سلێمانی ماوەتەوە. لەدواتردا و لە ساڵی (١٩٥٣) وەکوو نوێنەری شاری کۆیە کاندید دەکرێ بۆ پەرلەمانی بەغداد و تێیدا سەرکەوتوو دەبێ، یەکەم وتاری لە ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر تووتن بەشێوەیەکی زۆر باش پێشکەش دەکات، کە سەرنجی سەرجەم ئامادەبووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ[2].

سروشت و ژینگەی و ژیانکردن لە چەند ناوچەی جیاواز، دونیابینی مەسعوود محەممەدی فراوان کردووە، چونکە لەلایەکەوە لەبنەماڵەیەکی تایبەت و خاوەن پێگە و کەسایەتی بووە، لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی (١٩٣٢)ەوە کە بەمەبەستی خوێندن چۆتە هەولێر و لەگەرەکی باداوە ماوەتەوە[3]، ئەمەش کرانەوەی دەرگایەکی نوێ و فراوانتر بووە، هاوکات مانەوەی بۆ ماوەی چوار ساڵ لە بەغداد، جیهانبینی و ڕوانگەی بۆ بابەتەکان گۆڕاوە، بەهۆی تێکەڵابوون لەگەڵ خەڵق گەلێک کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای

---

[1] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٢٦٥، ٢٥٥، ٢٦٧.

[2] هـ.س، ل ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٧.

[3] هـ.س، ل ١٥٢.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نـازی و شـیوعی بـوون، کە لەوکـاتەدا خەڵـک تێیـدا قـاڵ ببـۆوە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانی، لەلایەکی ترەوە، ئاشـنا بـوون بە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەم و پاشان بڵاوکردنەوەی نووسین و وتار لە گۆڤارە عەرەبییەکاندا[1].

بەشێوەیەکی گشتی لە دوای دەرچوونی لە زانکۆ، تێکەڵ بە دونیـــای سیاســـەت دەبـــێ و لە ســـاڵی (١٩٤٧) لەلایەن پـــارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە داوای ئەنـدامیەتی لێـدەکرێ و ئەویـش قبـوڵی دەکـات، بەبـێ پێرەوکردنـی ئەرکەکـانی حیـزب. ئەگەرچـی پێشـتر لە سـەرەتای سـاڵانی بەیەکەوە بـوونی دڵـدار و مەسـعوود محەمـمەد لە زانکـۆ، داوای دڵـداری شـاعیری ڕەتکـدەکاتەوە بـۆ ئەوەی پێوەندی بە پارتی هیواوە بکات. هاوکات، لەوسـەروبەندەدا لەلایەن ئەنـدامانی حیزبـی شـیوعییەوە هەوڵـدەدرا بـۆ ئەوەی مەسعوود محەممەد پێوەندیان پێوە بکـات، ئەویـش ڕازی نـابێ[2]. لەدوای چوونی مەسعوود محەممەد بـۆ بەغـداد، واز لە سیاسـیەتی کوردی دەهێنێ و دەڵێ لەهیچ ڕێکخستنێکی کوردی و کوردسـتانی کار ناکەم، تەنانەت پێشنیاری سکرتێری گشتی پارتێکی نەتەوەیی ڕەتکردەوە، کە لەلایەن ئازاد مستەفاوە بۆی کرابوو[3].

---

[1] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٢٢٣، ٢١٨.

[2] هـ.س، ل ٢٤٦ ،٢٥١، ٢٥٢.

[3] حوسێن محەمەد عەزیز: مەسعوود محەمەد و دوو دیداری دۆستانە، ب.ش.چ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٢.

مەسعوود محەمەد، بەتەنیا لەسەر ئاستی کوردستان کەسایەتیەکی ناسراو نەبووە، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەی عێراق بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی خاوەن کەسایەتیەکی دیار و ناسراو و خۆشەویست بووە و ئەستێرەیەکی درەوشاوەی سیاسی کورد بووە[1] بەشێوەیەک هەریەک لە عەبدولسەلام عارف لە عێراق و جەمال عەبدولناسر لە میسر، لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە مەسعوود محەممەدیان ناسیووە، لەدواتردا یەکتریان بینیووە و گفتوگۆیان کردووە. هاوکات دۆستایەتی و پێوەندی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم هەبووە و زۆر جار یەکتریان بینیووە. لەوماوەیەدا، عەبدولکەریم داوا لە مەسعوود دەکا بۆ ئەوەی ببێتە وەزیر لە وەزارەتی عەدل، بەڵام ناوبراو ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێ: (سیادة الزعیم) نامەوێ موخالیفی خایشتت بم زۆریشت سپاس دەکەم لەسەر لوتف و متمانەی پێم دەکەیت بەڵام ئەگەر بەخواییشتی خۆم بێت وەها بەباش دەزانم لە دەقی ئێستاکەمدا بمێنمەوە تا بتوانم بە ڕەهایی بجولێم. بەڵام لەپاشاندا و لەساڵی (١٩٦٤)لە نێو حکومەتدا دەبێتە وەزیری دەوڵەت[2] بۆ

---

[1] دیدار لەگەڵ فاروق مەلا محەمەد، برای مەسعوود محەمەد، لە هەولێر، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/١٩. فاروق محەمەد عەبدوڵڵا، ناسراو بە فاروقی مەلای گەورە، لە ساڵی (١٩٣٣) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، لەدوای خوێندن بووە بە مامۆستا، بۆ ماوەی چەندین دەیە مامۆستا بووە، لە ئێستادا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.

[2] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٣٢٥، ٣٢٨، ٣٤٢، ٣٥٠، ٢٦٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئـاوەدانکردنەوەی بـاکوور[1]. هەروەهـا جەمـال الـدین الالوسـی لە ڕۆژنامەی (الحریة) نـامەیەک بۆ مەسـعوود محەمـمەد دەنووسـێ و تێیدا سەرسامی خۆی بە بابەتەکانی و ئەو زمانەی پێی دەنووسـێ دەردەبڕێ[2].

مەسعوود لەسەرەتای خوێندنی زانکۆی لە بەغداد، سروشـت و ژینگەی بەغدادی بەلاوە خـۆش بـوو، چـونکە بەغـداد پـایتەختی عێـراقە و دانیشـتووانی زۆرە، دەشـتوانێ لە زۆر بـواری جیـاوازی مەعریفـی کاربکـات. بەتـایبەتی لەدوای بـوونە نـوێنەری کـۆیە و وەزیـر، بەهـۆی زۆری ئیشـەکانیەوە دەبـوایە بچێـتە بەغـداد، لەبەرئەوە لە ١٩٦٥/٥/١٣ لە کـۆیەوە بـۆ بەغـداد مـاڵی دەگـوازێتەوە[3] لەوێـدا درێـژە بەژیـانی ڕۆژانەی دەدات و بـۆ مـاوەیەکی زۆر نـزیکەی سـی و دوو سـاڵ لە بەغـداد دەمێنێـتەوە، تاکوو لە ساڵی (١٩٩٧) بەهۆی هەڵکشـانی تەمەنیـیەوە کە بەرەو هەشتا ساڵی دەچوو، مـاڵی دەهێنێـتەوە هەرێمـی کوردسـتان و لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێ[4].

---

[1] هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەممەدناسی، بڵاوکراوە لە ماڵپەری دەنگەکان
http://www.dengekan.info/dengekan/gshty/genaral ١٥٤٨٣/٣.html

[2] هـ.س.

[3] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٤٨.

[4] دیدار لەگەڵ فاروق مەلا محەممەد.

لەدوای مانەوەی بۆ ماوەی شەش ساڵ لە بەغداد، وردە وردە لە دونیای سیاسەت دوردەکەوێتەوە و تێکەڵ بە دونیای نووسین و مەعریفە دەبێ، بەتایبەتی کە لە ساڵی (١٩٧١) پێوەندی بە کۆڕی زانیاری کورد دەکات و شانبەشانی هەریەک لە عەلائەدین سەجادی، هەژار موکریانی، کەمال مەزهەر، سەرقاڵی تۆژینەوە و نووسین دەبێ[1] لەلایەکی ترەوە، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەبەردەوامی وتار لەسەر پرسی جیاواز دەنووسێ، هاوکات، زۆربەی کتێبەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد بڵاوکردۆتەوە و سەرپەرشتی لیژنەی پێداچوونەوەی زمان و ڕێزمانی کوردی دەکات[2] لەدوای پێنج ساڵ و لە ساڵی (١٩٧٦) دەبێتە جێگری کۆڕی زانیاری کورد[3] بەم شێوەیە لەگەڵ کۆڕی زانیاری کورد لەنووسین و پێداچوونەوە بەردەوام دەبێ.

مەسعوود محەمەد، پابەندی هیچ بنەمایەکی فکری فەلسەفی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێ[4]، ئەڵبەتە ئەمە بەنووسینەکانییەوە دیارە و لە چەند شوێن ئەمەی دووبارە کردۆتەوە و دەڵێ: (من کە عەبدی هیچ دۆگمایەکی قەرارادە نیم دەتوانم لە ترووکەیەکی چاودا واز لە باوەڕم بهێنم

---

[1] هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەمەد ناسی، س.پ.
[2] هـ.س.
[3] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ١٨٢.
[4] هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەمەد ناسی، س.پ.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کە بە بەڵگە پووچایەوە. من باوەڕم بە خزمەتکارم دەناسم نەک بە ئاغام. هاوکات دەڵێ: چەند بە ئاسانی لە تینوەتیدا ئاو دەخۆمەوە هەروەهاش بە ئاسانی واز لەو باوەڕەم دەهێنم کە بە بەڵگە دەپووچێتەوە با بە هەموو عومریشم ڕێزم لێی گرتبێ)[1] ئەمانە دەرخەری ئەوەنە کە پابەندی هیچ فیکرەیەکی دیاریکراو نەبووە و بەلایەوە ئاسایی بووە، ئەمڕۆ لە قسەی دوێنێی پەشیمان بێتەوە.

سەرنج بدەین، لە زۆربەی نووسینەکانیدا دەربارەی مارکسیزم و شیوعیە کوردەکان قسەی کردووە و بەتایبەت ڕەخنەی لە شیوعیەکان گرتووە، بڕوای وابووە بەهەڵە لە مارکس گەیشتوون، چونکە ئەورووپا وازی لە شۆرشی پرۆلیتاری هێناوە کەچی تازە بەتازە برا شیوعیە کوردەکان زیاتر و زیاتر لە پێشتووتر دەستیان لێوەگیر دەکەن[2].

مەسعوود محەمەد، کەسێک بووە، بەردەوام خۆی بە قەرزداری باوکی زانیووە و لەبارەیەوە وتوویەتی باوکم تاکە مرۆڤێک بووە، کە تەئسیری بێ سنووری لێم کردووە[3] و بۆتە هۆی دروست بوونی مەسعوود بەم شێوەیە، لەمنداڵییەوە کەسێکی

---

(1) مەسعوود محەمەد: مرۆڤ و دەوروبەر، بڵاوکراوەی سایتی مامۆستا، http://www.mamosta.net ل ١٢، ٣٠٤.

(2) هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەمەد ناسی، س.پ.

(3) مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٢٢، ٢٨.

ناز پێدراو بووە، ئەمەش وایکردووە لەنووسینەکانیدا کەسێکی بوێر و ڕاشکاو بێ و بەهیچ فەیلەسووف و نووسەرێک سەرسام نەبێ[1].

مەسعوود محەمەد، بەدرەنگەوە ژیانی هاوبەشی پێکدەهێنێ، لە تەمەنی چل و دوو ساڵی و لە پایزی ساڵی (١٩٦١) بڕیاردەدات ژیانی هاوبەش لەگەڵ خانمێک بەناوی نەجلە شێخ ڕەوف پێکبهێنێ و سەفەری (هەنگوینە مانگ)یان بۆ بەغداد کردووەو بۆ ماوەی دوو هەفتە ماوەتنەوە. لەماوەی ژیانیدا سێ منداڵیان دەبێ، دوو کوڕ بەناوەکانی (دەوەن و محەمەد) و کچێک بەناوی (بنار)[2].

ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ساڵانێکی بەبڕشت بوو بۆ مەسعوود محەمەد، چونکە بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسین و توێژینەوە بووە، بە شێوەیەک گۆشەگیر بووە[3] بەم شێوەیە بەردەوامی بەژیاندا تاکو ساڵانی سەرەتاکانی نەوەدەکان،

---

[1] ئازاد عەبدولواحید: دیالۆگ "چاوپێکەوتن و دیمانە لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەران و ڕووناکبیران"، ب ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٤٠٥، ٤١٧.

[2] دیدار لەگەڵ نەجلە ڕەوف، خێزانی مەسعوود محەممەد، لە هەولێر، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/٢٠. نەجلە ڕەوف سەعید، ناسراو بە نەجلەی شێخ ڕەوفی خانەقا، لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر لەدایک بووە، لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا و لە ساڵی ١٩٦١ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ مەسعوود محەممەد پێکهێناوە و خاوەنی سێ منداڵە. بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ واتە زۆربەی تەمەنی ژیانی لە بەغداد بەسەر بردووە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان و لەئێستادا لە هەولێر نیشتەجێیە.

[3] ئازاد عەبدولواحید: س.پ، ل ٤٠٥.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کە بارودۆخەکە گۆڕانکاری خراپی بەخۆیەوە بینی، چونکە عێراق تووشی بارودۆخێکی دژوار و ناهەموار هاتبوو، لە بەغداد، ژێرخانی ئابووری خراپ داڕما، بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان داخرابوون و بڵاونەدەکرانەوە[٢]. ئەمە وایکرد مەسعوود محەمەد لە ساڵی (١٩٩٧) شاری بەغداد بەجێبهێڵێ و بگەڕێتەوە باشووری کوردستان[٢] و تا ئەوکاتە کاریگەری شەری ناوخۆ مابوو.

هەفتەنامەی هاوڵاتی لە ژمارەی یەکەمیدا، لە نۆزدەی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٠)، دیدارێکیان لەگەڵ مەسعوود محەمەد سازکردووە، کە تێیدا مەسعوود محەمەد لەسەر زۆر پرسی کوردستانی و عێراقی قسە دەکات. لەوەڵامی پرسیاری (مامۆستا دەتەوێ بڵێی سەرکردایەتی کورد خاوەنی گوتاری ناسیوناليستی نیە؟)دا دەڵێ:

(مامۆستا یارمەتیم بفەرموو خوا نەخواستە من ناڵێم مام جەلال نیەتی خراپە، بەڵام ڕووداوی سەد ساڵ پێش ئەو دەڵێم ڕەنگە پیاوێکی وەک مام جەلال بەهەموو جددیەتی خۆیەوە وا تێ بگات ئەوی ئەو لەسەر دەڕوات تاکە ڕێگەیە کە کورد دەگەیەنێتە نیازێک، ڕەنگە مەسعوود بارزانی بارزانێتی بەلاوە شتێکی گرنگ بێت، چونکە ئەمن دەزانم مەسعوود بارزانی زۆر خزمەتی بەری

[١] هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەمەد ناسی، س.پ.
[٢] دیدار لەگەڵ نەجلە ڕەوف.

بادینانی کردووە، برۆ تەمەشای دهۆک بکە، دهۆک چراخانە و لە هەولێر کارەبا نیە. کە قسەش دەکەم دەبێت ئەوەش بزانین هەرسێکمان ئێمە سەیر کەرین. قسەی ئێمە گوێزێک لەق ناکات، ئەوانەی کە دەست ڕۆیشتوون لە سیاسەت خاوەن بڕیارن)[1].

ئەمە وەکوو ڕەخنە لە مەسعوود بارزانی ئەژماردەکرێ و دەبێتە هۆی ئاژاوەنانەوە، داوا لە مەسعوود محەمەد دەکرێ، لە ماوەی چل و هەشت کاتژمێردا هەولێر بەجێبهێڵێت، لەبەر ئەوە بەناچاری هەولێر بەرەو سلێمانی بەجێدەهێڵێ و دەچێتە لەلای هاورێ نزیکەکەی کە (جەلال تاڵەبانی)یە، لە هوتێل ئاشتی دەمێنێتەوە و ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ[2]، هاوکات لەوێ دەڵێ: نایەڵن بەئارامی دابنیشم و مەسعوود بارزانی دوژمنمە، دوژمنی گەورەمە، لەگەڵی هەڵناکەم، مانەوەی مەسعوود محەمەد لە سلێمانی زۆر درێژە ناکێشێ و لەدوای سێ مانگ، لەلایەن فارووقی برایەوە دەبردرێتەوە هەولێر، ئەمەش دوای ئەوەدێ کە مەسعوود بارزانی لەدوای مەسعوود محەمەد دەنێرێ[3]. سەبارەت بەم

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعوود محەمەد، لەژێر ناونیشانی "پێش ئەوەی مەسەلەی کورد بکەوێتە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی دەبێ کوردەکە لەگەڵ یەکتر ڕێک بێت"، هەفتەنامەی هاوڵاتی: ژمارە یەک، یەک شەممە، ٢٠٠٠/١١/١٩، ل ٥.
[2] هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەمەد ناسی، س.پ.
[3] حوسێن محەمەد عەزیز: س.پ، ل ٢٨، ٢٩، ٣٥، ٣٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕووداوە محەممەدی کوری مەسعوود دەڵێ: باوکم تووشی نەخۆشی (ئەلزهایمەر) لە بیرچوونەوە بووە[1].

لەدوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، تامانگی شوباتی ساڵی (٢٠٠٢)، بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەردەبات، بەڵام نەخۆشی ڕێگە نادات مەسعوود محەممەد درێژە بەژیان بدات، لە ڕۆژی یەکی نیسانی (٢٠٠٢)دا، کاتژمێر (٦:٣٠) خولەکی ئێوارە، لەنەخۆشخانەی رزگاری[2] لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا بەیەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان کرد. بۆ ڕۆژی دواتر، تەرمەکەی هێنرایەوە شاری کۆیە، لە تەنیشت گۆڕی مەلای گەورەی باوکی و نەجیبەی خوشکی و بنەماڵەکەی لە گۆڕستانی دەروێش خدر، ئەسپەردە کرا[3].

---

[1] هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەممەد ناسی، س.پ.

[2] دیدار لەگەڵ نەجلە ڕەوف.

[3] دیدار لەگەڵ فاروق مەلا محەممەد.

## باسی دووەم: پێوەندی کۆمەڵایەتی مەسعوود محەممەد

### أ. پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی:

کەسی خاوەن هزر و بلیمەت، جیاواز لە خەڵقی تر، لەدوای مردنیان هەوڵدەدرێ یادەورییان بنوسرێتەوە و هەرچی زانیاری لەسەر ژیانی کەسەکە هەیە بیخەنەڕوو، بۆ ئەوەی خەڵقی پێ ئاشنا بێ و بکرێتە ڕێچکە و ئەزموون بۆ کەسانی تر، بەڵام مەسعوود محەممەد یادەوەری و ژیانی تایبەتی خۆی لە کتێبی (گەشتی ژیانم)دا خستۆتەڕوو و ئەرکی سەرشانی کەسانی دیکەی ئاسان کردووە. ئێمەش لێرەدا پێوەندی ناوبراو لەگەڵ دەوروبەری بەتایبەتی برا و خێزان و کچ و کوڕی باسدەکەین.

مەرج نییە، فەیلەسووف و بیریار و نووسەری بەتوانا، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کەسایەتییەکی پێشەنگ و تایبەتیان هەبێ. مەسعوود محەممەد، لەخێزانێکی تایبەت و ڕێز لێگیراو لەدایک بووە، خێزانەکەی جیاوازی هەبووە لە خێزانەکانی تر، بەتایبەتی لە ڕووی ڕۆشنبیری و پەروەردەیەوە، کە بە شێوەی میرات بۆ ئەو بنەماڵەیە ماوەتەوە. خاوەن دایک و باوکێکی دڵسۆز و میهرەبان بووە، لەبەرئەوە هەموویان بەیەکەوە زۆر بەتەبایی و خۆشەویستییەوە ژیاون و ڕێزی زۆری لەبراکەی و بەتایبەتی خوشکەکانی گرتووە[1] مەسعوود محەممەد کەسێک بووە کە خزم و دۆستانی خۆشویستووە و ڕێزی لە هەموویان گرتووە، هەر

[1] دیدار لەگەڵ فاروق مەلا محەممەد.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کەسێکیش سەردانی ماڵەکەی کردبووایە، زۆر دڵخۆش دەبوو و بەیەکەوە کاتێکی خۆشیان بەسەردەبرد. ئەگەرچی خۆی زۆر بە کەمی لە ماڵەوە دەچووە دەرێ بەتایبەتی بۆ سەردانی خزم و دۆست و ناسیاوەکانی، ئەمەش زیاتر بەهۆی نووسین و تێفکرانی بووە، بەشێوەیەک تێیدا گۆشەگیر بووە[1].

مەسعوود محەممەد، پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ فارووقی برای هەبووە ئەگەرچی چواردە ساڵ لەخۆی بچووکتر بوو، ئەو کاتانەی بەیەکەوە دادەنیشتن و گفتوگۆیان دەکرد، زۆر ڕێزی لێدەگرت و بە وردی بابەتەکانی بۆ شیدەکردەوە و وەڵامی لۆژیکی و ئەقڵانی دەدایەوە. تەنانەت لەسەر پرسە هەستیارەکانیش گفتوگۆیان کردووە، ئەگەرچی لەنێو کۆمەڵگەدا قسەکردن و پرسیارکردن لەسەر ئەو پرسانە جێگای قبووڵ نەبووە[2].

مەسعوود محەممەد لە تەمەنی هەشتا و سێساڵیدا ژیانی هاوبەش پێکدەهێنێ و جیاوازی نێوان خۆی و نەجلە ڕەوفی خێزانی بیست و حەوت ساڵ بووە، ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە بۆ دوو کەس کە بەیەکەوە هاوژیان بن. بەبڕوای محەممەدی کوری مەسعوود محەممەد، نەدەبووایە باوکی بچێتە ناو ژیانی

---

[1] دیدار لەگەڵ نەجلە ڕەوف.

[2] دیدار لەگەڵ فاروق مەلا محەممەد.

هاوسەرگیرییەوە[1] ئەگەرچی نەجلەی خێزانی دەڵێ: پێوەندی لەگەڵمدا باش بووە، بەڵام پێمخۆش بوو پێوەندییەکەی باشتر بووایە. بەڵام، لەدوای هاتنە ژیانی منداڵەکانەوە، بایەخی پێ نەدەدان و نەیدەزانی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، لەکاتێکدا پێویستە باوک ئاگاداری منداڵەکانی بێ[2]، ئەڵبەتە یەکێک نەبووە، لە باوکە هەرە باشەکان[3] دەکرێ بڵێین مەسعوود محەمەد بیریارێکی گەورە و مەزن بوو، بەڵام باوکێکی گەورە و مەزن نەبوو[4] بەڵام ئەگەر بۆ ماوەی سێ مانگ عەسکەری کردبوایە، ئەوکاتە باوکێکی باشتر دەبوو[5].

هەژاری و دەست کورتی کاریگەری لەسەر ژیانی ئەو خانەوادەیە هەبووە، لەماوەی ژیانی بەیەکەوە بوونیان، هیچ

---

[1] ئا: هێمن خورشید-حەیدەر عەبدوڵڵا: بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد نەیانزانی مەسعوود محەممەد چی دەوێ و بۆچی وادەکا، (قامووسی ناوە نەمرەکان)، ب١، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٨٤٧.

[2] دیدار لەگەڵ نەجلە ڕەوف.

[3] ئا: هێمن خورشید-حەیدەر عەبدوڵڵا: س.پ، ل ٨٤٧.

[4] دیدار لەگەڵ بنار مەسعوود محەمەد، کچی ناوبراو، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/١٠/١٦. بنار مەسعوود لە ساڵی (١٩٧١) لە شاری بەغداد لەدایک بووە، دەرچووی بەشی ئاداب فەرەنسی زانکۆی بەغدادە، لە ساڵی (١٩٩٩( ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە، لەدوای دوو ساڵ چۆتە ئەمەریکا و بۆ ماوەی دە ساڵ لەوێ ماوەتەوە، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی دەزانێت و لە ئێستاشدا خاوەنی دوو منداڵە و لە بەیروت-لوبنان نیشتەجێیە.

[5] ئا: هێمن خورشید-حەیدەر عەبدوڵڵا: س.پ، ل ٨٤٧.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گەشتێکی لەگەڵ نەجلەی خێزانیدا نەکردووە و هاوشێوەی پیاو و باوکەکانی تر نەبووە، ئەگەرچی کەم دەچووە دەرەوە، بەڵام لەکاتی چوونەوە دەرەوەشی منداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا نەدەبرد، بۆ ئەوەی بە دونیادا بکرێنەوە[1]، ئەگەرچی ئەرکە، چونکە کە ژنی هێنا و منداڵی هێنایە دونیا، دەبێ پێیانەوە پابەند بێ[2].

ئەڵبەتە نەبوونی پێوەندی دۆستانە و هاوڕێیانە لەنێوان مەسعوود محەممەد و منداڵەکانی بەشێکی پێوەندی بە تەمەنەوە هەبووە، کە درەنگ ژنی هێنا و توانا و تاقەتی نەمابوو، جیاوازی نێوان بنار و باوکی پەنجا و دوو ساڵ بووە، ئەڵبەتە هاوڕێیەتی نێوان ئەو دوو تەمەنە زۆرە، ئاسان نەبووە، لەلایەکی ترەوە، ئەو کوڕی گەورەی مەلای گەورە بووە، دەبوایە زیاتر ڕێز و تەقدیری بۆ دابنرێ ئەمەش زۆر خۆش نەبوو[3] هاوکات، لەماڵی باوکی لەلایەن ئامۆزا و خوشک و ئافرەتی دیکەوە زۆر ڕێزی لێدەگیرا و خۆیان بە قوربان دەکرد و بەردەوام خزمەت دەکرا، ئەو خزمەتکردنە وای لە مەسعوود محەممەد کردووە، کە کەسێکی دڵ ناسک[4] و خۆ بەگەورە زانی لێدەربچێ[5].

---

[1] دیدار لەگەڵ نەجلە ڕەوف.

[2] ئا: هێمن خورشید-حەیدەر عەبدوڵلا: س.پ، ل ٨٤٧.

[3] دیدار لەگەڵ بنار مەسعوود محەممەد.

[4] ئا: هێمن خورشید-حەیدەر عەبدوڵلا: س.پ، ل ٨٤٧.

[5] دیدار لەگەڵ بنار مەسعوود محەممەد.

لەماڵەوە باوکێکی باش نەبووە بۆ منداڵەکانی، بەڵام کەسایەتی و قسە و هەڵوێستەکانی باوکی کاریگەری لەسەر محەمەد هەبووە[1] ئەڵبەتە کاتی خۆی، مەسعوود محەمەد ویستوویەتی محەمەد وەکوو نەوەی مەلای گەورە بناسرێ و کەسێکی بەدیارەوەبێ[2]. ئەو کەسایەتییەی کە ئێستا بنار هەیەتی، لە فەلسەفە و بیکردنەوەی و شێوازی تێفکران و هیوایەتەکانی کاریگەری باوکییەتی بەسەرییەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵیدا ژیاوە و لە هەموو قسەکانی سووی وەرگرتووە[3].

---

[1] ئا: هێمن خورشید-حەیدەر عەبدوڵڵا: س.پ، ٨٤٤.

[2] دیدار لەگەڵ فاروق مەلا محەمەد.

[3] دیدار لەگەڵ بنار مەسعوود محەمەد.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ب. پێوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی:

مەسـعوود محەمـمەد، جیـا لەوەی پێوەنـدییەکی تـایبەتی لەگەڵ کـوڕ و خێـزان و بـرای هەبـووە، بەهەمـان شـێوە لەگەڵ هاوڕێکانیشی پێوەندی تایبەتی هەبووە، لێرەدا باس لە پێوەندی خۆی لەگەڵ هاوڕێکانی لە زاری خۆیانەوە دەخەینەڕوو. ئەگەرچی هاوڕێکـانی قسـەکردن لەسـەر مەسـعوود محەمـمەد بە سـەخت و قورس ناودەبەن.

وەکوو وتمان مەسعوود محەممەد، کەسێکی جیاواز بووە، نەک بەتەنیا لە بواری نووسین و بیرکردنەوە و ڕامان. بەڵکو لە پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوڕێیانیشیدا پێوەندییەکی زۆر قوڵ و فراوانی هەبووە، بەشێوەیەک ئەو لەنێو پیاو ماقووڵ و گەورە پیاوانی کورددا فەیلەسووف و لووتکەیەک بووە و بە پەنجەی دەست ئاماژەی پێکراوە [1] و لە کەسانی دیکە جیاواز بوو.

[1] دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٧/٢٣. عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لە ساڵی (١٩٣٨) لە گوندی سیسێری سەر بە شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، بۆ ماوەیەک مامۆستا "مەلای ئاینی" بووە، هاوکات لە ساڵی (١٩٥١) پێوەندی بە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردووە و هەموو پلەکانی نێوی حیزبی بینیووە، تەنانەت بۆ ماوەی دوو خول سکرتێری گشتی حیزب بووە و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا لەبواری ڕۆشنبیریدا جێ پەنجەی دیارە و چەندین کتێبی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی. لە ئێستادا لە شاری کۆیە نیشتەجێیە.

کەسێکی قسە خۆش و مەشرەف خۆش بوو[1] لە دانیشتن و گفتوگۆی ئاساییدا. مرۆڤێکی دڵخۆشکەر بووە، مێزگری لەسەرخۆ و بەچێژ بوو[2] و تووڕە نەبووە[3] بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە لەگەڵی

[1] دیدار لەگەڵ حەمەی مەلاکەریم، هاوڕێی مەسعوود محەمەد، لە سلێمانی، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/١٢. محەمەدی مەلا کەریم، کوری مەلا عەبدولکەریم مودەریسە، لە ساڵی (١٩٣١) لە ناحیەی بیارە-هەورامان، سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لەدایک بووە، بۆ ماوەیەک لە حوجرەدا خوێندویەتی و زانستەکانی نەحوو سەرف و شەرعی لای باوکی خوێندووە. لە ساڵی (١٩٥٢)ماڵیان گواستۆتەوە بۆ سلێمانی و بەهۆی بەشداری کردنی لە سیاسەتدا، چەندین ساڵ بەند و زیندانی دەکرێ. ناوبراو نزیکەی سی کتێب و نامیلەی بڵاوکردۆتەوە و خۆی و بنەماڵەکەی ڕۆڵی گرینگیان هەبووە بەتایبەتی لە ساغکردنەوەی دیوانە شیعرییەکان. ئێستادا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

[2] دیدار لەگەڵ ئەکرەم خامۆش، هاوڕێی مەسعوود محەمەد، لە کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/١١/١٣. شاعیر و ئاوازدانەر خامۆش لە ساڵی (١٩٤٨) لە شاری کۆیە لە دایک بووە، خاوەنی دەیان توێژینەوەی زانستی و ڕەخنەی ئەدەبی و نووسینە لە بواری هوونەری ئەدەبی، لە ژمارەیەکی زۆر لە بڵاوکراوەکانی کوردستان و وڵاتانی ئەسکەندەناڤی بابەتی بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە و تاکوو ئێستا بەردەوامە.

[3] دیدار لەگەڵ کەمال مەزهەر، هاوڕێی مەسعوود محەمەد، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/٩. مێژوونووسی کورد، پرۆفیسۆر دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە ساڵی (١٩٣٧) لە ناحیەی ئاغجەلەری سەر بە قەزای چەمچەماڵ لەدایک بووە، ژمارەیەک کتێب و توێژینەوەی ئەکادیمی بە زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوکردۆتەوە و تاکوو ئێستا چەندین بەڵگەو دۆکیۆمێنتی پڕبایەخی لە کتێبخانە و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی جیهان دۆزیوەتەوە کەهەموویان خزمەت بە دۆزی ڕەوای کورد دەکەن. لە ئێستادا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئاشنا نەبوایەی بەکەسێکی بەسام و بەهەیبەت و تەنانەت کەمێک خۆبەزلزانیش دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا بەمشێوەیە نەبوو، ئەگەر دەرفەتت بۆ بڕەخسابوایە و لە مەجلیسیدا دانیشتبوایەی، ئەو وێنایەی کە لەبەرچاوت بوو، (١٨٠) پلە پێچەوانە دەبۆوە، کە حەزت دەکرد کاتژمێر و ڕۆژەکان درێژ و درێژتر ببنەوە. دەتوانم بڵێم هیچ کەس لە هاونشینیی مەسعوود محەممەد تێر نەبووە و بە مرادی دڵ نەگەیشتوە[١].

لە نێو زانایانی ئایینی و ئەدیبان و ئەدەب دۆستاندا جێنشینێکی شیاوی باوکی خۆی مەلای گەورە بوو[٢] و کەسێکی هێندە زیرەک و بلیمەت بووە، کە قسەکردن لەسەری ئاسان نییە و سەختە[٣]. مەسعوود محەمەمەد کەسێک بووە کە سەفا و ڕاستگۆیی و متمانەی بە هاوڕێکانی دەبەخشێ[٤].

مەسعوود محەممەد بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە کۆڕی زانیاری کورد بووە، لەوێشدا پێوەندی دۆستایەتی باشی لەگەڵ هاوڕێکانی هەبووە و لەگەڵ هەموو کارمەند و کرێکارەکانی ئەو دەزگایە هاوڕێ بووە، ئەڵبەتە شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی کۆڕی زانیاری، بەشێوەیەک هەموو بەشەکانی کۆڕ

---

(١) دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

(٢) هـ.س.

(٣) دیدار لەگەڵ حەمەی مەلاکەریم.

(٤) دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

وەک کاتژمێر کاریان دەکرد، بەردەوام جموجۆڵ هەبوو و هەموو ساڵێکیش کۆڕ پێشکەوتنێکی تازەی بەخۆیەوە دەبینی، ڕەنگە بەدەگمەن هەڵکەوتبێ بەڕێوەبەرێک ئەوەندە بێ فیز و خۆمانە لەگەڵ هاوکارەکانی بجووڵێتەوە، بەوحاڵەش ئەوەندە هەیبەتی هەبێ و ڕێزی لێ بگیرێ[1] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕۆژانەی کە کاریان زۆر بووایە، لە کۆڕ دەمایەوە تاکوو کارەکانی تەواو دەکرد، لە پاشان دەگەڕایەوە بۆ ماڵ[2].

ئەگەرچی مەسعوود محەمەد زیاتر سەرقاڵی نووسین و تێفکران بووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە لەگەڵ هاوڕێکانی پێوەندی نزیکایەتی نەبووە، بەڵکو زۆر جار بەمەبەستی زیاتر گفتوگۆکردن و دانیشتن لەگەڵ خۆشەویستەکانی، هاوڕێکانی بەتایبەتی شوکور مستەفا و ئاوڕەحمانی حاجی مارف و کەمال مەزهەر و عەبدوڵڵا حەسەن زادە و حەمەی مەلا کەریمی بانگهێشتی چێشتخانە دەکرد و داوەتی دەکردن و بەخۆشی هاوڕێکانیەوە دادەنیشتن. تەنانەت لە لەماڵی تایبەتی خۆی میوانداری هاوڕێکانی دەکرد[3] مەسعوود محەمەد لەوانی دیکە جیاواز بوو[4].

(١) دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.
(٢) دیدار لەگەڵ حەمەی مەلاکەریم.
(٣) دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.
(٤) دیدار لەگەڵ حەمەی مەلاکەریم.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەگەر دووجار ڕووبەرووی مەسعوود محەممەد بویتایەوە، یاخوود نوسینەکانیت خوێندبوایەوە، حەزت دەکرد، دۆستایەتی و پێوەندی لەگەڵ دروست بکەی، چونکە بەهەموو شێوەیەک سوودت لێ دەبینی، لەوە گرینگتر ئەوە بوو (کە هزری زۆر بەهێز بوو، بۆ نموونە کەسێکی دەبینی و قسەی لەگەڵ دەکرد، ڕاستەوخۆ ئەو کەسە لە هزری دەمایەوە، ئەگەر لەدوای چەندین ساڵ ڕووبەرووی یەکدی بوونایەوە، ڕاستەوخۆ دەیناسییەوە و دەیزانی پێشتر دەربارەی چی قسەیان کردووە)[٢].

لە دوای گەڕانەوەی مەسعوود محەممەد لە بەغدادەوە بۆ هەرێمی کوردستان تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەڕوا، بەڵام بەهەمان شێوە لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانی و ئەو کەسانەی کە سەرسامن پێی، بە جوانترین و پاکترین دیمەنەکانی دۆستایەتی و هاوپشتیدا بەردەوام دەبێ[٢] بەتایبەتی لەگەڵ کەسانی ڕۆشەنبیر و خوێنەر و

[١] دیدار لەگەڵ عەبدولرەزاق بیمار، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/٢٤. عەبدولرەزاق حەمەد ساڵح، ناسراو بە عەبدولرەزاق بیمار، لە ساڵی (١٩٣٦) لە قەزای کۆیە لەدایک بووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردی زانکۆی بەغداد بەدەستهێناوە و خاوەنی چەندین کتێبە دەربارەی زمانەوانی کورد و شانۆیی و هەڵبەست و شیعر، هاوکات کتێبی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە ئێستادا لە شاری کۆیە نیشتەجێیە.

[٢] دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

خەڵقی ئەکادیمی و خاوەن هزر بەکارهاتوو. لە هەمانکاتدا پیاوانی سیاسی و سەرکردایەتی حەزیان بە هاوڕێیەتی دەکرد[1].

عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێ: (مەسعوود محەممەد یەکێکە لەو کەسانەی کە گەورەن و پێویستی بە نازناو نییە. بەشێوەیەکی گشتی خەڵق مەسعوود محەممەدی خۆش دەویست، لەبەرئەوەی کوری مەلای گەورە بووە، هاوکات بەهۆی بەتوانایی و زیرەکی و بۆچوونە هەق و ڕاستییەکانی خۆیەوە بوو)[2] تەنانەت کەسێکی وەکوو خوسرەو جاف بڕوای وایە، ئەگەر بە مەسعوود محەممەد بە ڕەگەز کورد نەبووایە، هەر میللەتێکی تر بووایە، بێ یەک و دوو خەڵاتی نۆبڵی پێدەبەخشرا[3]. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵقانێک هەبوون کە خۆشیان نەدەویست، ئەمەش بەهۆی

[1] دیدار لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیمار.

[2] هـ.س.

[3] دیدار لەگەڵ خوسرەو جاف، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە هەولێر، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/١٥. خوسرەو جاف، یەکێک بووە، لە هاوڕێکای مەسعوود محەممەد، لە ساڵی (١٩٤٥) لە قەزای کەلار لەدایک بووە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بیناسازیدا، لەبواری بیناسازیدا شوێن دەستی دیارە و گەورەترین خەڵاتی ڕۆشنبیری عێراقی پێ بەخشراوە، بەناوی قەڵغانی جەواهیری کە تا ئێستا بە کەس نەدراوە. لەدوای ڕوخانی سەددام حوسێن، لە خوولی یەکەم و دووەمدا ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە، لە بەغداد. خاوەنی حەفتا و سێ کتێبە لە بواری جیاواز، لە ئێستادا خانەنشینە و لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نووسینەکانیەوە بوو، بەتایبەتی کاتێک کە ڕەخنەی لە شیوعیە کوردەکان گرت و وتی بەهەڵە لە مارکسیەت گەیشتوون[1].

[1] دیدار لەگەڵ حەمەی مەلاکەریم.

## باسی سێیەم: بەرهەمەکانی مەسعوود محەممەد

### أ. کتێبەکان:

مەسعوود محەممەد، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نوسینەکانی خۆی، بە شێوەی کتێب و وتار بڵاوکردونەتەوە. وەکوو لە پێشتردا باسمان کرد، ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بووە لە بەغداد، بۆیە زۆربەی کتێبەکانی لەوێدا بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین تەنیا ئەو نووسینانەی بخەینەڕوو و بەخوێنەرانی ئاشنا بکەین، کە بەشێوەی کتێب بڵاوکراوەتەوە.

### یەکەم: کتێبە ئەدەبییەکان

مەسعوود محەممەد، لە ماوەی تەمەنی ژیانیدا لە زۆر لایەنەوە نووسیویەتی، یەکێک لەو لایەنانە گرینگیدان بووە بە بابەتی ئەدەبی، بەتایبەتی بایەخدان بە شاعیرانی کورد لەوانە حاجی قادری کۆیی و نالی، کە بەشێوەیەکی زۆر ورد و ڕوون بابەتەکانی لەسەریان نووسیوە و شرۆڤەی کردوون.

#### ١- حاجی قادری کۆیی

کتێبی حاجی قادری کۆیی، لە سێ بەرگ پێکهاتووە، هەر بەرگێک لەکاتی جیاواز نووسراوە، بەرگی یەکەمی لە ساڵی (١٩٧٣)، بەرگی دووەمی لە ساڵی (١٩٧٤) و بەرگی سێیەمی لە ساڵی (١٩٧٦)دا لەکۆڕی زانیاری کوردیدا بڵاوکردۆتەوە، ئەڵبەتە، بەرنامەی نووسینی بەرگی چوارەم و پێنجەمی کتێبی حاجی


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

قـادری کـۆیی هەبـووە، بەڵام دەرفەت نەبـووە و ڕێک نەکەوتـووە بینووسـێت. مەسـعوود محەمـەد لەم کتێـبەدا بەووردی باسـی شاعیری کورد حاجی قادر دەکات، هەوڵیداوە ئەزمونی ژیانی ئەم شـاعیرە بە شـێوەیەکی زنجیـرە بخـاتەڕوو، بە پشـت بەسـتن بە چەندین بەڵگەنامە و بەراوردکردنی نێوان زانیارییەکـان ئەم کـارەی ئەنجامـداوە. ئەڵـبەتە لە هەنـدێ شـوێندا لە باسـی حـاجی قـادر لادەدات و چەنـد باسـێکی تـری هزریـی و فەلسـەفی و مێژوویـی دەخاتەڕوو.

## ٢- چەپکێک لە گوڵزاری نالی

کتێبی چەپکێک لە گوڵزاری نالی، ساڵی (١٩٧٦) لە کـۆڕی زانیـاری کـورد بڵاوکـراوەتەوە، مەسـعوود محەمـەد لەم کتێـبەدا گـوزەری بەنێـو شـیعرەکانی نالیـدا کـردووە و دەردەکەوێ کە خۆشەویستی و خەم خۆری زۆری بۆ نالی و شیعرەکانی هەبـووە، کە زۆر لایەنی گرنگ و کەم باسکراو دەخـاتە بەربـاس و شـرۆڤەی دەکات، هەروەها سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی و مـردنەکەی کە دەوترێ لە ساڵی (١٨٠٠-١٨٥٥) هاتۆتە دونیا[١]، بۆچوونی جیاواز سـەبارەت بەم سـاڵانە دەخـاتەڕوو. لەگەڵ ئەوەدا، لەلایەن پەیجورانی ئەدەبییەوە، هەندێ جار بە نالیناسی ناودەبرێ بەهـۆی شارەزایی و وردبوونەوەی لە نالی.

[١] چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چاپخانەی ئاراس، چ ٣، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٠.

### ٣- دەستەو دامانی نالی

کتێبی دەستەو دامانی نالی، لە ساڵی (١٩٩٧) لە ستۆکهۆڵم-سوید بڵاوکراوەتەوە، لەپێشتر ئاماژەمان بە کتێبی چەپکێک لە گوڵزاری نالی کرد، کە لەسەر نالی بەوردی و دەدوێت. مەسعوود محەممەد لەدوای بیست و یەک ساڵ جارێکی تر خامەکەی بۆ نالی بەگەرخستۆتەوە، ئەمەش گوزارشتە لە گەورەیی و بلیمەتی نالی کە مەسعوود محەممەد لەدوو کاتی جیاواز سەرقاڵی نووسین و وردبووونەوە بووە لێی، تەنانەت شەرحی بۆ زۆربەی شیعرەکانی کردووە.

### دووەم: کتێبە زمانەوانییەکان

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە مەسعوود محەممەد بایەخی پێداوە و لە نووسینەکانیدا تێیدا قووڵ دەبۆوە، بابەتی زمان و زمانەوانی و وشەسازی بە هەموو جۆرەکانییەوە بووە، کە بەشێوەیەکی زۆر ورد، ئەمەش پشوودرێژی ناوبراو نیشاندەدا نووسیویەتی. بەمەش خزمەتێکی زۆری بەزمانی کوردی و ڕەگەزەکانی کردووە.

### ١- وردبونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی

کتێبی وردبونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، لە پێشەکیەک و دوو گوتاری درێژ پێکهاتووە کە ساڵی (١٩٧٤) لە کۆڕی زانیاری کورد بڵاوکراوەتەوە، لە گوتاری یەکەمدا زۆر


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەوردی بـاس لە بەکارهێنـانی (ی) دەکـات لە زمـانی کـورد[1]، تەنـانەت بەراوردکـاری لەنێـوان بەیتـی عەلـی بەردەشـانی و هەڵبەستەکانی کـوردی و نـاڵی و حـاجی قـادر دەکـات. گوتـاری دووەمیشی بەناونیشانی سوورێکی خامە بە دەوری ڕانـاوادا[2]، لەم بەشەشـدا زۆر بەوردی و ڕوونـی باسـی زۆربەی ڕەگەزەکـان دەکـا، بەتایبەت لە ڕاناو.

## ٢- چەند حەشارگەییەکی ڕێزمانی کوردی

کتێبـی چەنـد حەشـارگەییەکی ڕێزمـانی کـوردی، لە سـاڵی (١٩٧٦) لەلایەن کۆڕی زانیـاری کـورد بڵاوکـراتەوە، کە بەشـێوەی ڕێنووسـی کـۆڕی زانیـاری نووسـرابوو[3]، ئەم کتێـبەش بـاس لە ڕێزمـان و زمـانەوانی کـوردی، بە نمـوونە دۆزینـەی دەسـتوور بـۆ وشە، لە بەراوردی (دەمگرن، دەیانگرتم)[4] هاوکات باسی ڕانـاوە لکاوە چالاکەکان لە نێوان تێپەر و تێنەپەری ڕابردوو دەکات[5].

---

[1] وردبـونەوە لە چەنـد باسـێکی ڕێزمـانی کـوردی، سـایتی مامۆسـتا http://www.mamosta.net ، ل ٢٩.

[2] هـ.س، ل ٧٧

[3] لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن سایتی مامۆستا http://www.mamosta.net بۆ ڕێنووسی ئێستا گۆڕدراوە.

[4] چەنـد حەشـارگەییەکی ڕێزمـانی کـوردی، سـایتی مامۆسـتا http://www.mamosta.net ، ل ٥.

[5] هـ.س، ل ١٠.

## ٣- بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی

کتێبی بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، لە ساڵی (١٩٧٨) لە کۆڕی زانیاری کورد بڵاوکراوەتەوە. مەسعوود محەممەد لێرەدا لەسەر زمانەوانی کوردی بەتایبەتی دەدوێ، بە نموونەوە باسەکان شیدەکاتەوە، لەڕووی ڕێزمانییەوە، شێوازی نووسین چۆنە و نووسین بەکام شێوازەیان، دروستە بەشێوەیەکی ئەکادیمی زانستی دەخاتەڕوو.

## ٤- چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی

کتێبی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی، لە ساڵی (١٩٨٢) لە لەلایەن کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بڵاوکراوەتەوە. مەسعوود محەممەد لەم نووسینەدا بە وردی گیروگرفتەکانی ئەلفوبێی کوردی دەخاتەڕوو و باسی وشە نیشاندارەکان واتە بزوێن و نەبزوێن، وشە سادە و دارێژراو و وشە ناسادەکان و ئامرازە لێکدەرەکان[١]، هاوکات باسی پیتە نیشاندارەکانی وەکوو (ڵ، ێ، ۆ)...هتد شرۆڤە دەکات[٢] و بەشێوەیەکی جوان لەخوێنەر دەگەیەنێت.

---

[١] چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی سایتی مامۆستا http://www.mamosta.net، ل ٤، ٥.

[٢] هـ.س، ل ٦.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### ٥- زاراوەسازی پێوانە

کتێبی زاراوەسازی و پێوانە، لە ساڵی (١٩٨٦) لەلایەن (گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ) بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە تایبەتە بە زمان و زمانەوانی کوردی، کە تێیدا باس لە وشەی دارێژراو و ناوی دارێژراو و وشەی لێکدراو دەکات[1] هاوکات باس لە وشەی لێکدراوی کار و ناو و وشەی لێکدراوی ناو و ناو دەکات[2]، لە هەندێ کاتیشدا، لەگەڵ باسکردنی وشە کوردیەکان وشەی عەرەبی بەکاردەهێنێ، بۆ زیاتر ڕونکردنەوە بە خوێنەران.

### ٦- زمانی کورد

کتێبی زمانی کورد، لەبنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (لسان الكرد) لە ساڵی (١٩٨٧) مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێدراوە، لەدواتردا لە ساڵی (٢٠٠٨) لەلایەن (حەکیم کاکەوەیس)ەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم بەرهەمە یەکێکی ترە لەو نووسینانەی مەسعوود محەمەد کە بەگشتی لەسەر زمان قسە دەکات، بە تەنیا زمانی کوردی نا، بەڵکو زمانی ئاڤێستا و زمانی مادەکان و زمانی فارسی کۆن و زمانی پەهلەوی، تاڕادەیەک بەراورد کاری لەنێوان زمانەکان کراوە.

---

(١) زاراوەسازی پێوانە، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٣، ١٣٥، ٢٤٩.

(٢) هـ.س، ل ٢٥٩، ٣٢٧.

## سێیەم: کتێبە هزریی و فەلسەفییەکان

یەکێــک لەو بابەتــانەی کە مەســعوودی محەمــمەدی زۆر پێناســراوە، بــابەتی هزریــی فەلســەفی بــووە، بەتــایبەت لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبی مـرۆڤ و دەوروبەری بە سـێ بەرگ، ئەڵـبەتە هەمــوو کەســێک توانــای خوێنــدنەوە و تێگەیشــتنی بەرهەمە فەلســەفی و هزرییەکــانی نیــیە، بەڵکــو خــوێنەرانی ڕێژەیەکــی دیاریکراوە.

### ١- مرۆڤ و دەوروبەر

کتێبــی مــرۆڤ و دەوربەر، ئەمەش یەکــێکە لە کتێــبە دانسقەکانی مەسعوود محەمـمەد کە خـوێنەری زۆر هەیە، مـرۆڤ و دەوروبەر لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی ساڵی (١٩٧٧) لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد و بەشی دووەمـی لە ساڵی (١٩٨٤) لە کۆڕی زانیـاری عێـراق و بەشـی سـێیەمی لە سـاڵی (١٩٩٩) لە سـوێد بڵاوکـراوەتەوە، لەمـاوەی بیسـت و دوو سـاڵدا ئەم کتێـبە نووســـراوە، لەو ژیـــنگە جیـــاوازەی ئەوکـــاتەی عێـــراق، بەڵام نووسینەکانی بەبـێ پچـڕانەوە و بەشـێوەی ڕیزبەنـدی بەدوایەکـدی نووســراوە، کە زۆر بــابەتی خســتۆتەڕوو، بەتــایبەتی ڕووانــگەی فەلسەفی خۆی بەرامبەر بە مرۆڤ و جیهـان باسـکردووە، هاوکـات سەبارەت بە مارکسیەت و تێگەیشتنی خۆی لەبارەیەوە نووسیووە.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ٢- هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا

کتێبی هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، لە بنەڕەتدا بەزمانی عەرەبی بە ناونیشانی (اعاده التوازن الى ميزان مختل) لە ساڵی (١٩٧٧) نووسراوە. لە ساڵی (٢٠٠٩) لەلایەن (حەکیم کاکەوەیس)ەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، لە پێش بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، (عەبدولستار تاهیر شەریف) لەسەر کتێبی (حاجی قادری کۆیی)ی مەسعوود محەمەد، نووسینێکی بڵاوکردەوە. لەدوای ئەوە کەسێکی نەناسراو بەناوی خوازراوی ئاسۆ، لەژمارە (٤٠٤)ی ڕۆژنامەی (العراق) گوتارێکی بەنێوی (حاجی قادر، شاعیری شۆرشگێڕ و پێشکەوتنخواز) بڵاوکردەوە[1] و لایەنگری عەبدولستار دەکات و هێرش دەکاتە سەر مەسعوود محەمەد و بە لایەنگری دەرەبەگ و ناشیرین کردنی حاجی قادر تۆمەتباری دەکات. لەم کتێبەدا مەسعوود محەمەد پێداگیری لە نووسینەکانی خۆی دەکات و بەم کتێبە وەڵامی کەسە نەناسراوەکە دەداتەوە[2].

[1] هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، ب.ش.چ، ٢٠١٤، ل٤.
[2] هـ.س، ل ٢٨.

## ٣- بۆ ئەمیری حەسەن پور لە هەرکوێیەک بێ

کتێبی بۆ ئەمیری حەسەن پور[1] لە هەرکوێیەک بێ، لە ساڵی (١٩٨٤) لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بڵاوکراوەتەوە. مەسعوود محەمەد، بەشێوەیەکی گشتی لەم کتێبەدا باس لە ژێرخانی ئابووری دەکات، ئەمەش وەکوو وەڵامێک بۆ بەشێک لە بۆچوونەکانی ئەمیری حەسەن پوور. ئەگەرچی هەندێ جار لە چەندین باسی تر دەکاتەوە بەتایبەتی مەسەلەی دەرەبەگایەتی، لەنێوان چینی خوێنمژ و خوێن مژراو.

## ٤- سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو

لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی نووسراوە بە ناویشانی (وجهة نظر فی التفسیر البشري للتاريخ) لە ساڵی (١٩٨٥) بڵاوکراوەتەوە. لە کوردی بە دوو شێوە ناوی ئەم کتێبە دێت هەم بەناوی (بۆچوونێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو) هەم (سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو) کە حەکیم کاکەوەیس لە ساڵی (٢٠٠٩) وەریگێراوەتە سەر زمانی کورد. ئەم کتێبە بەشێوەیەکی قووڵ باسکردنە لەمێژوو، کە پێی وایە چۆن

---

[1] ئەمیری حەسەن پوور، لە ساڵی (١٩٤٣) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان-شاری مهاباد لەدایک بووە، لە زانکۆی تاران خوێندویەتی، لە دوای ساڵی (١٩٧٢) وەکوو مامۆستا لە زانکۆی تاران، وانە بێژبووە، ساڵی (١٩٨٥) دەچێتە کەنەدا و لەزانکۆ وانە دەڵێتەوە، ساڵی (١٩٨٩) دەبێتە پرۆفیسۆر. حەسەن پوور، ئێستا لە ژیاندا ماوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Amir_Hassanpour


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەکرێ لە ڕووی ماتریالییەوە لێکدانەوە بۆ مێژوو بکرێ، بەهەمان شێوە دەکرێ لە ڕووی مرۆییەوە لێکدانەوە بۆ مێژووی بکرێ.

## ٥- بۆ گۆرباتشۆڤ[1]

کتێبی بۆ گۆرباشۆڤ، کە بە (بۆ گۆرباشۆڤی مەزن: لەگەڵ سڵاو و هیواخوازیدا) ناویشی دەهێنرێ، لەبنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی، بە ناونیشانی (الی العظیم غورباتشوف: تحیة ورجاء) لە ساڵی (١٩٨٨) بڵاوکراوەتەوە، لەدواتردا لە ساڵی (٢٠١٣)دا لەلایەن (حەکیم کاکەوەیس)ەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم کتێبە باس لە میخائل گۆڕباشۆڤ دەکات کە لەساڵی (١٩٨٥) بووە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت و تێیدا داوای گۆڕانکاری لە وڵات و دەستوور و پارتی کۆمۆنیست کردبوو. لەو کاتەدا مەسعوود محەممەد ئەم نامەیەی بۆ گۆرباتشۆڤ نووسی و تیایدا

---

[1] گۆرباشۆڤ، ناوی میخائیل گۆرباشۆڤە، لە ساڵی (١٩٣١) لە هەرێمی ستافرۆبول لە خێزانێکی جوتیار لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٥٢) چۆتە نێو پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتە و لەو کاتەوە پێوەندی بە دونیای سیاسەت دەست پێدەکات، لە ساڵی (١٩٥٥) کۆلێژی مافی تەواو کردووە. لە دواتردا لە ساڵی (١٩٨٨) لەجێگای گرمیکۆ بووە بەسەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت، لە ساڵی (١٩٩٠) بە سەرۆکی وڵات هەڵبژێدراوە. بە مەبەستی بەڕێوەبردنی وڵات گۆڕانکاری تێیدا، گۆرباشۆڤ تیۆری بیرسترۆیکای (پێداچوونەوە و بونیاتنانەوە) هێنایە کایەوە کە تیۆرێکی سیاسی و ئابووری گرینگی سەدەی بیست بوو، ئەمەش پێوەندی بەو قەیرانی دارایی ڕوسیاوە هەبوو. گۆرباشۆڤ تاکوو ئێستا لەژیاندا ماوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە یاسین صابر صاڵح: ئینسایکاڵۆپیدیای گشتی، چ٢، ب٣، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٧٧.

روانـگەی خـۆی لەبـارەی بەرنـامەکەی گۆرباتشـوفەوە و چۆنیەتی چاکسازی خستۆتەروو[١].

## ٦- پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ

کتێبی پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ- ڕەخنە و شیکردنەوە، لە بنەڕەتـدا بە زمـانی عەرەبـی بەناونیشـانی (بیریسـترویکا غورباتشـوف- نقـد وتحلیـل) بە دوو بەش لەسـاڵانی (١٩٨٩-١٩٩٠) بڵاوکـراوەتەوە، لەدواتـردا لەلایەن (حەکـیم کـاکەوەیس)ەوە لە سـاڵانی (٢٠١٣- ٢٠١٤) هەردوو بەشـی وەرگێـردراوەتە سـەر زمـانی کوردی. ئەم کتێبە درێژە پێدەری کتێبـی بـۆ (گۆرباتشـۆف)ە و یەک نـاوەڕۆکە، کە بـاس لە گۆرباتشـۆڤ دەکـات، بەڵام لەم نووسـینەدا بـاس لە گۆڕانکـاری و بونیاتنـانەوە لە سیسـتەمی سـۆڤییەتی دەکـات لەلایەن (گۆرباشـۆڤ)ەوە، کە دەیخـاتە بەر ڕەخنە و شیکردنەوە، هەروەها باسی سۆسیالیزم دەکات و دەڵـێ: لەمـاوەی ڕابـردوو سۆسـیالیزم نەیتـوانی سـاکارترین ئـازادی تـاکە کەسی بە خەڵک بـدا[٢]، لەڕاسـتیدا مەسـعوود محەمـەد نەیتـوانی تەواوی کتێـبەکە لەسـەر ئەم باسـە بنووسـێ چـونکە یەکێتـی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٩١)ڕووخا.

---

[١] بۆ کۆرباتشۆف، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زماننـاسی، ب.ش.چ، ٢٠١٤، ل ٦.
[٢] پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ، ب.ش.چ، ٢٠١٤، ل ١٩٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ٧- لە پەڕۆشیەکانی ژیان

کتێبــی لە پەڕۆشــیەکانی ژیــان، ئەمە یەکــێکە لەکتێــبە بەناوبانگ و پر خوێنەرەکانی مەسعوود محەممەد، ساڵی (١٩٩٧) لە ســتۆکهۆڵم-ســوید، بڵاوکــراوەتەوە. بەشــێوەیەکی گشــتی ئەم کتێبە باس لە فەلسەفەی ژیان و ژیانکردن دەکات، وردتر بــاس لە خەمەکانی نێو دەمارە وردەکـانی ژیـانە و تێیـدا شۆڕ دەبێـتەوە و هەزاران گرفتی پەکخەر دەدۆزێـتەوە، کە تـاکی ئاسـایی هەسـتیان پێ ناکات.

## ٨- کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟

کتێبی کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی بـۆچی بە شـێتخانە دەچـێ؟، لەبنەڕەتـدا بە زمـانی عەرەبـی بە ناونیشـانی (المجتمـع البشـري؟ لمـاذا يشـبة مستشـفي المجـانين؟) لە سـاڵی (١٩٩٩) لە هەولێـر بڵاوکــراوەتەوە، لەســاڵی (٢٠٠٩) و لە دوای دە ســاڵ حەکــیم کــاکەوەیس ئەم بەرهەمەی وەرگێــراوەتە ســەر زمــانی کــوردی. مەسعوود محەممەد لەم کتێبەدا، بەوردی لەسەر کۆمەڵگە و مرۆڤ دەدوێ، باسی کـورت بینـی و سەرشـێتی مـرۆڤ و سـەرگەردانی و پێوەندی نێوان خۆی و تاکەکانی بەرانبەری دەکات. هاوکـات بـاس لە لایەنــی ئەقڵــی مــرۆڤ دەکــات کە ســەرچاوەی هەرە زۆری رووداوەکانی جیهانن[1]، هەروەهـا بـاس لە مێـژووی تەواوی جیهـان

[1] کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی...؟ بـۆچی بە شـێتخانە دەچـێ؟، لە بڵاوکراوەکـانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٣٨.

کراوە، بە مێژووی کۆن و ناوەڕاست و نوێ و هاوچەرخەوە، واتە باسکردنەکانی بە نموونەی وڵاتانی جیهانی دەهێنێتەوە بەگوێرەی پێویست. لەگەڵ زۆر بابەتی تری گرنگ.

## چوارەم: کتێبی ژیاننامە و مێژوو

ئەگەرچی مەسعوود محەمەد کەمتر وەک مێژوونوس ناسراوە، ئەوەندەی وەک فەیلەسوفێکی شرۆڤەکاری مێژوو ناوی دەرکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە چەند کتێبێکدا لای بە لای مێژوو کردۆتەوە. جا چ سەربوردەی ژیانی خۆی بوبێ، یان هەندێک بابەتی تری مێژوویی، کە لە نێو رۆشنبیریی کوردیدا، جێگای باس و بیروباوەڕی جیاواز بووە.

### ١- حەماغای گەورە

کتێبی حەماغای گەورە، لە ساڵی (١٩٨٦) لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بڵاوکراوەتەوە، مەسعوود محەمەد لەم کتێبەدا باس لە حەمەئاغای گەورە یاخوود حەمەئاغای کۆیی[1] دەکات. کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر بەسەرهات و

---

[1] ناوی محەممەدی کوڕی مەحموود ئاغایە، لە ساڵی (١٨٣٣) لە شاری کۆیە لەدایکبووە، لەسەردەمی خۆی یەکێک بووە لەکەسایەتیە ناسراو و دیارەکانی شاری کۆیە، لەلای خەڵک خاوەن پێگەی تایبەتی بوو، حەماغا خاوەن دیوەخان بووە کە بەردەوام بە ڕووی میوانان و خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت کراوە بووە هاوکاری خەڵکی کردووە، هاوکات بە کەسێکی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر ناسراوە. لە ساڵی (١٩٢٠) ژیان بەجێدەهێڵێ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، http://www.koya.se


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕووداو لەزاری ئەم و ئەو دەگێڕێتەوە لەسەر حەمەئاغا، تەنانەت لە زاری کاکەزیادی کوریشییەوە هەندێ ڕووداو دەگێڕێتەوە. هەروەها دەڵێ: من لێرەدا خەریکم زاخاوی مێشکی خۆم بەیادی کەڵەمێردێکی وەکوو حەماغای غەفووری دەدەمەوە، ئەگەر پێم کرابایە فتیلە چرای هەموو پرشنگدارێکی کوردم لە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات خۆش دەکرد تاکوو لە ڕۆشنایی ئەوانەوە ڕۆڵەی نەوباوی کورد بەر هەنگاوی خۆی باشتر بدیتایە، چونکە مرۆڤ بە شارەزابوون لە کەس و کاری خۆی بەڵەدتری حاڵی دنیا دەبێ[١].

## ٢- گەشتی ژیانم

کتێبی گەشتی ژیانم، لەسەرەتاوە بەشێوەی وتار لە گۆڤارەکان بڵاودەکرایەوە یەکەم بەشی لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) لە ساڵی (١٩٨٤) بڵاوکرایەوە، لەدوایدا بەردەوامی هەبوو، تاکوو ساڵی (١٩٩٢) لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، کۆی وتارەکان کۆکرانەوە و بەشێوەی کتێب بڵاوکرایەوە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٩٤) لە کوردستان بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە تایبەتە بە ژیاننامەی مەسعوود محەممەد، لە بنەچەی بنەماڵەی جەلیزادەوە دەست پێدەکات[٢]، کە لە باکووری کوردستانەوە هاتوون بۆ باشوور و لە پژدەر گیرساوەتنەوە، لە دواتردا بەرەو شیواشان

---

[١] مەسعوود محەممەد: حەمەغای گەورە، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٧.

[٢] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٣.

بنەوبارگەیـان دەگـوازنەوە، ئینجـا بەرەو گونـدی جەلـی لە دۆڵـی سـماقوڵی دەچـن و تێیـدا دەگیرسـێنەوە و ناونـانی جەلـی لەوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە. هاوکـات باسـکردنی چـوونی مەلای گەورەی باوکی بۆ چنارۆک و مانەوەی تێیدا بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێک. بە دیـوێکی تـر سـەربوردەی ژیـانی خـۆی لە لەدایکبـوونیەوە تـاکوو چـوونە بەرخوێنـدن و لەدواتـردا چـوونی بـۆ هەولێـر بەمەبەسـتی خوێنــدن، تــاکوو ســاڵی (١٩٤٥) کە لەگەڵ دڵــدار زانکـۆ تەواو دەکـات. لەدوای تەواو کردنـی زانکـۆ قۆنـاغێکی دیکەی مەسـعوود محەمـمەد دەسـت پیـدەکات، بەتـایبەت لەدوای مردنـی بـاوکی کە کــاریگەری زۆری بەســەر مەســعوود محەمــمەد بەجێهێشــتبوو، بەمشـێوەیە تەواوی ژیـانی بەوردی دەنووسـی، ئەو کـاتەی وەزیـر بـووە. ئەڵـبەتە بـاس لە پێوەنـدیەکانی خـۆی و کەسـانی دیـکە دەکـات، بە نمـوونە باسـکردنی ئیبـراهیم ئەحـمەد. بەشـێوەیەکی گشتی زۆربەی سەرگووزەشتی ژیـانی زۆر بە وردی زۆر دەخـاتەڕوو و بەســـەرهاتی خـــۆش و ناخۆشـــی لـــێ دەگێـــڕێتەوە. لەگەڵ خستنەڕووی بارودۆخی ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە و پێوەندی بە ڕۆژنامەکــانەوە، تەنــانەت باســکری ئەو داوەتەش دەکــات کە لەلایەن قەسـری جمهـوری-یەوە بانگهێشـت کـراوە[1] ئەمـانە و زۆر بابەتی تری گرنگی تێدا نووسیوە، وەک شۆڕشـی ئەیلـوولی سـاڵی

[1] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٤٣٣.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

(١٩٦١) و سـەرەتای پێوەنـدیکردنی بە سیاسـەت و وەرگرتنـی پۆست و بوونە وەزیر و زۆر بابەتی تری گرنگی ژیانی.

## ٢- حەجێکی تر بۆ بەردەگای (خەتێ)ی زانا

حەجێکـی تـر بـۆ بەردەگـای (خەتـێ)ی زانـا، لەبنەڕەتـدا گوتارێکی درێژە لە ساڵی (١٩٨٩) لە گۆڤـاری (کـاروان) بەزمـانی عەرەبی بە ناویشانی (تثنية الحج الي اعتاب بوابة العلامة الخطي) بڵاوکـــراوەتەوە، حەکـــیم کـــاکەوەیس لە ســـاڵی (٢٠١٥) وەریگێڕاوەتەوە سـەر زمـانی کـوردی، مەسـعوود محەمـەد لێـرەدا بـاس لە مەلای خەتـێ دەکـا، کە گـوایە لەسـەردەمی میرنشـینی سۆران، فتوای داوە و بەو هـۆیەوە میرنشـینەکە شکسـتی هێنـاوە. مەسـعوود محەمـەد ڕەتـی هەمـوو ئەو بۆچوونـانە دەکـاتەوە بە تایبەت، حوسێن حوزنی موکریانی، بەشـێوەیەک دەیسـەلمێنێت کە مەلای خەتـــێ فتـــوای لەو شـــێوەیەی نەداوە کە مێژوونووســـان باسیدەکەن، ئەمیش بە هێنانەوەی چەندین بەڵگە.

## پێنجەم: کتێبە چاوپێکەوتنەکان

لەبەر سـەنگینی مەسـعوود محەمـەد، لە تەرازووی بیـری کوردیدا، لە لایەن چەندین کەسەوە، چـاوپێکەوتنی دوور و درێـژی لەگەڵدا سازدراوە و تیایدا، هەندێک لە بابەتانەی شیکردۆتەوە، کە لە نوسینەکانی خۆیدا باسی کردون و بـۆتە جـێگەی سـەرنجی ئەم کەسـانە. یـانیش کـۆمەڵە بـابەتێکی تـر وروژێنـراون و نوسـەران ویستویانە بیروبۆچۆنی ئەوی لەبارەوە بزانن.

## ١- نووسەر نووسین ئازادی

کتێبی نووسەر نووسین ئازادی، دوو دیمانەی مەسعوود محەممەد لە خۆدەگرێ، دیمانەی یەکەمیان بەناونیشانی (کۆڕێک بۆ مشتومڕی بیروڕا) بە عەرەبی (ندوة في جدل الافكار) لەلایەن (سەلیم شەریف)ـەوە سازکراوە، لە ساڵی (١٩٨٩) لە ڕۆژنامەی (ئەلقادسیە) بڵاوکراوەتەوە. دیمانەی دووەمی بە ناونیشانی (نووسەر، نووسین و ئازادی) کە بەشێوەی دەستنووسە، کە کاتی دیمانە و دیمانەساز نادیارە، ئەم دەستنووسە بە زمانی عەرەبییە، کە لە ٢٧ پرسیار پێکهاتووە، بەڵام پرسیارەکانی (١٤، ١٩، ٢٠، ٢٣، ٢٤، ٢٥) بزربووە[١]. بەگشتی پرسیار و وەڵامی گرنگی تێدایە، لەبارەی چۆنییەتی نوسین و بیرکردنەوەی نوسەران.

## ٢- ژیان و جیهانبینی

دەکرێ بڵێین کتێبی ژیان و جیهانبینی مەسعوود محەممەد، لە کتێبەکانی تری ناوبراو جیاوازە، چونکە ئەم کتێبە چەند دیدارێکە لەگەڵ مەسعوود محەممەد لە ساڵانی (١٩٩٦) و (١٩٩٧) لە لایەن هەڵۆ بەرزنجەییەوە ئاراستەی کراوە و دەرفەتێکی باش ڕەخساوە بۆ وەڵامدانەوە، کە تێیدا پرسیاری زۆر جیاواز و لەسەر بابەتی گرنگی وەکوو ئاین و فەلسەفە و بیری

---

[١] ئەو دوو دیمانەیە لەساڵی (٢٠١٣) لەلایەن سایتی مامۆستا http://www.mamosta.net لە ستۆکهۆڵم-سوید وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی و بەشێوەی کتێب بڵاوکراوەتەوە


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەتەوایەتی مێژوو.....هتد ئاراستەی مەسعوود محەمەد کراوە، ئەویش زۆر بە ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، لەدواتردا لە ساڵی (١٩٩٩) کۆکراوەتەوە و یەکەمجار لە بەرلین چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## شەشەم: کتێبە گشتییەکان

ئاماژەمان بە کتێبە ئەدەبی و زمانەوانی و مێژوویی و هزریی و فەلسەفییەکان کرد، بەڵام، مەسعوود محەمەد بەتەنیا لەم لایانەوە نەینووسیوە، بەڵکو لە چەند لایەنێکی ترەوە نووسینی هەبووە.

### ١- کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ

کتێبی کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، کۆکراوەی بیست و هەشت وتارە کە مەسعوود محەمەد لە نێوان ساڵانی نێوان (١٩٧٠) بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان نووسیوون، لە بڵاوکراوەکانی (کاروان، بەیان، هاوکاری، ڕۆشبیری نوێ، پاشکۆی عێراق، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، گۆڤاری پەروەردە و زانست) خراوەتەوە بەردەستی خوێنەران. وتارەکان هەریەکە پەیوەستە بە بابەتێک لەوانە باسی (زمانەوانی، ئەدەب، هزر، زانست، کۆمەڵایەتی)[1].

[1] کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٥.

## ٢- دەمووو دووی هزر

کتێبی دەمووو دووی هزر، لە کۆکراوەی ژمارەیەک گووتاری جیاواز پێکهاتووە، کە لە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن (حەکیم کاکەوەیس)ەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، لە (هەڵمەتی بەهێزکردنی برایەتی عەرەب و کورد، بەرزبوونەوە بەرەو دامێن، دەمووو دووی هزر لە بەرەژانی مەرگی سەججادیدا، توندوتیژی یا هێوری؟....هتد)[١] و چەند بابەتێکی تر پێکهاتووە.

[١] دەمووو دووی هزر، هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، ب.ش.چ، ٢٠١٤، ل ٣.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ب. بڵاوکراوەکانی تری مەسعوود محەممەد:

ئەوانەی باسمانکرد، تەواوی ئەو نووسینانە بوو کە مەسعوود محەمەد نووسیویەتی و بەشێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە، هاوکات بەدەیەها گوتاری تری لە گۆڤارەکان بڵاوکراوەتنەوە، بەڵام تاکوو ئێستا دەستمان پێی نەگەیشتووە، دەکرێ بڵێین کە بەشێکی تری لە نووسینەکانی وون بووە، چونکە مەسعوود محەمەد نووسینی زۆر بووە، ئەمەش ڕوونە چونکە زۆربەی کاتەکانی ژیانی بەتایبەت لە نیوەی دووەمی تەمەنی بە نووسین و شرۆڤەکاری سەرقاڵکردووە. لێرەدا بەشێک لەو گوتارانەی کە ماوەی ژیانیدا خستۆتیە بەردەستی خوێنەران، بە کورتی دەخەینەڕوو.

١- (پێشەکی) بۆ گووتاری (بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا)، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، لە ساڵی (١٩٧٤) بڵاوکراوەتەوە.

٢- فۆنەتیک چیمان بۆ بکا؟، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، لە ساڵی (١٩٧٥) بڵاوکراوەتەوە.

٣- شاکارێکی ئاگرین، لە ژمارە بیست و یەکی گۆڤاری بەیان، لە ساڵی (١٩٧٥) بڵاوکراوەتەوە.

٤- فۆلکلۆر-بەشی دووەم، لە ژمارە سی و پێنجی گۆڤاری بەیان، لەساڵی (١٩٧٦) بڵاوکراوەتەوە.

٥- بەسەرداچوونەوە، لە گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، لە سـاڵی (١٩٧٧) بڵاوکراوەتەوە.

٦- هەڵـدانەوەی چەنـد ڕووپەڕەییێکـی زمـانی کـوردی، لە گۆڤـاری کۆڕی زانیاری کورد، لە ساڵی (١٩٧٧) بڵاوکراوەتەوە

٧- ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە، لە ژمارە هەشتای گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، لە ساڵی (١٩٨٠) بڵاوکراوەتەوە.

٨- سـڵاوێک لە شـیعری نوێیـابەتی کـوردی، لە ژمـارە شەسـتی گۆڤاری بەیان، لە ساڵی (١٩٨٠) بڵاوکراوەتەوە.

٩- خـۆدیتنەوە لە دوو ڕەخـنەی دۆسـتانەدا، لە ژمـارە حەوتـی گۆڤاری کاروان، لە ساڵی (١٩٨٣) بڵاوکراوەتەوە.

١٠- لەگەڵ دەنگسازی کوردیدا، لە ژمارە نەوەد و پێنجـی گۆڤـاری ڕۆشنبیری نوێ لە ساڵی (١٩٨٣) بڵاوکراوەتەوە.

١١- دەسـاتیر، لە ژمـارە دوازدەی گۆڤـاری کـاروان، لە سـاڵی (١٩٨٣) بڵاوکراوەتەوە.

١٢- لە ئـاوێنەی ئەم گوتـارەدا تیشـکی چەنـد چـرایەک، لە ژمـارە نۆزدەی گۆڤاری کاروان، لە ساڵی (١٩٨٤) بڵاوکراوەتەوە.

١٣- ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر، لە ژمارە سی و سێی گۆڤاری کاروان، لە ساڵی (١٩٨٥) بڵاوکراوەتەوە.

١٤- میرزا حاجی کەریمی ئاسـنگر سـەربازێکی بێ نـاو، لە ژمـارە چل و نۆی گۆڤاری کاروان، لە ساڵی (١٩٨٦) بڵاوکراوەتەوە.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٥-زرِه خەون، لە تەمومژ بە دەوری (مەحوی)ی تۆقەڵەوە، لە ژمارە چل و دووی گۆڤاری کاروان، لە ساڵی (١٩٨٨) بڵاوکراوەتەوە.

١٦- تاوانی دیاردە چاوغەڵەتێنەکان، لە ژمارە هەشتا و یەکی گۆڤاری کاروان، لە ساڵی (١٩٨٩) بڵاوکراوەتەوە.

١٧- مەرگی تاڵ و ژار! ناوناوە شیرینیت، لە گۆڤاری کاروان لە ساڵی (١٩٨٩) بڵاوکراوەتەوە.

١٨- تیرۆپشکێ لە دەنگسازی، لە ژمارە (١٠١)ی گۆڤاری رۆنشبیری نوێ لە ساڵی (١٩٨٩) بڵاوکراوەتەوە.

١٩- (رەنگین) رێبازی مەسعوود محەمەد ئاشکرا دەکات، لە گۆڤاری رەنگین، ساڵی (١٩٨٩) بڵاوکراوەتەوە.

٢٠- جارێکی تر گوندی نورەددین و گەردێک لە گەردەلوولی نورەددینی و میراودەلی، لە ژمارە پەنجا و پێنج و پەنجاو شەشی گۆڤاری رەنگین، لە ساڵی (١٩٩٣) بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی دووەم
# تێڕوانینی مەسعوود محەممەد بۆ مێژوو

## باسی یەکەم
## لێکدانەوە باوەکانی مێژوو و بۆچوونی مەسعوود محەممەد لەبارەیانەوە

## باسی دووەم
## بیرکردنەوەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد

## باسی سێیەم
## ڕەخنەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشی دووەم: تێروانینی مەسعوود محەممەد بۆ مێژوو

### باسی یەکەم: لێکدانەوە باوەکانی مێژوو و بۆچوونی مەسعوود محەممەد لەبارەیانەوە:

زۆربەی بیرمەند و فەیلەسووفانی جیهان، بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەبارەی مێژوو خستۆتەڕوو، هەریەکەیان شرۆڤە و شیکاری جیاوازیان بۆ مێژوو کردووە، کە بەسەر چەند بەرەو بۆچوونی جیاوازدا دابەش بوون. هاوکات، مەسعوود محەممەدیش، لە نووسینەکانیدا قسەی لەسەر مێژوو کردووە و تێڕوانینی خۆی لەسەری دەربڕیووە، تەنانەت وەڵامی ئەو کەسانەشی داوەتەوە، کە لەسەر مێژوو قسەیان کردووە و شرۆڤەیان کردووە، هیگڵ و مارکس و سارتەر وەک نموونە. هەروەها، هەوڵیداوە لەڕێگەی نووسینەکانیەوە تەواوی نووسین و شرۆڤەکانیان ڕەتبکاتەوە و بەشێوەیەکی تر، باسی مێژوو بکا. لێرەدا، تێڕوانینی ئەو کەسانە دەخەینەڕوو، کە قسەیان لەسەر مێژوو کردووە و بەراوردکاری لەگەڵ وەڵامدانەوەی مەسعوود محەممەد دەکەین، بۆ تێڕوانین و ڕوانگەکان.

## ڕوانگەی ئایدیالیزم، بەتایبەت هیگڵ[1] بۆ مێژوو:

فەلسەفەی ئایدیالیزم (Idealism)، کە بە مانای خەیاڵ پەرستی و ئامانج پەرەستی، یاخوود قوتابخانەی وێنەگەرایی دێ[2] ئەم ڕێبازە لە سەر ئەم باوەڕەیە کە هەموو ڕاستییەک تەنیا وەکوو بوونێکی گیانیی (روحی) ڕووت و ڕەسەن بوونیان هەیە و لەش و جەستەش شتێک نییە جگە لە فۆرم و ڕواڵەتیی ئەم بوونە، واتە جەستە لە ڕاستیدا خۆنواندنی گیان و ڕەوانە. ئایدیالیستەکان هەموو بوونەوەرێک و سەرچاوەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ لەم جیهانەدا هەستیان پێدەکا و تێیان دەگا بە وێنەیەکی زەینیی مرۆڤەکان نەک بەرچاو و دیار دەزانن[3].

---

[1] گیۆرگ ولیهلم فردریش هیگڵ، لە بیست و حەوتی ئابی ساڵی (١٧٧٠) لە شاری شتوتگارت، لە ئەڵمانیا لەدایک بووە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چۆتە خوێندنگەی ئیلاهیاتی زانکۆی توبینگن، واتە چۆتە نێو دەزگای ئایینی مەسیحیەت، لەو کاتەوە کە دەستیکرد بە خوێندن، خولیا و دڵبەستەی فەلسەفە بووە. هیگڵ لە ساڵی (١٨٠١)دا، لە زانکۆ وەکوو مامۆستا دەستیکرد بە وانەوتنەوە. (دیاردە ناسیی رۆح) یەکێکە لە کتێبە فەلسەفیە بەناوبانگەکانی، کە بڵاویکردۆتەوە. لەدواتردا و لە چواردەی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٣١)دا، بەهۆی تووشیوون بە نەخۆشی کۆلێرا گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کۆمەڵێک نوسەر: ئاشنابوون بە هیگڵ، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٨،١٠،١١،١٩،٢١،٤٧.

[2] ئازاد وەلەدبەگی: فەرهەنگی نیگا، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٧٥.

[3] وەرگیراو لە وێبلاگی قوتابخانەی ناوەندیی گوڵانە، ٢٠١٥/١١/١، یەک شەممە http://gullane.blogsky.com/٠٧/١٣٩٤


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**هیگڵ، وەک زۆربەی زۆری فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی بە قۆناغێکدا تێپەریووە کە پێیدەوترێ قۆناغی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا، ئەمەش کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە[1]، ئەڵبەتە، لەو قۆناغ و سەردەمەدا، کەسێک هەبووە کە کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە، لەم ڕووەوە زۆربەی فەیلەسووفان و بیریاران و شارەزایانی فەلسەفە، بڕوایانوایە کە کانت[2] کاریگەری لەسەر هیگڵ هەبووە، تەنانەت ئەگەر کانت نەبوایە ئەوا هێگڵ بەمشێوەیەی نەدەبوو کە هەیە، بەتایبەت لە باسکردنی میتافیزیک[3].**

[1] هاشم سالح: فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم، و: شوان ئەحمەد، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٦١.

[2] ئمانوێل کانت، لە بیست و دووی نیسانی ساڵی (١٧٢٤) لە شاری کۆنکسنبێرگ، لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. لە ساڵی (١٧٣٠) پەیوەندی بە قوتابخانەی یەکەمی تابیعی نەخۆشخانەی (قەدس جۆرج) کردووە. لەسەر بابەتی (لە ئاگردا) لە فەلسەفەی سروشتدا، پلەی دوکتۆرای بەدەستهێناوە. کانت لە ساڵی (١٨٠٣) دوا کتێبی بەناوی (لە پەروەردە)دا بڵاوکردەوە. و لە نووسینەکانیدا، سەبارەت بە میتافیزیکیا، ئایین، سروشت، مۆڕاڵ، ئاشتی جیهانی کردووە. ئەڵبەتە فەلسەفەی کانت کاریگەری لەسەر فەلسەفەی ئەوروپایی هەبووە. ناوبراو، لە دوازدەی شوباتی ساڵی ١٨٠٤ گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عماد عبدالسلام رؤوف: کانت-ژیان و کارە فیکرییەکانی، و: سامان مستەفا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٧،٨،٩،١٠،١٣.

[3] عەبدولحسەین زەڕینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، و: د.قادر محەمەد حەسەن-سۆران بهاء ئەحمەد، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٧٤.

ئەگەرچی، هیگڵ بە کانت کاریگەر بووە، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو تیۆرەکانی لە کانت وەرگرتووە، بەڵکو خۆیشی لەسەر زۆربەی پرس و بابەتەکان قسەی کردووە. لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان قسەی کردووە و نووسینی لەسەریان بڵاوکردۆتەوە[1] و بەتایبەت لە فەلسەفەی مێژووشی کۆڵیوەتەوە، ئەگەرچی یەکەم کەس نەبووە، بەڵام ئەو مۆرکێکی تایبەتی پێداوە. تێیدا ژمارەیەک ڕێسای ئەقڵانی (ڕەخنەیی) لەبواری لێکۆڵینەوەیی مێژوویی پێشکەش کردووە[2] بەبۆچوونی هیگڵ مێژوو گرێیەکی هەیە کە دەبێ بە دەستی فەیلەسووفەکان بکرێتەوە، لەبەرئەوەی مێژوونووسەکان نەیانتوانیوە ئەم گرێیە بکەنەوە، بەڵکو زۆرتر هەوڵیان داوە تەنیا ڕووداوەکان بگێرنەوە و بنووسنەوە[3].

هیگڵ، لە نووسینەکانیدا زیاتر لە سێ لە سەر چواری فەلسەفەکەی خۆی لە مێژوو و مێژووەکەی لە فەلسەفەی بۆ

---

[1] موفید ئەلزەیدی: سەرەتایەک لەفەلسەفەی مێژوو، و: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ناوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٧٨.

[2] هاشم یەحیا ئەلمەلاح: دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو، و: دەوەن حەسەن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٢٥.

[3] عەبدولحسەین زەرینکوب: س.پ، ل ٣٧٤.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕابردوو تەرخان کردووە[1] بۆیە دەڵێ: فەلسەفەی مێژوو هیچ ناگەیەنێ لە لێکۆڵینەوەی مێژوو بەولاوە لە میانی هزردا[2].

هیگڵ، بە شێوەیەکی ئایدیالی ڕاڤەی بۆ مێژوو کردووە، فەلسەفەکەشی ئایدیالیزمی دیالێکتیکە[3] و بڕوای وایە کە دەبێ، سێ ڕەهەندەکەی زەمان لەبەرچاو بگرین، واتە رابردوو ئیستا و داهاتوو، بەشێوەیەک کە هەموو شتێک لە ئێستاوە هەڵدەقوڵێت و بۆ ئەویش دەگەرێتەوە، ئەمەش تەنیا زانینە لەو کاتەی تێیدا، کە لێی حاڵی دەبی[4] لەگەڵ ئەوەشدا، مێژوو لە بزاوتێکی بەردەوامدایە هەر چرکەیەک جیایە لە چرکەکانی بەر لەخۆی، واتە ڕووداوە مێژووییەکان بەبەردەوامی دەگۆڕین[5].

هیگڵ بڕوای وایە، هەموو بیرۆکەیەک کە لەمێژوودا دەردەکەوێت دژ و پێچەوانەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمانە لەبەرانبەر یەکدیدا دەبن، تا لەکۆتاییدا دەگەنە تێزێکی

---

[1] محەمەد شێخ: هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری: و: دلێر میرزا، چ۲، چاپخانەی شڤان، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ۲۰۱۱، ل ۵۹۲.

[2] هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ۳۲٦.

[3] دیالێکتیک، زاراوەیەکی یۆنانییە، هیگڵ لە ئەفلاتونی وەرگرتووە، مەبەست لەمەدا پرۆسە مێژووییەکان بەرێرەوی یەکتر هەڵوەشاندنەوە بەرێوە دەرِوات. واتە هەر ئاراستەیەک کە دەگاتە کۆتایی تەواو ئاراستەیەکی دیکە لە دایک دەبێ و ئەوەی پێشوو لەناودەبات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاشم یەحیا ئەلمەلاح: ل ۳۳۹.

[4] عەبدولحسەین زەرینکوب: س.پ، ل ۳۷٤.

[5] موفید ئەلزەیدی: س.پ، ل ۱۷۹.

نوێ، یاخوود بڵێین مێژووی سێینەکی، کە جەدەلی دەبزوێنێ، ئەمەش وادەکات پێکهاتەیەکی نوێ دەردەکەوێت[1] بۆ نموونە، ژیان و مردن، دژی یەکترن، بەڵام ژیان وەکو ژیان میکرۆبی مردنیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ، بۆیە مانای ژیان مانای مردنیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ، بۆ ئەوەی دەنکە گەنمێک شین بێ، ڕەگی لەزەویدا دادەکوتێ لاسکەکەشی لێوەدەردەچێ، پەیدابوونی لاسک مانای نەمانی تۆوەکەیە، گەنم شین دەبێ و دەبێتە گوڵە گەنم ئینجا لاسکەکە بەرەو فەوتان دەچێ کە لە تۆوەکەوە پەیدا بووە، لەلایەکی ترەوە دەنکە گەنمەکانی ناو گوڵە گەنمەکە هەمان سیفەت و خەسڵەتی تۆوەکەی هەیە. بەمە دەوترێ (نەفی کردنی نەفی)[2].

---

[1] موفید ئەلزەیدی: س.پ، ل ١٧٨، ١٧٩.

[2] هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٤٠.



hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ ئایدیالیزمەکان:

ئەوەی باسمانکرد، ڕوانگەی ئایدیالیزمەکان بوو بۆ مێژوو، لێرەشدا ڕوانگەی مەسعوود محەممەد، سەبارەت بە ئایدیالستەکان - میسالیەکان دەخەینە ئەگەرچی بە کەمی باسی هیگڵی کردووە[1]. بەڵکو زیاتر خەریکی مارکس بووە و هەوڵیداوە وەڵامی بداتەوە و ڕەتیان بکاتەوە.

مەسعوود محەممەد، بڕوای وایە: فەلسەفەی هاوچەرخ، بە تەواوی لە تاریکیدایە[2] و لە دیدی ئەودا شتێک نییە، پێی بوگترێ فەلسەفەی سەردەم، کە قەوارەی هەبێت و بخوێندرێتەوە[3] ئەڵبەتە زۆربەی ئەو فەلسەفانەی سەیر کردووە، کە پێی دەڵێن میسالی، بەڵام لەگەڵ هیچ یەکێکیان نەگونجاوە[4].

مەسعوود محەممەد فەلسەفەی هیگڵ بە دواکەوتوو وەسف دەکات، لە چاو فەلسەفەی مارکس کە لەدواتردا باسی لێوەدەکەین. تەنانەت دەڵێ: فکر و فەلسەفەی مارکس، بە دەقی کۆنیشیەوە گەلێک گەلێک پێشکەوتووترە لەو فەلسەفە

(1) ئازاد عەبدولواحید: س.پ، ل ٤١٥.

(2) هەڵۆ بەرزنجەیی: ژیان و جیهانبینی مەسعوود محەممەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٨٤.

(3) هـ.س، ل ١٨٨.

(4) هـ.س، ل ١٧٦.

میسالیانەی ناویان دەرکردووە[1] هەروەها، دەڵێ: من بەتەما نیم ترسی فەیلەسووفی ماددی لە دوانەتی Dualism[2] ی مەلای ئیسلام و قەشەی دیان و فەیلەسووفی ئایدیالیست نیگام لێڵ بکات و ڕای ناجایەزم پێ بسەلمێنێ، چونکە بڕیارم داوە ئەگەر تەفسیری جیهان و ڕووداوەکان و دیادەکانی پێویستی بە دە هێز و بیست ماکیش هەبێت نەک یەک و دوو، بێ دوودڵی کردن دان بە هەموویاندا بهێنم[3].

مەسعوود محەممەد بڕوای وایە، فکر، ناتوانێ لە بۆشاییدا هیچ بەرهەمێکی هەبێت، نەمادی نە عەقڵی، کەچی هەندێ خەیاڵبازی ئایدیالیست نەبێ کە بەرەو ئەودیوی مادە بۆ (مطلق-ڕەها) تێ هەڵدەکشن و جیهانێکی وەهمی لە (وێنەی زیهنی) دروست دەکەن و بە دەوری ئەو وێنەیەدا دەمەتەقەی مەنتیقی نەزەری هەڵدەستێنن و چەکبەردەی ئەو دونیا مەوهومە بۆ ناو جیهانی خۆمان دەهێننەوە. لەو تەرزی ئایدیالیستە نەبێ زۆربەی

---

[1] مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٤، ل ١٩٦.

[2] ڕێبازێکی فەلسەفییانەیە لەلایەن دیکارتەوە هێنراوەتە کاتەوە، کە دەڵێت دونیا لە دوو توخم یا گەوهەر پێکهاتووە، کە ناتوانین بۆ یەکتریان بگەڕێنینەوە، وەک چاکە و خراپە، یان مادە و ڕۆح. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسین صابر صالح: ئینسایکاۆپیدیای گشتی، ب٢، ل ١٩١

[3] مرۆڤ و دەوروبەر، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٧، ل ١٢٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خاوەن فکران هەر لە مادیەتی مولحیدەوە تا دەگاتە جەرگەی ئایین دەڵێن تا (زانراو) نەبێ (زانین) نابێ[1].

مەسعوود محەممەد دەشڵێ: (باوەڕم گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێم وابێ جەدەلییەتی مێژوویی دەبێ ئەو کارەی دووبارە بکاتەوە کە لە سەرەتای پەیدا بوونی دەستی پێ کردووە چونکە گوتوویەتی هیگلییەتی لە سەر پێی خۆی ڕاگرت لە کاتێکدا لەسەر سەر وەستابوو)[2] لێرەدا مەبەستی هاتنی مارکس و وەرگرتنی بەشێک لە فەلسەفەی هیگلە. هەروەها دەڵێ فەلسەفەی ئایدیالی وڕێنەی وەهای تێدایە لە زاری مرۆڤەوە دەردەچێ. ئەو میسالیانە بەر لە وەی ماتیریالیست بە دەمیاندا بێتەوە دینی ئیسلام پێیان ڕازی نییە[3] چونکە هێندە لە بوونەوەر و دوور کەوتوونەتەوە خەریکن بەسەر خەیاڵیشەوە ڕانەوەستن بەڵام خواوڕاستان کەس بە دوایان ناکەوێ[4].

---

(١) مرۆڤ و دەوروبەر، ب١، س.پ، ل ٢٥.

(٢) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، و:حەکیم کاکەوەیس، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٢، ل ١٠٥.

(٣) لەدوای باسکردنێکی زۆری دیین و پرسی ئایدۆلۆژی کە کۆمۆنیزم بە نموونە دەهێنێتەوە، کە بە پیرۆز دەکرێ، ئەم قسەیە دەکات، کە مەبەستی ئەوەیە دیین غەیبە و پێوەندی بە هەستی مرۆڤەوە هەیە، چونکە خەڵک بەدوای دەکەوێ و کەمتر هۆش بەکاردەهێنن کە مەبەستی هزرە.

(٤) مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، س.پ، ل ١٩٧.

لەمەودا ڕووندەبێتەوە کە مەسعوود محەممەد، بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی لە ئایدیالیزمەکان، بەتایبەتی هیگڵ گرتووە، کە بەیەکێک لە فەیلەسووفە دیارەکانی نێو ئەو فیکرەیە دادەنرێ.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ڕوانگەی ماددەگەرایی-مەتڕیالیی، بەتایبەت مارکس[1] بۆ مێژوو:

فەلسەفەی ماددەگەرایی، بە ئینگلیزی (materialism)ی پێدەوترێ، ئەڵبەتە چەمکی مەتڕیالی مۆرکێکی کوردیشی وەرگرتووە. مەتریالیزم، زانستێکی نوێ نییە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پێش دوو هەزار ساڵە و لەسەرەتای سەرهەڵدانی زانست و فەلسەفەوە سەرنجی زانایانی جیهانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە، لەبەرئەوەیە بەشی هەرە زۆری فەیلەسووفەکانی یۆنان و ئەوروپییەکان مەتریالیست بوون[2] بەبڕوای خەڵقی جیهانی کۆن، تیۆرێکە کە سەرچاوەی جیهان دەگەڕێنێتەوە بۆ یەک یان چەند حاڵەتێکی دیاریکراوی ماددە، کە

---

[1] کارڵ مارکس، لەساڵی (١٨١٨) لە شاری تریر، لە ئەڵمانیا لەخانەوادەیەکی یەهوودی لە دایک بووە، لەسەرەتادا لە زانکۆی بۆن زانستی مافەکانی خوێندووە، لەگەڵ ئەمەشدا لە مێژوو و فەلسەفەی کۆڵیوەتەوە. لە ساڵی (١٨٤٢) وەک مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی فەلسەفە درێژە بەخوێندن دەدات. مارکس ماوەیەک کاری ڕۆژنامەوانی کردووە، بەهۆی سانسۆرکردنی ڕۆژنامە و نووسینەکان، لە ئەڵمانیاوە بۆ فەرەنسا-پاریس ڕۆیشتووە، لەوێشدا بە (ڕەخنەی فەلسەفەی مافەکانی هیگڵ) دەستی بە نووسین کرد. یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی مارکس سەرمایەیە. لە تەمەنی ٦٥ ساڵی و لە ساڵی (١٨٨٣) لە بەریتانیا-لەندەن، گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کۆمەڵێک نوسەر: ئاشنابوون بە مارکس، ب ٤، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٢٣،٢٤.

[2] ئازاد وەلەدبەگی: س.پ، ل ٤٢٧.

لە (مێشک، دار، ئاو، ئاگر و خاک) پێکدێنێ[١] بەڵام، لە ئێستادا مەترِیالی واتە ئەو کەسەی کە ماددە بە بنچینەی ژیان دەزانێ، باوەڕی بە ماددە گەرایی هەیە و تەنیا ماددە بە راست و گرینگ دەزانێ و بە بناغەی ژیانی دادەنێ، بەشێوەیەک هەموو نیشانە و بەرهەمەکانی ژیان لە پێناو ماددەدان[٢] مەترِیالیزم، چەند لقێکی هەیە، لەوانە مەترِیالیزمی میکانیکی، مەترِیالیزمی مێژوویی، مەترِیالیزمی دیالێکتیک[٣].

مەترِیالیزمی دیالێکتیکی کە مارکس فەلسەفەکەی لەسەر داناوە، بەو تیۆرە فەلسەفی، ئابووری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسییانەیە دەگوترێ، کە لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە دارێژرابوون و بڕوایان وایە مێژوو هەموو خەباتی چینایەتییە و لەکۆتاییدا پرۆلیتار سەردەکەوێ[٤]. مەترِیالیزمی دیالێکتیکی بۆ هەر ڕووداوێک باوەڕی بە سێ فاکتەری کاریگەر هەیە، بەناوی تێز و ئەنتی تێز و سەن تێز[٥]. ئەڵبەتە، مەترِیالیزمی دیالێکتیکی مارکس، لەبەرانبەر ئایدیالیزمی

---

[١] غولامەرزا عەلی بابایی: فەرهەنگی سیاسیی ئارەش، و: زاهیر محەممەدی-یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٤٤٤، ٤٤٥.

[٢] ئازاد وەلەدبەگی: س.پ، ل ٤٢٦، ٤٢٧.

[٣] غولامەرزا عەلی بابایی: س.پ، ل ٤٤٧.

[٤] هـ.س، ل ٤٤٦، ٤٤٧.

[٥] ئازاد وەلەدبەگی: س.پ، ل ٤٢٩.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دیالێکتیکی هیگڵە. ئەڵبەتە، ئەو تیۆرە میتافیزیکیا ڕەتدەکاتەوە[1].

مارکس، شیرکردنەوە و شرۆڤەی تایبەتی بۆ مێژوو کردووە، لەم نێوەندەشدا، چەند یاسایەکی تایبەتی بە مەتریالیزمی مێژوویی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو[2].

**یەکەم:** یاسای وەرچەرخانی ئاڵوگۆڕەکانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی: مەبەستی ئەم یاسایە، زیاتر لە نێوان چەندایەتی و چۆنایەتیە لە ڕووداوەکاندا، چەندایەتی گوزارشتە لە ژمارە و چۆنایەتی مەبەست لە ئەنجامی کارێک، ڕووداوێک. لێرەدا ئەنجامی چەندایەتی بە ژمارە دەبێتە هۆی وەدەست هێنانی چۆنایەتی. یان ڕونتر، کاتێک کۆمەڵگەیەک لەژێر چەوسانەوەی جیاجیادا دەژی لەبەرامبەردا خەڵک دژی دەوەستنەوە، ئەمە چەندایەتیەکەیە، چۆنایتیەکەش دەرئەنجامی ئەو کارەیە، کە کۆمەڵگەکە لەو چەوسانەوەیە دێتە دەرەوە.

**دووەم:** یاسای یەکێتی و ململانێی دژەکان: مەبەستی لەم یاسایە، لەنێوان دوو چینە لە کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام ئەو دوو چینە لە ئایدۆلۆژیا و میکانیزمی کارکردن و ڕوانگە و تێڕوانینی بۆ دەوروبەر و ماددەکان لەیەکتری جیاوازە، ئەڵبەتە ئەوانە

---

[1] غولامەرزا عەلی بابایی: س.پ، ل ٤٤٦، ٤٤٧.

[2] ف.پودوسیتنیک و یاخوت. ف.پودوسیتنیک و سبیزکین: فەلسەفەی مارکسیزم، و:جەلال دەباغ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٨٢.

لەســـەرەتادا یەکێتـــی و هاوئـــاهەنگی لەنێوانیانـــدا هەبـــووە، بەڵام بەتیپەڕبوونی کات و جوڵانـدنی هـزر، ململانـێ لەنێوانیـان دروسـت بووە، بە نموونە، قۆناغی فیودالّی کە جوتیار و دەرەبەگ هەبووە، ئەوانە یەکتریـان قبـوڵ نەکـردووە و بەردەوام لەدژی یەک بـووە، تاکو کۆتایی بەم قۆناغە دێ و قۆناغێکی تر دەست پێدەکات[1].

**سێیەم:** یاسای نەفی کردنی نەفی: مەبەست لەم یاسایە ئەوەیە کە چینێـک لە کـۆمەڵگەدا هەیە و باڵادەسـتە، ئەم بـاڵا دەسـتییە بـۆ مـــاوەیەک بەردەوام دەبـــێ، بەڵام بە تێپەربـــوونی کـــات، ئەمە نـــامێنێ، لەبەرامـــبەردا، چینێکـــی تـــر دێ و چینـــی پێشـــوو ڕەتـدەکاتەوە، بـۆ نمـونە، بە گـوێرەی قۆناغەکـانی گەشەسـەندنی مـــرۆڤ لای مـــارکس لە کۆمـــۆنی ســـەرەتاییەوە ژیـــان دەســـتی پێکـردووە، ئەم قۆنـاغە کە چینێـک تێیـدا باڵادەسـتە، بەڵام ئەوە بەردەوام نابێ، بەڵکو قۆناغی دواتر یـا چینـی کـۆیلایەتی دێ، کە چینـی پێشـوو یـانی قۆنـاغی کۆمـۆنی سـەرەتایی ڕەتـدەکاتەوە و نەفی دەکات[2].

هاوکات، مـارکس، بۆچـوونی تـایبەتی سـەبارەت بە ژیـان و درێـــژەدان بە ژیـــان کـــردن یـــاخوود "قۆنـــاغە مێـــژووییە پێشـکەوتووەکانی کـۆمەڵگە" خسـتۆتەڕوو[3] کە تیایـدا ژیـانی

---

[1] یاخوت و سبیزکین س.پ، ل ١٨٥

[2] هـ.س، ل ١٨٤.

[3] هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٦١.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مرۆڤەکانی جیهانی بەسەر شەش قۆناغدا دابەشکردووە ئەوانیش (کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری، سوسیالیستی، کۆمۆنیزم)[1] کە ئەم قۆناغانەش لە ئەنجامی دەرکەوتنی چینێکی جیاوازتر، قۆناغێکی نوێ دروست دەبێ، واتە ئەو قۆناغەی کە تێیدا بە تێز ئەژماردەکرێ، لەبەرانبەردا ئەنتی تێز دروست دەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدا بوونی سەن تێز، کە قۆناغێکی نوێیە. قۆناغەکانیشی بەم شێوەیە پلەبەند کردووە:

١- قۆناغی یەکەم، کۆمۆنی سەرەتایی: مەبەست لەم قۆناغەدا، سەرەتای ژیان کردن و وجوود بوونی تاکەکانە لەسەر زەوی، کە لەم قۆناغەدا هەوڵدەدرێ بۆ مانەوە و درێژەدان بە ژیان، لەکاتێکدا هیچ ئامراز و کەلوپەلێک بوونی نەبووە. بە تێپەڕبوونی کات ئەم قۆناغە گەشەی سەندووە تاکو خەڵقی گەیشتوونەتە قۆناغی کشتوکاڵی، ئەمەش مانای کار دەگەیەنێ. لێرەوە بیرۆکەی موڵکایەتی تایبەت (بەش، بەش) دروست بوو..

٢- قۆناغی دووەم، کۆیلایەتی: ئەنجامی کۆمۆنی سەرەتایی، دروست بوونی سەردەمی کۆیلایەتی بوو. لەم قۆناغەدا دوو چینی جیاواز وجوودی هەیە، کە چینی کۆیلە و چینی کۆیلەدارە، ئەمانە بەردەوام ململانێیان هەبووە، چونکە کۆیلەدارەکان بەردەوام

---

[1] شۆرش ئەحمەد گەرمیانی: مارکس و کارە زانستیەکانی، چ٢،یي چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١١، ل١٥٠.

کۆیلەکانیان چەوساندۆتەوە لەڕێگەی کارکردنی بێ بەرامبەر و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی.[1]

٣- قۆناغی سێیەم، دەرەبەگایەتی "فیودالّی": ئەنجامی کۆیلایەتی، دروست بوونی دەرەبەگایەتی بوو، لە سەردەمی کۆیلایەتی هەوڵدرا بۆ باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و لێنەسەندنەوەی مافی ژیانکرد، بەڵام لەم قۆناغەش دوو چینی دیکە پەیدا بوون، کە جوتیار و دەرەبەگ بوون.

٤- قۆناغی چوارەم، سەرمایەداری: ئەنجامی سەردەمی کۆیلایەتی، دروست بوونی قۆناغی سەرمایەداری بوو، مەبەستی خەڵق لەم قۆناغە باشترکردنی ژیان و ئازاد و سەربەخۆ بوونی ئابووری بوو، بەتایبەت لە بواری پیشەسازی، کشتوکاڵی و بازرگانی، بەڵام ئەم قۆناغەش چارەسەری بارودۆخەکەی نەکرد، لەبەرئەوەی جارێکی تر دوو چینی دژ بە یەک دروست بوونەوە، کە لە سەرمایەدار و کرێکار پێکهاتبوون[2].

٥- قۆناغی پێنجەم، سۆسیالیستی: ڕێگای بەرەو کۆمۆنستی، وەکو مارکسیەت دەیخاتە روو، بە شۆرشێکی ئیشتراکی تێدەپەڕێ، کە چینی کرێکاران فەرماندەیی دەکەن لە دژی سیستەمی سەرمایەداری. لەبەرانبەردا چینی پرۆلیتار پەنا دەباتە بەر دامەزراندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە قۆناغی گواستنەوەدا کە

---

[1] هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٦٢، ٣٦٣.

[2] هـ.س، ل ٢٦٥


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مــاوەکەی دیــاری نەکــراوە، لە پێنــاو لەنــاوبردنی سیســتەمی ســەرمایەداری و کــارکردن لە پێنــاو دامەزرانــدنی سیســتەمێکی کۆمۆنیســتی، ئەو تاکــانەی کە لەو قۆنــاغە دەژیــن، دەیــانەوێ یەکسانی هەبێ و هەموو لایەکیان وەکوو یەکدی بژین[1].

٦- قۆنــاغی شەشــەم، کۆمــۆنیزم: بەگــوێرەی ئەو لێکــدانەوەی کە مارکس، بۆ گەشەسەندنی کــۆمەڵگەی کــردووە، لەکۆتاییــدا و دوای تەواو بــوونی ئەو قۆناغــانەی کە باســمانکرد، قۆنــاغی کۆمــۆنیزم ســەرهەڵدەدات. کە ئەمەش گەڕانەوەیە یــاخوود بڵێــین هاوشــێوەی هەمان قۆناغی کۆمۆنی سەرەتاییە، بەڵام بەشێوازێکی تر.

[1] هاشم یەحیا ئەلمەلاح: س.پ، ل ٣٦٦.

## ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ ماددەگەراییەکان:

ئەوەی کە باسمانکرد، تێڕوانین و ڕوانگەی مارکس بوو بۆ مێژوو. لەبەرانبەردا مەسعوود محەمەد لە زۆربەی نوسینەکانیدا هەوڵیداوە، نوسین و تیۆرەکانی مارکس بخاتە ژێر ڕەخنە و پرسیارەوە، تەنانەت ڕەتیشی بکاتەوە. ئەگەرچی دەڵێ: دوژمنایەتیم لەگەڵ فەلسەفەی جەدەلیدا نییە[1]. کە مەبەستی فەلسەفەی مارکسە، واتە تەنیا ڕەخنەی گرتووە و بە بەڵگە وەڵامی داوەتەوە. بەهۆی زۆری نووسین و ڕەخنەکانی مەسعوود محەممەد بۆ مارکس، ناکرێ ئاماژە بە هەمووی بدەین، لەبەرئەوە بە کورتی و تەنیا چەند تێکستێک بە نموونە دەهێنینەوە.

پێویستە بگوترێ کێشەی مەسعوود محەمەد، نەبوون و کەمی کتێب و سەرچاوەی باوەڕپێکراو بووە، کە لە گۆشەی ڕەخنەوە بەرەنگاری ماتریالیزم بێتەوە چونکە ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە، بە کەمی کتێب و سەرچاوەی خوێندن دەست کەوتووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زیاتر سەرقاڵی تێفکران و بیرکردنەوە بێ، لە ماتریالیزم. واتە تاکە پەنای هەوڵەکانی خۆی بووە[2]. بۆ ئەوەی ڕەخنە لە مارکس بگرێ و بیانخاتە ژێر پرسیارەوە.

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٢٣.

[2] هـ.س، ل ٤٠.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەشێوەیەکی گشتی مەسعوود محەمەد، ڕەخنەی لە ڕێبازی مەتریالی گرتووە، لە نێو مەتریالیستەکانیش زیاتر لەسەر مارکس قسەی کردووە، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە بۆ مێژوو داینــاوە لەگەڵ ئەو قۆناغبەندییەی کە بۆ ژیان کردوویەتی، لەگەڵ ئەمانەشدا مارکسی بەلاوە کەسێکی زیرەک بووە. تەنانەت وتوویەتی، ئەگەر باوکم (مەلای گەورە) لەگەڵ مارکس ڕێک بکەوتایە، شتێکی سەیر نەدەبوو[1].

مەسعوود محەمەد دەڵێ: من مارکسیزم لە ناو فەلسەفەکانیدا بەتەنیا خۆی قسە لەسەر مێژوو دەکا و بەپێی لێکدانەوەی ماددی جەدەلی و مێژوویی دەرمانی چاکبوونەوە دادەنێ. لەبەرئەوەی پێویستی بۆچوونی تازە لە بارەی وردەکاریەکانی مرۆڤ و دانانیەوە لە چەقی کۆمەڵایەتی کۆتایی نەهاتووە. ماندووبوونی هەرە گەورەش لە پێویستیە هەرە گەورەکەیدایە[2]. کە من باوەڕ دەکەم هەڵەی کوشندە لە بۆچوونەکانی مارکسدا هەیە[3].

مەسعوود محەمەد بڕوای وایە، لە بواری مەترپالی بە گشتی و مەتریالی جەدەلیدا بە تایبەتی دەبێ دان بە یەکەمایەتی

---

[1] ئازاد عەبدولواحید: س.پ، ل ٤١٦.

[2] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٢٥.

[3] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٨٠.

عەقڵدا بنرێ کە مارتریالیست لە بواری دوانەیی دا دان بە رۆ ڵ و سەربەخۆیی یەکەمیاندا دەنێ و خەسڵەتە مرۆییەکان بە گشتی رەت دەکرێتەوە ئەوەش بە دەقەکانی ماتریالیزم خۆی چونکە مادام عەقڵ و خەسڵەتەکانی مرۆ بەبۆچوونی ماتریالیست بەرهەمی پەرەسەندنی ماددەن بەبێ ئەوەی دەستی غەیبی تێدا هەبێ دوانەیی پێویست نامینێ[1]. سەرهێشەی مەسعوود محەمەد، لە بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکەی ماتریالیدا بەگشتی و ماتریالی جەدەلی بە تایبەتی بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، بە تایبەتیتر لەو باسانەی کە سەر بە سەرچاوە و لقوپۆ و ئەوەی لەسەر شێوازی خەباتی سیاسی[2] لێی دەکەوێتەوە[3].

مەسعوود محەممەد دەڵێ: هەق نییە بیرمەندی ماتریالست لەوە بسڵەمێتەوە ئەگەر بێت و عەقڵ پێشڕەوی مێژوو و کۆمەڵایەتی بێ چاوەروانی خراپەی لێ بکرێ. لێکدانەوەی کەم لە ناخی ماتریالییەوەیە نەک دەرەوەی و ئەمەش ڕێگرتنە لە بەرهەڵستکار گوایە بەڵگەکان لە دەرەوەی ماتریالیزمەوە

---

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٥٠.

[2] مەسعوود محەمەد، مەبەستی دوای ئەو کاتەیە، کە چی دەگوزەرێ و چۆن دەگوزەرێ، ئایا تیۆرییەکی تایبەتی بۆ دانراوە، یاخوود چاوەڕوانی بڕیاردانی ئایدۆلۆژین. ناکرێ بەردەوام خەڵک لە ناو شۆڕش و ناڕەزایەتی دابێ، بەڵکو پێویستە بەرنامە و پرۆژەیەکی گرنگ بۆ داهاتوو لە بەرچاو بگیرێ.

[3] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٤٠.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هاتوون[1] ئەڵبەتە گەورە بیرمەندانی بواری ماددەی جەدەلیم دیون لایەنە تاریکەکـانی شۆرشـی فەرەنسـایان بەلاوە پیـرۆزن[2] و ئێسـتاش رەشەشـۆرگێرەکان دەبیـنم زۆر لە هەڵەکـانی دووبـارە دەکەنەوە و سەد هۆکار بۆ یەکگرنەوە تەرک دەکەن و یەک هۆکـار بۆ دابڕان دەگرنە بەر[3].

ئەوەی لای مەسـعوود محەمـەد جێـی سـەرنجە، مەترسـی مـاددییەتی جەدەلیـیە، کە فەلسـەفە و سیاسـەت و ئـابووری و رێـرەوی ژیـانی کـۆمەڵایەتیی و بە پێـوەری غەیـری خـۆی لەگەڵـدا نـاکرێ و تێروانینـی هەمـوو بـوون دەگـرێتەوە لە پـێش هەمووشیانەوە جیهانی مرۆڤ و چارەنووسی شارستانیەتییەکەی[4] هەروەهـا دەڵـێ: مـاددە چەنـد لە بەکارهێنـان و پرکـردنەوەی پێداویسـتیەکانی مـرۆدا زیـاد بـێ دەسـەڵاتی بەشـەر زیـاتر و زیـاتر بە سـەر مـاددەدا دەردەکەوێ و دەستەوەسـتانی ماددە بەرانبەر مرۆ زیاتر و زیاتر دەسەپێ و بە گوێرەی دەسەڵاتی

---

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٥٠.

[2] مەسـعوود محەمـەد، لە نووسـینەکانیدا شۆڕشـی فەڕەنسـا دەخـاتە بەربـاس و هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکـات. لێرەشـدا مەبەسـتی ئەوەیە کە خەڵقانێـک هەیە، لایەنە خراپ و نەگونجاوەکانییان بەلاوە گونجاوتر و باشتر و بە پیرۆزی دەکەن. هاوشێوەی ئێسـتای کوردسـتان، کە ئەو تـاریکی و نادیـارییە بە باشـتر دەزانـن لە شـۆڕش و ڕاپەڕین.

[3] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٤٩.

[4] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٥٢.

مرۆ و تواناکانی مادده بۆ پرکردنەوەی ئارەزووەکانی دەکەوێتە ژێر ویستییەوە[١].

مەسعوود محەممەد لە نووسینەکانیدا، بەرپەچی ئەو تێزەی ماددەگەراکان دەداتەوە کە دەڵێن ئەگەر مادده نەبوایە مرۆ ڕۆڵی لە گۆرانکاری و پێشکەوتندا نەدەبوو، تەنانەت بە هیچ ناوی دەهێنێ، چونکە ئەو بڕوای وایە کە باسی مرۆ ناکەین کە خواوەند بێ و شت خەڵق بکا تا لە لێکدانەوەدا پێویستت بەوەی بێ پەرەسەندن لەوەوە دێ کە مرۆ مادده لە هیچەوە دروست بکا و ئەوجا دەسکاری بکا. مادده و زندەوەران و بەشەر وەک یەک هەن و ئەوجا ماددەی مردوو لە گیانەوەرەکان، بەهۆی ژیانەوە دادەبڕێ[٢] هەروەها لە درێژەی ڕەخنەکانیدا نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێ: (هیچ لێکدانەوەیەکی ماتریالی ناتوانێ ئەوە لێکبداتەوە بۆچی پیاوی موسوڵمان ژنی بێ ئیمان ناخوازێ بەڵام ئامادەیە کیژی وەرزێری موسوڵمان بداتە کوری وەرزێری ناموسوڵمان و ژنە رازییە مێرد بە کوری دەرەبەگی موسوڵمان بکا کە لە باوەڕی ماتریالیدا دوژمنە چینایەتییەکەیەتی)[٣]. هەروەها، ئەو ناوی پێوەندی و پێکهاتەی مرۆڤایەتی لێ دەنێ لە لێکدانەوەی ماتریالیدا پێوەندی مارتیالین. پەیوەندی نێوان باوک و

[١] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٥٢. ل ٥٢.
[٢] هـ.س، ٥١.
[٣] هـ.س، ل ٤٥.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کۆڕ پێوەندییەکی مرۆڤانەیە بەڵام پێوەندی خەڵقی بە بازار و کار و بەرژەوەندییەوە لەوەیان جیایە و دەکەوێتە خانەی پێوەندی جەدەلییەوە، ئەڵبەتە، هەر بەڵگەیەکی مەسعوود محەمەد هێناوەتییەوە، لە چوارچێوەی ئەو باوەڕ و بیانوو و بنەما فکریانەوە بووە کە ماتریالیزم لە جەدەلیەتی پشتی پێیان ئەستوورە، ئەوانەی بە خۆیان گرتووە نەک بە شتێکی تر و بەو ئەنجامگیرییەی کە بە پێوەری لۆژیک لە لایەنە تیۆریەکانەوە پەیدا بوو حوکمم بۆی داوە[1].

زاراوەی بارودۆخی ماتریالی[2] کە هەموو شتێکی مرۆیی دەگرێتەوە لە ناو ئەوانەوە کە قسەی لەبارەوە دەکەن باوە، جا جەدەلی بن یا ناجەدەلی، ماتریالی بن یا میسالی[3] بەبڕوای

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٢٦، ٤٠.

[2] مەبەست لەو واقیعەیە کە ڕۆژانەیە بەری دەکەوین، بەنموونە هەرچی بیرۆکە و تیۆر و بەرنامەیە، لە ئاسمانەکانەوە دانەبەزیون، بەڵکو هەمیشە ڕەنگدانەوەی جیهانی ماتریالی و بەرژەوەندییە ماتریالیەکانن. و مۆدی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگرێژ دەکات، ئەوە ئاگایی مرۆڤ نییە کە بڕیار لەسەر بوونی کۆمەڵایەتیان دەدا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە بوونی کۆمەڵایەتییە کە بڕیار لەسەر ئاگاییان دەدات. واتە ئەو بارودۆخە واقیعە مێژووییەیە، کە ڕۆژانە بەری دەکەوین. دەبێ بزانین، ئێمە هەم لەناو مێژووداین و هەم مێژووشین، شتێک لە دەرەوەی ئەمە نییە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئالان وودس و ڕۆب سیوێل: ماتریالیزمی مێژوویی، و: کارزان عەزیز، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ١٧.

[3] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٦٤.

مەسعوود محەممەد، ماددە خۆی لە خۆیدا دەستەپاچەیە لەوەی شتێ ببزوێنێ کە ناتوانێ یا نایەوێ ببزوێ، لەدواتردا بۆی دەرکەوت کە یەکەمیدان بە ماددەی مردووی بێ ژیان و ئیرادە بەرانبەر بەشەر لە شیکردنەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەڵەیەکی بنەڕەتییە و هەموو حیسابێکی پەیوەست بە مرۆڤەوە تێکدەدا[1].

مەسعوود محەممەد دەڵێ: (شیکردنەوەی ماتریالی تایبەتە بە باسی سروشت و ماددەی مردووەوە بە دەستوورە هەمیشەیی و ئەبەدییەکەیەوە)[2] هاوکات لە لێکدانەوەی مەتریالانەی مێژوو و کۆمەڵایەتییەوە وابەستەن زۆر زۆر لە ڕاستی مەسەلەکەوە دوورن چونکە ئەوپەڕی قسەی باوەڕپێکراویان ئەوەیە کە مرۆ بە بێ ئاسن و کەرەسەی تر ناتوانێ فرۆکە دابهێنێ[3]. لەکاتێکدا، فەلسەفەی مادی لە بەرنامەیدا نییە چاوەنۆڕی فەتوای زاناکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بێت بۆ ئەوەی لەوانەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە وا بەلای خۆیەوە لە ڕێ شیکردنەوەی ئابوورییەوە وەڵامی بۆ حازر کردوون[4] هەروەها، بڕوای وایە، تێگەیشتنی ڕاست و ڕەوانی

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٤٣، ٤٤.

[2] هـ.س، ل ٥٨.

[3] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٥١.

[4] مرۆڤ و دەوروبەر، ب١، س.پ، ل ١٥٧.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مێژوو و کۆمەڵایەتی تەنها بەوە دەبێ کە هەرچییەکی مادده بە بیانووی فەلسەفی لە مرۆڤی زەوت کردووە پێی بدرێتەوە چونکە لە لێکدانەوەی بارودۆخی مرۆدا لە نێوان دەوروبەری ماددی و دەوروبەری مرۆیی دا کورت دێنێ[1].

مەسعوود محەممەد دەشڵێ: لەنەزەریەی مادیدا فێڵی فکری لەوەدا دەکرێت کە پەلەی ژیان و ناڕەزامەنی تاکیش بە خەباتی چینایەتی حیساب دەکرێ[2] لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێ: ماتریالستەکانی جیهانی سێیەم تووشی نەزۆکی فکریی بوونە لە بەهێزکردنی بیری مارکسیزمدا[3].

مەسعوود محەممەد، ڕەخنە لەو یاسایانەی مارکس دەگرێ کە بۆ مێژووی داناوە، لەو نێوەندەشدا سەبارەت بە یاسای وەچەرخانی ئاڵوگۆڕەکانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی، دەڵێ: بە عەیارەی بۆچوون و لێکدانەوەم بێ ئەوەی لەلای خۆمەوە ڕەخنەیان لێ بگرم، دەنا ئەو یاسایانە هێندە بێ عەیب نین ببنە ڕوانگەی تێوەڕامانی جیهان. چ ئەم یاسایانە بێت و چ فکرەی (تناقض) بێت هیچیان ئەو دەورەیان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا نییە کە فکری مادی بۆی داناون[4] لەگەڵ ئەوەشدا، بڕواموایە هەموو

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٦٤.

[2] مرۆڤ و دەوروبەر، ب١، س.پ، ل ١٤٨.

[3] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ١٤٣.

[4] مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، س.پ، ل ٢٣.

بلیمەتەکانی جیهان کۆببنەوە ناتوانن یاسای گۆڕانی چەند بۆ چۆن لەو تاریکستانە بەگەڕ بهێنن[1].

هاوکات، ڕەخنە لە یاسای نەفی کردنی نەفی دەگرێت و دەڵێ: مردن کە دژی ژینە و پێوەندی بە سەلبییەتەوە نییە لە ئاست دوو یاساکەی گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی و نەفی کردنی نەفی بەگژ بیری مادیدا دێتەوە چونکە نە نوختەی تەنگاتاوی تێدایە، گۆڕان پێک بهێنێ و نە خۆیشی نەفی دەکاتەوە بەرەو ژیان، هەتا مردن سواری مردن بکەیت (کە ناکرێ سواری یەکدی بین) هەر مردن و بەس[2] لەگەڵ ئەوەشدا، یاسای نەفی کردنی نەفی، پەک کەوتە دەبێ چونکە زەڕڕەیەک ماکی ڕووناکی لە تاریکاییدا نییە تاکوو تاریکاییەکە خۆی بۆ نەفی بکات. دەبێ ڕووناکی لە دەرەوەی تاریکیەکەوە بێت و بێ ڕەوێنێتەوە هەروەک نەساغی بۆ خۆی نابێتە شیفای خۆی، واتە خۆی نەفی ناکات، دەبێ دەرمان لە هەرێمی روناکی و زانستەوە بێت نەساغیەکە نەفی بکات[3].

مەسعوود محەممەد، سەرباری ئەو ڕەخنانە، ڕەخنەی لەو قۆناغبەندییەی مارکس گرتووە، کە بۆ ژیان و مێژوو کردوویەتی، لەمبارەیەوەش دەڵێ: مێژووش ئەوە نییە کە مارکس قۆناغەکانی

(1) مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، س.پ، ل ٢٢.

(2) هـ.س، ل ١٣٦.

(3) هـ.س، ل ٢٣.



ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ڕێی جۆری گوزەران و بژێوەوە هەڵناوە[1] چونکە دەبوو لە ڕێی مرۆ خۆیەوە بێ و هەمووخەسڵەتی چاک و بەدیەوە بە ڕێنموونیی (هۆش=عەقڵ) تەفسیری کۆمەڵایەتی و مێژوو بکرێت (کۆمەڵایەتی خۆی مێژووە. ئەم دەمەی قەڵەمم لەسەر کاغەز دەگێڕم خۆیەتی دەبێتەوە مێژوو)[2].

مەسعوود محەمەد، بڕوای وایە ئەوەی پێی دەڵێن کۆمۆنیزمی سەرەتایی لە زاراوەکەدا فرەوانکردن و ئاسانکارییەکی ئەوتۆ هەیە کە ئەو سەردەمەی بەسەر مێژوودا دراوە و بەرگەی ناگرێ ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کە سەرەتایی لەسەردەمی پێش ماڵاتداریدا ناچێتەوە هیچ تەفسیرێکەوە کە لە بناغەیدا پشت بە ئابووری ببەسێ چونکە دابەشکردنی نێچیر و دانەوێڵەی دەشت و میوەی دارستان بە شێوەی بێ بەربەست تەنانەت زۆر لە ئاژەڵیش ئەنجامی دەدەن و ئەو خۆراکانە خاوەنداریێتییان بە شێوەی مڵکداری و بەکارهێنان بە سوود نییە[3].

سەبارەت بە قۆناغی کۆیلایەتی کە مارکس داینـاوە، مەسعوود محەمەد ڕاستەوخۆ ڕەتیدەکاتەوە، چونکە ئەو بڕوای وایە، کە کۆیلایەتی سەردەمێکی میژوویی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەک سوپا و قوتابی فەرمانبەر و خەڵکی سەر بە

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٨٠.
[2] هـ.س، ل ٨٠.
[3] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٧٢.

پەرستگایە[1] جەخت لەسەر ئەم بۆچوونەش دەکاتەوە کە دەڵێ: فیعلەن کۆیلایەتی دیاردەیە و قۆناغ نییە[2].

هەر سەبارەت بە قۆناغەکانی مارکس قسە دەکات و ڕەخنە لە قۆناغی دەرەبەگایەتی فیودالی دەگرێ و دەڵێ: باسکردنی سەردەمی دەرەبەگ نە لە جێی خۆیدایە نە ڕاستە چونکە مەرج نییە خاوەنداریتی زەوی ئەنجامەکەی دەرەبەگایەتی بێ و مەرجیش نییە لە هەموو جێیەک و سەردەمێک دەرەبەگ بەشێ بێ لە چینی دەسەڵاتدار ئەو شێواندنەی بەسەر ئەو سەردەمە بنەڕەتییەی شارستانەتیدا دێ بە ناولێنانێکی ناشیرین لایەنێکی گەورەی پتەویی و ئەو بنەمایەی لێ دەسێنێتەوە کە دواتر شارستانەتی لە سەر هەڵچندرا[3] لەبەرئەوەی ئەگەر مڵکدارەتی نەبوایە کشتوکاڵ نەدەبوو و کشتوکاڵ نەبوایە گوند نەدەبوو و گوندە نەبوایە شار پێکنەدەهات و شار نەبوایە شارستانی نەدەبوو[4]. بەمشێوەیە، مەسعوود محەمەد، وەڵامی ئەو نووسینانە دەداتەوە کە مارکس نووسیویەتی و بڵاویکردۆتەوە. هاوکات دەڵێ: بە هەرچی پاک و پیرۆزییە سوێند دەخۆم،

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٧٣.

[2] ئازاد عەبدولواحید: س.پ، ل ٤٠٧.

[3] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٧٣.

[4] هـ.س، ل ٧٣.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەڵوەستەم بەرانبەر کۆمیونیزم و مارکسیزم لە ڕووی پەرۆشمەوە بۆ (ئادەمیزاد) بووە (لەبەرایی هەموانە کورد)[1].

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٧٩.

## ڕوانگەی بوونگەرایی-وجوودییەکان، بەتایبەت سارتەر[1] بۆ مێژوو:

بوونگەرایی- وجوودییەت، بە ئینگلیزی (Existentialism) واتە ئەو شتەی کە مەبەستە وەک فەلسەفەیەکی جددی سەیر بکرێ[2]، یاخوود، وەکوو ڕێبازێک بۆ ژیان ببینرێ. چونکە فەلسەفەی بوونگەرایی- بوونخوازی، زیاتر لە بوون دەکۆڵێتەوە[3] ئەڵبەتە بوونگەرایی، تەنیا ڕوو لە فەیلەسوفان و پسپۆڕەکانی کاروباری بیر دەکات[4] لەبەرئەوەی گرینگترین و بەهادارترین کێشەی فەلسەفی لەلای بوونگەراییەکان بوونی مرۆڤە و مرۆڤ بڵندترین فۆرمی بوونە و جێگای تایبەتی

---

[1] ژان پۆڵ چاڵس سارتەر، یەکێکە لە فەیلەسووفە بوونگەرایی-وجوودییەکان، ڕۆمان نووس، نمایش نووس و ڕەخنەگرێکی فەڕەنسییە، کە لە ساڵی (١٩٠٥) لە پاریس لەدایک بووە. بەشداری جەنگی جیهانی دووەمی کردووە. لەدوای جەنگ، بۆماوەک وەکوو وانەبێژ لە ئەڵمانیا بووە. بەناوبانگترین کتێبی بڵاوکراوەی (بوون و نەبوون)ە، کە لەساڵی (١٩٤٣) کەوتە بەردەستی خوێنەران. لەپاشان و لە ساڵی (١٩٦٤) خەڵاتی نۆبلی لە بواری ئەدەبی پێ بەخشرا، بەڵام ناوبراو ئەو خەڵاتەی ڕەتکردەوە. سارتەر لە تەمەنی ٧٥ ساڵی و لە ساڵی (١٩٨٠) لە پاریس گیانی بەخاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کۆمەڵێک نوسەر: ئاشنابوون بە سارتەر، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٦،٧،٨،٩،١٠.

[2] جۆن ماکواری: فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، چ٢، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٨.

[3] محەمەد کەمال: ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چ٣، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٣.

[4] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسووڵ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خۆی هەیە[١]. بۆیە ئەو فەلسەفەیە "جەخت لەچۆنیەتی ژیان و ئەزموونکردنی خودێتی مرۆڤ دەکاتەوە". لەم سۆنگە و بیرکردنەوەیە سارتەر دەڵێ: مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادی[٢].

لە ڕاستیدا، مرۆڤ لە یەکەمین بوونی خۆیدا و هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە هیچ شتێک نییە و ناکرێت بیدۆزینەوە لەبەرئەوە، سروشتی مرۆیی بوونی نییە، هەرئەمەش دەستنیشانی ڕوانگەی مرۆڤ بۆ مێژوو دەکات و بوونی ئەو لە نێو زەمەندا مانادار دەکات[٣]. بوون، یان بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەر، ڕاستەقینەیەکە، کە بەبێ ئەو هیچ شتێکی دی نابێت و ئێمە بەشێکین لەو، ئەوەی دەیزانین لە بارەی ئەوەوەیە، هەر شتێکیش لە بوون بەدەربێت، ئەوا نیە و ناناسرێت[٤]. بوونگەرایی کە فەلسەفەکەی لەسەر بوونە، ناکرێ بوون خاڵی بێت لە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی.

بوونگەرایی، ئاگامەندی هەبووەکان دەناسێت و هەبووەکانیش لەسەر بناخەی بوونیانەوە خۆیان بۆ ئاگامەندی دەردەخەن. بەڵام ئەو بوونەی بناخەی هەبووەکانە بە تەواوی

---

[١] محەمەد کەمال: ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چ٣، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٣.

[٢] پۆڵ ستراتێرن: سارتەر "سەرەتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی"، و: ئازاد بەرزنجی، ب.ش.چ سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٠١.

[٣] جان پۆڵ سارتەر: س.پ، ل ٧.

[٤] محەمەد کەمال: س.پ، ل ١٦.

خۆی دەرناخات. هەروەها هەبوویەک لە بوونی دانابڕێت؛ بوون هەمیشە لە هەبووەکاندا ئامادەیە؛ لە هەموو شوێنێکدا و لە هیچ شوێنێکیشدا نییە. هیچ بوونێکیش بەبێ شێواز نییە[١].

سارتەر پێی وایە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە ڕۆڵی مرۆڤ بگەین، دەبێ دوو ڕاییە مێژووییەکەی بخوێنینەوە، چونکە لە نێو مێژوودا ئەزموونی بوونگەرایانەی مرۆڤ بەرجەستە دەبێ. بۆیە مێژووگەرایی لەلای ئەو لە تێگەیشتن بۆ بوونی مرۆڤەوە سەرچاوەی دەگرێ[٢].

ڕەخنەگران، ڕەخنە لە فەیلەسووف و تیۆرە بوونگەراییەکان دەگرن، بەوەی کە بوونگەراییەکان ڕەخنەیان لە ڕێبازە میتافیزیکییەکان گرتووە[٣]، بەڵام لە ڕاستیدا، فەیلەسووفە بوونگەراییەکان دابەشدەبن بەسەر دوو بۆچوون، ئەوانیش بوونگەراییە باوەڕدارەکان، وەکوو کارل یاسپرز، گابرێل مارسیل. بوونگەراییە بێباوەڕەکان وەک هایدگەر و سارتەر. ئەڵبەتە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بوون پێش بنەڕەتە[٤].

---

[١] ژان پۆڵ سارتەر: بوون و نەبوون، و: د.محەمەد کەمال، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٠.

[٢] كلود ليفي شتراوس: الفكر البري، ترجمة: نظير جاهل، المؤسسة الجامعية للدراسات بيروت، ٢٠٠٧، صفحة ١٢٨.

[٣] جۆن ماکواری: س.پ، ل ١٩.

[٤] جان پۆڵ سارتەر: س.پ، ل ٢٦، ٢٧.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فەیلەسووفانی بوونگەرایی دەڵێن: مرۆڤ بەویستی خۆی نەهاتۆتە نێو بوون، بەڵام دەتوانێت بەویستی خۆی بوونێتی بسەلمێنێت، ئەمەش وەک سەرەتا و سەرەداوێک بۆ تێگەیشتن لە چەمکی مێژوو ئەژماردەکرێ[1]، ئەڵبەتە ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە چۆن مێژوو تۆماردەکەی و لەمێژوودا چۆن دەنوسرێیتەوە.

سارتەر، باس لە چەند چەمکێک دەکا، کە کاریگەیان لەسەر مێژوو و بوونیەتی مێژوو لە ناو مێژوو دەکا، هەر لەوێوە دەیەوێت بوونێکی رەسەن بکاتە ئامانجی ژیان. رەسەنێتی، بوونێکە کە لەدۆخی رەمەکی و گۆترەیی رەوتی مێژوو دەردەچێت. واتە، بوونێکە دەستەوسان و گرێدراوی رەوتی گۆترەی مێژوویی نییە. ئیدی ئەم دەرچوونە لەرێگەی گەڕان بەدوی رەسەنێتیدا چڕدەبێتەوە[2].

لەبەرئەوە سارتەر بڕوایوایە، دەبێ مرۆڤ لەرێگەی پرۆسەیەکی مێژوو کردەوە بەدوای بووندا بگەڕێ، چونکە بوون بیرکردنەوەیە. ئەگەرچی سارتەر چەمکی بە مێژوویکردن و مێژووێتی لەیەکتری جیادەکاتەو[3].

[1] نەوزاد جەمال: بوونگەری و مێژوو لەدیدی 'سارتەر'دا، وتارێکی بڵاونەکراوە.
[2] هـ.س،
[3] هـ.س،

## ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ بوونگەراییەکان:

ئەوەی لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد، تێڕوانین و بۆچوونی وجوودیەکان بوو سەبارەت بە مێژوو. مەسعوود محەممەدیش لەچەندین نووسینی جیاجیادا چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ، چ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لابەلا، ئاماژەی بە سارتەر کردووە، ئەگەرچی نووسینی تایبەتی سەبارەت بە بوونگەراییەکان-سارتەر، نییە و تێیدا قاڵ نەبۆتەوە.

لەم نێوەندەدا، مەسعوود محەممەد دەڵێ: (ئەو کەسانەی کە من ڕام لە بیروڕایان بووە، بیرناردشۆ و جان پۆڵ سارتەرە)[1]، دیارە، ئەم کەسایەتییانەی بەلاوە گرینگ بووە، بۆیە ئاماژەی پێکردوون. هاوکات، لەشوێنێکی تردا، دەڵێ: (ئەمە لە قەوارەی من گەورەترە و هی نووسەرێکی ئەورووپایی لە پلەی (شۆ) یا (سارتەر) دایە کە دنیا گوێیان لێ دەگرێ و گرنگیی بە بۆچوونیان دەدرێ و بە جددیی لێیان وەردەگیرێ)[2] لێرەدا جەخت لە گەورەیی سارتەر دەکات و بەو شێوەیە پێناسەی دەکات، کە دونیا گوێی لێدەگرێ. ئەڵبەتە ئاگاداری بەرهەمەکانی سارتەر بووە و ئاماژەی بە دوو بەرهەمی ناسراوی کردووە، ئەوانیش (گێژاو) و (دەستە پیسەکان)ە، کە بە دوو چرای گەشی

---

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ١٧٩.

[2] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٣٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سارتەر وەسفی کردووە[1] دەشڵێ ئەگەر بوار هەبوایە هەموو شۆرشگێرەکانم دەخستنە ژێر باری تێگەیشتنی ئەو دوو چیرۆکەوە کە زۆر سوود پێ دەگەیاندن[2]. لێرەدا، کەسایەتی سارتەر و نووسینەکانی بەرز دەنرخێنێ، بەشێوەیەک دەیەوێ سەرجەم شۆرشگێرەکان بخاتە ژێر ئەو دوو نووسینەی سارتەرەوە.

ئەگەرچی مەسعوود محەممەد گەورەیی سارتەر دەخاتە ڕوو، هاوکات دەشڵێ: (ئەم ڕا لێبوونەی من سەبارەت بە سارتەر نابێتە هۆی (پەسەندکردنی فەلسەفەکەیان)[3] لەو تێکستەدا دەیەوێ بڵێ، من نەکەوتوّتمە ژێر کاریگەری هیچ فەیلەسووف و نووسەرێکەوە. ئەگەرچی وەکوو کەسێکی جیهانیش وەسفیکردووە و بڕوای وایە خەڵکی گوێی لێدەگرن. تەنانەت ڕەخنە لەسارتەر دەگرێ و ئەو تاوانبار دەکات بەوەی حەیای مێژووی پارتی کۆمیونیستی چینی بردووە، کە دەڵێ: بەداخەوە سارتەر لە شۆرشی سەقافی چین، ڕۆژنامەی پارتی کۆمیونیستی چینی دەفرۆشێت. کە دەبێ بزانین ئەو شۆرشە حەیاچوونی سەرلەبەری مێژووی ئەو پارتییە بوو[4] هەروەها دەشڵێ: نووسەرێکی کۆمیونستی فەرەنسی لە کاتی بەدەم داهاتنەوەی کۆمیۆنیستێکی

(١) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ١٤.

(٢) هـ.س، ل ٣٨.

(٣) هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ١٧٩.

(٤) هـ.س، ل ١٧٩.

وەکوو خۆی هانا دەباتە بەر دروشمەکانی لیبرالیەتی[1]. لێرەشدا جارێکی تر مەبەستی سارتەر و فرۆشتنی ڕۆژنامەی پارتی کۆمیونیستییە. مەسعوود محەممەد سەبارەت بە فرۆشتنی ڕۆژنامە لەلایەن سارتەرەوە دەڵێ: (ئەوەی سارتەر ئەنجامیداوە بیانووی نییە مەگەر ئامانجی خۆسەپاندنی لە بواری ڕۆژنامەفرۆشیدا بووبێ، ئەوەش بە دەستبەردان لە پێوەری ڕەفتاری باو ئەگەرچی ئەوەش هەڵوێستەیەکی پێ دەوێ چونکە مەسەلەکە دەبێتە جۆرە نواندنێکی شانۆیی)[2].

جگە لەمە ئێمە کاریگەری ڕاستەوخۆی مەسعوود محەممەد بە هزری سارتە نازانین، بەڵام ئەوەی بیروبۆچوونەکانی مەسعوود محەممەد بە وردی بخوێنێتەوە، بەتایبەتی کتێبی بۆچوونێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، دەبینێ نا ڕاستەوخۆ وەک بوونگەرایەک تەماشای کارایی مرۆڤ دەکات لە نێو مێژوودا.

(١) مەسعوود محەممەد: بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٨٧.

(٢) کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٢٠.


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

**باسی دووەم: بیرکردنەوەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد:**

مەسعوود محەممەد، کەسێکی مرۆڤگەرایی بووە، چونکە لەڕێگەی نووسینەکانییەوە هەوڵیداوە، کە تەفسیری مرۆیی بۆ مێژوو و بکا و مرۆڤ وەک سەنتەری ڕوودا بزانێ، لەبەرئەوەی بڕوای وایە، مرۆڤ تاکە خالّق و خولّقێنەرە، هەر مرۆڤە هەموو ڕووداوەکان دەخولقێنێ، و ئەقڵ و هزری مرۆڤە، کە ڕووداوەکان ئاراستە دەکەن. لەبەرئەوەشە دەڵێ: کێشە گەورە و کارە زەحمەت و ماندووبوونەکەم لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی درێژ دەکەمەوە[1].

مەسعوود محەممەد دەڵێ: لە بنەڕەتدا لایەنی عەقڵی مرۆڤ، سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوەکانی جیهانی مرۆڤە بە چاک و خراپەوە. بە ناشرین و جوانییەوە، بە زوڵم و دادپەروەرییەوە، بە چرووک و بەرزیەوە[2] لێرەدا مەسعوود محەممەد بەرزی و پێگەی مرۆڤ لە جیهاندا دەخاتەڕوو و بە هەڵسوڕێنەری کۆی گشتی ڕووداوە مێژووییەکانی دەزانێت.

هاوکات، مەسعوود محەممەد بڕوای وایە کە ئەوەی لە جیهاندا دەگوزەرێ پێوەندی بە خوودی مرۆڤەوە هەیە و پێویستە لە مێژووی مرۆڤەوە بیرۆکە دروست بکەین. بەڕاستی و بێ فێڵ لە خۆ و لە خەڵک کردن سەرلەبەری چەند و چۆنیی هەموو

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٥٠.

[2] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٣٨.

ئادەمیزاد بریتییە لە مێژووی ئادەمیزاد[1] لەکاتێکدا ئەم قسەیە دەکات کە بۆی ڕوونبۆتەوە مرۆڤ تاکە هۆکاری ئەرێنییە لە گەشەکردنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەموو سەردەمەکاندا و ماددە و حەیوان و ڕووەک وەک بوونەوەر نەبێ هیچ ڕۆڵێکیان نییە و تەنیا ئەوەن کە مرۆڤ چ نەفامانە و چ بە فامەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکا و ئەنجامیش سەرکەوتن بێ یا تێکشکان ئەوپەڕی ئەوپەڕی توانای لە گۆڕانکاریدا ئەوەیە سەرنجی خواست و هیوا و تەمای مرۆڤ ڕاکێشێ تا دەست پێ بکا و ببزوێ[2].

وجوودیەتی مرۆڤ لای مەسعوود محەممەد زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، بەشێوەک بڕوای وایە، ئەگەر مرۆڤ لە بوونێکدا لابەری و تەنیا غەریزە تیایدا فەرمانڕەوا بێ، ئەوا لاپەرەی مێژوو و کۆمەڵایەتی دادەخرێتەوە[3] لەبەرئەوەیە کە پەرەسەندنی مێژوو، بە پەرەسەندنی مرۆڤ دەبەستێتەوە، بەشێوەیەک لە داهێنانە بە سوودەکانی و زەرەربەخشەکانیدا بەرجەستەیە، هیچی تر نییە[4].

تەنانەت، لای مەسعوود محەممەد پێوەندی مرۆڤەکان لە سەرووی هەڵوێستە ئایینەکانەوەیە، لەبەرئەوەیە دەڵێ: (سێزدە

---

(١) هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٢٨٩.

(٢) کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٥١.

(٣) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٥١.

(٤) هـ.س، ل ٦٠.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەدە زیاتر موسوڵمان و مەسیحی و جوو لە هەندێ شار و گونددا دراوسێن و کەرەسەی بەرهەمهێنان و بازاری ئاڵوویر و تێکەڵبوونی بەرژەوەنـدی نەیـانتوانی ئەو دیـوارە دەرونیـیەی نێوانیـان لابەرێ و هاوسـێتی چەنـدین سـەدەی موسـوڵمان و هنـدووس کێشـەی مانگـای لە باوەڕیانـدا یەکلایـی نەکـردەوە لە کاتێکـدا لە یەک سەرچاوەن و یەک زمان و یەک خاکیشیان هەیە و هەر ئەوەتـا لە یەک سـەرچاوەن و یەک زمـان و یەک خاکیشـیان هەیە و هەر ئەوەتـا لە یەک مـاڵ نـین. هەر نـاڕەزاییەکیش بەرانـبەر ئەم نەگونجانانە هەبێ شیکردنەوەی لە لێکدانەوەی مرۆیانەدا هەیە)[1]. لێـرەدا دەیەوێ ئەوەبسـەلمێنێ، کە مـرۆڤ زۆر لە قەبـارەی ئـایین گەورەترە، لە کاتێکدا دین بابەتێکی ڕۆحییە بۆ مرۆڤەکان.

مەسعوود محەممەد، لایەنی کـۆمەڵایەتی و بـابەتی مێژوویـی بەیەک شـت دادەنـێ و لای ئەو تەنیـا جیاوازیـان ئەوەنـدەیە کە لە زاراوەی زانسـت و هـونەر و چالاکییەکـانی مـرۆڤ ئەو هێنـدەی حاڵەتی بەشەر کە بریتییە لە گوتە و کردەوەی سەرلەبەری بەشـەر بەڵام کەس نییە[2]، لەو سۆنگەیەوە قسە بکـا کە مـرۆڤ ڕووداوە کۆمەڵایەتیی ومێژووییەکان دروست دەکات، ئەڵـبەتە مـرۆڤ خـۆی بە شـتێکەوە خەریـک ناکـات پێـی وا نەبـێ ڕوودەدا کەچـی ڕۆڵی مرۆڤ لە شتەگەلێکدا کە حەتمیەتیـان تێـدا نییە لە هەمـوو

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٤٥.

[2] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٢٨٩.

شتێک گرنگترە چونکە لەو بارەدا تەنیا هەوڵی هۆشەکی و دڵسۆز و کاریگەری یەکلایی کەرەوەی لە ڕوودان و ڕوونەدا، سەرکەوتن و سەرنەکەوتندا هەیە بەڵام شتی حەتمی دەچێتە بواری بۆچوونی ئامێرانەی پێشکەوتنەوە[(١)].

سەبارەت بە ڕۆڵی مرۆڤ لە دروست بوون و نەبوونی مێژوودا، وادەڕوانێ کە تاکە شت حەتمی لە ڕووداوەکانی مێژوودا پەرەسەندی مرۆڤ و پێشکەوتنی بەردەوامێتی بەرەو پێش، ئەوەش ئەگەر بشێ ناوی ڕووداوی لێ بنێین. ئەگەرچی زۆربەی جار لە پێشبینیکردنی ڕووداودا بەهەڵەدا دەچین ئەمەش سەرجەمی هەوڵە شکستخواردووەکانە بە کورت هێنانی پێشبینی دابنێین[(٢)]، لەمبارەیەوەش بڕوای وایە کە:

- ڕێ تێ دەچوو شۆڕشی بەلشەڤی[(٣)] سەرکەوتوونەبێ.

---

(١) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ١٠٣.

(٢) هـ.س، ل ١٠٣.

(٣) شۆڕشی بەڵشەفی: ڕووسیا یەکێک بووە لەو وڵاتانەی بەشدار بوو لە جەنگی یەکەمی جیهانی، بەمەش بارودۆخی وڵات لەهەموو لایەنەکانەوە شپرزە و خراپ ببوو، لەبەرئەوە لە ساڵی (١٩١٧) ناڕەزایی خۆپێشاندان دەستی پێکرد و بە شۆڕش کۆتایی پێهات، کە بەڵشەفییەکان تێیدا باڵا دەست بوون، بەتایبەتی بانگەشەیان بۆ کشانەوەی ڕووسیا لە جەنگ دەکرد. لەدوای ماوەیەک سەربازەکانی پایتەختیش ڕایانگەیاند کە چوونە پاڵ بەڵشەفییەکان، لەبەرئەوە حکومەتی کاتی زۆر بە توندی ڕووبەرووی بەڵشەفییەکان بۆوە لە داخستنی ڕۆژنامەکانیان و ڕاوەدوونانی ئەندام و سەرکردەکانیان و بە کارهێنانی سوپا لە بەرانبەریان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سامان حوسێن ئەحمەد: زلهێزەکان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٤٨، ٨٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

•ڕێی تێ دەچوو ئەڵمانیا جەنگی دووەمی جیهانی بباتەوە.

•ڕێی تێ دەچوو دەوڵەتی ئەمەوییەکان (٤١-١٣٢)ک زۆرتری بخایانیایە.

•ڕێی تێ دەچوو گاندی[١] غافڵکوژ نەکرێ... ئیدی بەو شێوەیە[٢].

مەسعوود محەممەد، لێرەدا دیسانەوە جەخت لە گرنگی و پێگەی مرۆڤ دەکات، کە ڕووداوەکان دروست دەکەن، هەر مرۆڤیشە چۆنی بوێ ئاراستەکەی بەم شێوەیە دەبات. لەگەڵ ئەمانەشدا کاریگەری تاک لە مێژوو و لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ چەند بابەتێکی تر هاوبەها دەکات[٣]، کە ئەمانەن:

---

[١] گاندی دووی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٨٦٩) لە ناو چینی بازرگانەکانی هیندستان لەدایک بووە، کە پێیان دەڵێن (بانیا). لە ساڵی ١٨٨٨ بۆ خوێندنی یاسا چۆتە بەریتانیا-لەندەن، لەدوای سێ ساڵ و لە ساڵی (١٨٩١) گەڕاوەتەوە هیندستان، یەکێکە لە کەسایەتییە مێژووییەکانی هیندستان و بە فریادڕەسی ئەو وڵاتە ناسراوە. لە سی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) لە کۆبوونەوەیەک لە دەلهی چاوەڕێی گاندییان دەکرد، لەکاتی گەیشتنی بەناو خەڵکەکەدا ڕۆیشت، بەڵام یەک کەس جێگای نەکرد و نەچووە دواوە، ئینجا لەبەردەمی گاندی وەستا و بە چەکەکە سێ فیشەکی لە گاندی گرت و کۆتایی بە ژیانی هێنا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: غاندی: چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا، و: شێرزاد هەینی، بڵاوکراوەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١١،١٣. ؛ جەین رۆلاسۆن: غاندی، و: کاوە میرزا صالح، چ٢، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠١١، ٥١.

[٢] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ١٠٤.

[٣] هـ.س، ل ٧٤

١- توانا و خەسڵەتەکانی

٢- کەسوهەوای گشتی، لە ڕووی ئامادەییەوە بۆ وەرگرتنی لێهاتوویی یا بەدەنگەوەچوونی دەنگی هەق

٣- ئەو کرۆکەی کە تاک لە بنیاتی کۆمەڵگەدا پری دەکاتەوە[1].

حەقیقەتی ڕۆڵی تاک لە سەرجەمی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ لێرەدایە و بنەمای هەموو شتێکی جبهانی مرۆڤە وەک تاکی جیاجیا یا بناغە بکەرین کە بە بەردەوام قادرمەی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتووە و ڕۆڵی تاک لە لووتکەدا جموجوولێکی بەردەوامی بێ بڕانەوەی هەیە. لێکدانەوەی مرۆیش لەم باسەدا لەو لایەنەوە ڕوونە کە تەمەشای مرۆ بە بوون و ڕەفتارییەوە دەکا و لە پشت تیۆری و کەرەسەی بەرهەمهێناوە نایکاتە خلّقەندەیەک کە بە ڕدێن بەرەو شتێکی حەتمی ڕاکێشرابێ[2] بە پێی ئەو ڕاستییەی کە گرینگترین لایەنی ڕۆڵی تاک کە بوونێکی کۆمەڵایەتییە. ڕۆشن دەکاتەوە، پێویست ناکا بیرمەندی ماتریالست دوودڵ بێ لەوەی دانی پێدا بنێ تاک چ ڕۆڵێکی لە سەر مێژووو هەبوە و هەرچۆنێ بێ لەوە ڕووەنتر هاشای لێ بکرێ و فەرمانێکی سوڵتانی پێش سێ سەدە سەد جار گۆرانکاری و ئاوەدانکردنەوە یا وێرانکردنی لەوە دەیان خۆپێشاندانە فەشەلکردووانەی بۆ

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٧٥.

[2] هـ.س، ل ٨٤.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

داخوازییەکانی جەماوەر دەکران زیاتر بوو[1] ئەگەرچی مرۆڤ کارێک دەکا و پێچەوانەکەی دەکا و هۆیەکەشی خۆی دەیداتەوە بەر مەزەندە[2].

ئەو تاکگەراییەی مەسعوود محەممەد سەرچاوەکەی ئەوەیە، کە ئەو متمانەی بە توانا عەقڵییەکانی مرۆڤ هەیە و پێی وایە لە بنەڕەتدا لایەنی عەقڵی مرۆڤ، سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوەکانی جیهانی مرۆڤە بە چاک و خراپەوە. بە ناشرین و جوانییەوە، بە زوڵم و دادپەروەرییەوە، بە چرووک و بەرزیەوە[3]. مرۆڤایەتیش مەبەست لە هەموو وجوودی ئادەمیزادەوە بە خۆی و کۆمەڵایەتی و مێژوو و تەفاعولی لەگەڵ دەوروبەردا، مەبەست لە هەموو لایەنەکانیەتی بە چاک و بەد و محاید و زگماک و موکتەسەبیەوە[4].

بەبڕوای مەسعوود محەمەد عەقڵی مرۆڤ مەزنترین جیاکەرەوەیە[5] دیسانەوە مەبەستی لە مرۆڤ و کارەکتەری مرۆڤە. هەروەها سەبارەت بە مادده و ئەو کەلوپەلانەی کە بوونیان هەیە، دەڵێ: کەرەسەی بەرهەمهێن لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤ دانەبەزیوە و لە خۆیەوە پەرەی نەسەندووە و لە تێگەیشتن

(1) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٨٣.
(2) هـ.س، ل ٨٤.
(3) کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٣٨.
(4) بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٨٩،٩٠.
(5) کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٥٠.

و ویستی مرۆڤ ڕەوتی نەداوە و کەرەسە یەکێکە لە نیشانەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ، زەرەربەخش بێ یا سوود بەخش؟ جا چۆن هۆشمەندیی بە یەکێ لە سەرچاوەکانی خۆی لەند دەکرێ؟ دەستەپاچەیی مرۆ لە پەرەپێدانی هەوجارِ بەرەو مەکینە بەگوێژەی توانای خۆی لەبەرئەوە نییە هەوجار بەرەو مەکینەبوون پەرەی نەسەند بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو هێشتا تاقیکردنەوەی مرۆڤ لە بازنەی هەوجار دەرنەچووبوو[1].

لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: مرۆڤی جەنگەڵمان دیووە بەرانبەر کەرەسە سەردەمییە سەرسوڕهێنەکان بووک دەبێتەوە چونکە لە سەرەوەی لێکدانەوەی دنیاییەکەی ئەودان و پێی وایە لە ئاسمانەوە، لەلایەن جادووگەرانەوە هێندراوەتە خوارێ[2].

مەسعوود محەممەد دەڵێ: (سوودی چییە و دڵم بە چی خۆش بکەم ئەگەر ڕۆڵی مێژوویی بە قارەمانێک بدرێ و دڵرەقەکان خەڵک بهەنجێنن و بسووتێنن و وێران بکەن و تاڵان بکەن و بە کەیفی خۆیان بەبەر چاوی جەماوەرەوە دوور لە بۆچوونانە فەسادی بکەن؟!)[3] هەروەها بڕوای وایە، کە گرد کردنەوەی ڕۆڵی تاک لە مێژوودا لای کەسێکی قارەمان کە لە چرکەساتی مێژووییدا تا ئاستی بەرپرسیارەتی بەرز بۆتەوە، لە

(١) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ١٠٣.

(٢) هـ.س، ل ٨٠.

(٣) هـ.س، ل ٧٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەدا نەوەد و نۆی گرینگیی تاک لادەبا و لاپەرەی لێکۆڵینەوەی لە ڕۆڵی دادەخا کە توێژینەوەی هەموو مێژووە و دەیکاتە خاڵی پچرپچڕی چرکەساتی مێژوویی دەگمەنی وا ئەگەر بەسەر یەکدا کۆیان بکەینەوە و بە دوای یەکدا ڕیزیان بکەین، بەکونی دەرزیدا دەچن و لە چەند چرکەیەکدا لێی دەبیتەوە [١]. بەڵام پێویستیشە دەلاقەیەکی روانین بەرەو لایەنی ڕووناک و هۆشمەندی مێژووی مرۆڤ بکرێتەوە کە نموونەی جوان لە تاکوتەرای هەندێ وڵاتدا دەبینین کە لە ڕێی ڕاپەرینی جەماوەرییەوە هەڵی بەختەوەری و مرۆڤیان لە وڵاتانی تر دا بە هێنانەکایەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی داوە [٢].

لای مەسعوود محەمەد، هزر و ئەقڵ بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، نەبوونی عەقڵ لای زندەوەران جگە لە مرۆڤ حوکمی دووبارەکردنەوەی خۆیان و ڕەفتاریانی سەدە دوای سەدە بە سەردا دراون بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەرەو چاکە بە سەر ڕەفتاریاندا بێ. هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی ئاژەڵ بە پێی شتێک ڕەفتار دەکا کە پێی دەگوترێ غەریزە. ئەمەش وەکوو وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن عەقڵی مرۆڤ بە تەنیا بەشی لێکدانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی

---

[١] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٧٧.

[٢] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٦٤.

زانست و تەکنیک و گەشەکردنی هونەر و ئەدەب و جۆرەها شتی باش و خراپ و بەرپابوونی جەنگ ناکا[1].

سەبارەت بەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری زانست و هونەر و ئەدەب و بیناسازیدا دەکرێ[2] مەسعوود محەمەد بڕوای وایە ئەمانەن داهێنانن و مەتریالی نین، بەڵکو مرۆڤانەیەکی دەستڕەنگینی پێشکەوتووشە[3]. تەنانەت، ڕەنگە کەسێ هەبێ بڵێ لێکدانەوەی مرۆیی بۆ مێژووی مرۆ وەک لێکدانەوەی ئاوە بە ئاو، لەبەرانبەردا ڕەتی ئەو قسەیە دەداتەوە و دەڵێ: ئەوە دارشتنێکی ورد نییە چونکە لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ئاوە بە ئۆکسجین و هایدرۆجین. دەشێ ئەگەر لێکدانەوەکە وردتر بێ و بە پێکهاتەیەکی تر بیپێوین کە کەسەرەی پێکهێنەری لە ئاو و زۆرتری بێ و ئاڵۆزتر بێ پێداویستی زیاتر بێ، لێکدانەوەکەش وردتر بێ. بەڵام تەفسیری ئاو بە ئاو، لەوە باشترە پێی بڵێین زەڕنیخ[4]. هەروەها، مەسعوود محەمەد، لەگەڵ ئەوەدایە کە دەبێ جیاوازی لە نێوان لێکدانەوەکان بکرێ، ئەوانەی کە ئەو ناوی پێوەندی و پێکهاتەی مرۆڤایەتی لێ دەنێ لە لێکدانەوەی ماتریالیدا پێوەندی ماتریالین. پەیوەندی نێوان باوک و

[1] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٤٥.
[2] هـ.س، ل ٧٣.
[3] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٦١.
[4] هـ.س، ل ١٠٩.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کورِ پێوەندییەکی مرۆڤانەیە بەڵام پێوەندی خەڵقی بە بازار و کار و بەرژەوەندییەوە لەوەیان جیایە و دەکەوێتەی خانەی پێوەندی جەدەلییەوە[(١)].

مرۆڤ خۆی شارستانیەتی و هێڵە ڕووناکەکەیەتی و ئەگەر زۆردارێک یا بە بەردبووییەک نقومی بکا جیاوازی نێوان خۆی و ئەوان دەردەکەوێ و مەودای یەکگرتنی نێوانیان دوور دەبێ[(٢)]. ڕۆڵی تاک لە ژیانی ڕۆژانەدا نە پەکی دەکەوێ نە دوا دەکەوێ و شانە سنجابییەکانی مۆحی لەنێوان خێر و شەڕدا دێن و دەچن و لە تاریکی و ڕووناکیدا تەونی خۆیان ڕایەڵ دەکەن و پرۆسەی ڕووخاندنی وێرانکردن و بنیاتنان و لاسەنگی تای تەرازووی بەقاڵ لادەبا و دەمی گاسن بەڕووی زەویدا پان دەبێتەوە و بۆ سۆزەوە دەیکێڵێ و لێدان دادەبەزێتە سەر پشت و پاڕانەوە بەرەو خوا بەرز دەبێتەوە[(٣)].

مەسعوود محەممەد، ڕازی نییە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ وەک بەرهەمێکی ماددی ڕەها تەمەشا بکرێ، بۆ نموونە، ڕەتی دەکاتەوە کە فڕۆکە شتێکی ماتریالییە، بەڵکو بڕوای وایە کە لوتکەی شارستانەتی مرۆڤ و هێمای دەستڕۆیشتن و نموونەی پێشکەوتنێتی و جیاوازی لەنێوان فڕۆکە و ئەو مۆخەدا نییە

---

(١) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٢٤.

(٢) هـ.س، ل ١١٠.

(٣) هـ.س، ل ٩٥.

کە زانستی فڕینی داهێناوە[1] ئەگەرنا، سەیرکەن پارچە بەردێکی سەرەڕێ شتێکی ماددییە بەڵام کە دادەتاشرێ و دەکرێتە بت خەڵک دەیپەرستن و لە ماددیەت دەردەچێ و خەریکە لە بازنەی مرۆڤ بچێتە دەرێ و بگاتە جیهانی پەرستراو[2].

مەسعوود محەممەد بڕوای وایە، جیهانی (هۆش لەبەر) کە بریتییە لە مرۆڤ کاریگەریی مرۆڤایەتی بەتەواوی و لە هەموو رووێکەوە جودایە لە جیهانی مادە و گیانەوەر چونکە ئەو خاسیاتانەی مرۆڤیان پێ دەناسرێتەوە کەم و زۆر نە بەونی و نە بە ئاشکرایی، لە هیچ بوونەوەرێکدا وجوودی نییە[3].

مەسەلەی مرۆڤ لە ئەلفەوە هەتا یا، لە بزووتنەوە عەقڵییەکەی پێک هاتووە لەو کەشووهەوایەدا کە تیایدا دەژی، جا لە کۆنی کۆنەوە لە دارستان بووبێ یا لە ناو شاخ و یا لە بیابان[4] و مێژووی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی و ڕەفتاری تاک و دەستەکانی و ئارەزووی ئاگایانەی و وەهمی ماتبوونی، هەموویان لەو خەسڵەتانەیەوە دێن کە لە بوونەوەرانی تر بە گشتی، بە مردوو و زندووییانەوە، جیای دەکەنەوە لە پێشەوەی ئەو خەسڵەتانەشەوە عەقڵی دێت لەگەڵ هەرچییەکی دەکەوێتە بەر

(١) بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٦٣.
(٢) هـ.س، ل ٦٣.
(٣) بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٢٣،٢٤.
(٤) کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٤٠.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

حوکمی توانای عەقڵەوە واز لە نەفس و خاڵی پێکگەیشتنی لەگەڵ عەقڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکتردا دێنم[1].

عەقڵــی مــرۆڤ ڕووناکــایی پێشــکەوتنی و جــگە لەوە چ ڕووناکـاییەکی تـری نیـیە مەگەر بە کزیـی لە هەسـتی شـاراوە و پەراوێزەوە بێ و هەندێ لە شتی غەیبـی بـۆ ڕوون بکـاتەوە و ئەو هەسـتەش لەوەیە بەهێـز بـێ و وای لـێ بـێ ببێـتە مەتەڵێـک کە پێویستە یەکلایی بکرێتەوە و شەرح بکرێ[2]. تاکە شت حەتمی لە ڕووداوەکانی مێژوودا پەرەسندی مرۆڤ و پێشکەوتنی بەردەوامێتی بەرەو پێش، ئەوەش ئەگەر بشێ ناوی ڕووداوی لێ بنێین. دەکـرێ زۆربەی ئەو گرنگییانەی دەدرێنە پاڵ حەتمیەت لابەرین و سەرنجی ئەوانەش بدەین کە بەرگری لێ دەکەن چۆن حەتمـیەت لابەریـن و سەرنجی ئەوانەش بدەین کە بەرگری لێ دەکەن چۆن حەتمیەتـی ڕووداوەکـــان لە دوای ڕوودانیـــان دەســـەلمێنن و زۆربەی جـــار لە پێشـبینیکردنی ڕووداودا بەهەڵەدا دەچـن[3] هەروەهـا، دەکـرێ زۆربەی ئەو گرنگییانەی دەدرێنە پاڵ حەتمیەت لابەرین و سەرنجی ئەوانەش بـدەین کە بەرگـری لـێ دەکەن چۆن چۆن حەتمیەتـی

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، س.پ، ل ٥٠.
[2] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٥٦.
[3] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ١٠٣.

ڕووداوەکـــان لە دوای ڕوودانیـــان دەســـەلمێنن و زۆربەی جـــار لە پێشبینیکردنی ڕووداودا بەهەڵەدا دەچن[1].

دەکرێ سەرجەمی هەوڵە شکستخواروووەکان بە کورتهێنـانی پێشبینی دابنێین چونکە مرۆ خۆی بە شتێکەوە خەریک ناکا پێـی وا نەبێ ڕوودەدا کەچی ڕۆڵـی مـرۆ لە شـتگەلێکدا کە خەتمیەتیـان تێـدا نیـیە لە هەمـوو شـتێک گرنگتـرە چـونکە لەو بـارەدا تەنهـا هەوڵی هۆشەکی و دڵسۆز و کاریگەری یەکلاییکەرەوەی لە ڕوودان و ڕوونەدا، سەرکەوتن و سەرنەکەوتندا هەیە[2].

هەرچی بەرهەمی عەقڵی و عـاتیفیی مـرۆڤ هەیە کە بوشـە وەیا کەرەستەی سروشتکرد تەعبیـری لـێ دەدرێـتەوە زادەی زاتـی مـرۆڤە کە مـامڵەت لەگەڵ بـوونەوەردا دەکـات، بەپێـی دەسـەڵاتی زاتەکەش تەعبیـــرەکە هەڵدەکشـــێ بـــۆ جـــوانی و ڕەنگینـــی و تەواوی[3]. ئەڵـبەتە، هەمـوو فەلسـەفە و بیـر و ڕایەک کە بە بـێ تاقیکـاری لە هۆشـی مـرۆڤ دەکەوێـتەوە، بە یەکـێ لەو پێـنج شێوەیە دەردەکەوێ:

١- ڕاستی ڕەها.

٢- تێکەڵیەک لە ڕاست و هەڵە.

٣- هەڵەی زۆر و ڕاستی کەم.

---

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ١٠٣.

[2] هـ.س، ل ١٠٤.

[3] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، س.پ، ل ٥٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٤- هەڵەی کەم و ڕاستی زۆر.
٥- سەرجەم هەڵە[١].

مەسعوود محەمەد بەرپەچی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن ئەگەر ماددە نەبوایە مرۆڤ ڕۆڵی لە گۆڕانکاری و پێشکەوتندا نەدەبوو، لە وەڵامدا دەڵێ ئێمە باسی مرۆ ناکەین کە خواوەند بێ و شت خەڵق بکا تا لە لێکدانەوەدا پێویستمان بەوە بێ پەرەسەندن لەوەوە دێ کە مرۆ ماددە لە هیچەوە دروست بکا و ئەوجا دەستکاری بکا. ماددە و زندەوەران و بەشەر وەک یەک هەن و ئەوجا ماددەی مردوو لە گیانەوەرەکان، بەهۆی ژیانەوە دادەبڕێ. دوای ئەوە زندەوەرەکان لە بەشەر بەهۆی هۆشەکەیەوە دادەبڕێ و جگە لە زندەوەران ژیانی بایۆلۆجی لە ماددە نییە و جگە لە مرۆ مێژوو لە زندەوەراندا نییە. ئەگەر بشمانەوێ لاملی بکەین دەرگا واڵایە و بەشەر بۆ خۆی لە ماددە دروست کراوە و لەسەر ماددە دەژی و سواری ماددە دەبێ و بە ماددە خۆی گەرم دەکاتەوە[٢] لە بواری مەتریالی بە گشتی و مەتریالی جەدەلیدا بە تایبەتی دەبێ دان بە یەکەمایەتی عەقڵدا بنێین لەوەدا کە ماتریالیست لە بواری دوانەیی دا دان بە ڕۆڵ و سەربەخۆیی یەکەمیاندا دادەنێ و خەسڵەتە مرۆییەکان بە گشتی ڕەت دەکرێتەوە ئەوەش بە دەقەکانی

[١] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ١٣
[٢] هـ.س، ل ٥١، ٥٢.

ماتریـالیزم خـۆی چـونکە مـادام عەقـڵ و خەسـڵەتەکانی مـرۆ بەبۆچـوونی ماتریالیسـت بەرهەمـی پەرەسـەندنی مـاددەن بەبـێ ئەوەی دەستی غەیبی تێدا هەبێ دوانەیی پێویست نـامینێ و دوای ئەوەش هەف نییە بیرمەنـدی ماتریالسـت لەوە بسـڵەمێتەوە ئەگەر بێـت و عەقـڵ پێشـڕەوی مێـژوو و کـۆمەڵایەتی بـێ چـاوەروانی خراپەی لێ بکرێ. لێکدانەوەی کەم لە نـاخی ماتریـالییەوەیە نەک دەرەوەی و ئەمەش ڕێگـرتنە لە بەرهەڵسـتکار گـۆیە بەڵگەکـان لە دەرەوەی ماتریالیزمەوە هـاتوون[1]. هەروەهـا مەسـعوود محەمـمەد ڕاڤەی مێژوویی بە حەڵاڵ و بێشەریکی مـرۆیە چـونکە کـۆمەڵایەتی بە تەئریخەوە مەلۆتکەی هەناوی مرۆیە، چاکتر ئەوەیە بڵێم هەنـاو مێشک[2]

مەسـعوود محەمـمەد دەڵـێ: لە دەگمەنـی دەگمەنتـر بـووە جەمـاوەری بنـاغەی هەرەم خـۆی رێکخسـتبێ و هێـزی خـۆی گـرد کربێتەوە و دەستی ئەوەندە رۆیشـتبێ بگـاتە لـووتکە. لە حـاڵەتی کەمدا کە جەماوەر ڕاپەرینی تاکێک لەو خەڵـکە جێـی لـووتکەی گرتۆتەوە و ئەگەر لە نـاوچووبێ بـزوتنەوە کە تێکشـکاوە و ئەگەر سەریشـکەوتبێ خـۆی بـۆتە لـووتکەی نـوێ و چـی ویسـتبێ وای لەگەڵ خەڵکدا کردوە[3].

---

[1] کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، س.پ، ل ٥٠

[2] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ١٨٧.

[3] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٨٢.


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

هەروەها مەسعوود محەممەد سەبارەت بە مرۆڤ بڕوای وایە کە خۆویستە و ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە خۆویستی سروشتێکی ڕەسەنە لە زندەوەردا و ئەگەر غەریزە حوکمی بزربوونی نەدا بزر نابێ ئەوەش لە بارودۆخی پاراستنی جۆردا و لە مرۆڤیشدا، مەگەر لە پلە پێشکەوتووەکانی شارستانەتیدا، بەهۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو کاتە نەمێنێ کە بەرژەوەندی تاک لە سەر بەرژەوەندی تاک لەسەری دەوەستێ کەمترە[1].

[1] بۆچوونێک لە سەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٨٩.

## باسی سێیەم: رەخنەی مێژوویی لای مەسعوود محەممەد:

وەکوو لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا، مەسعوود محەمەد یەکێک بووە لەو کەسانەی کە زۆر بابەتی جیاوازی شەن و کەوی کردووە. لەم باسەدا، ڕەخنەکانی مەسعوود محەمەد لە نووسینەوەی مێژوودا دەخەینەڕوو، بەتایبەت لە نووسینەوەی مێژووی کورد، ئەگەرچی سەبارەت بە زۆر بابەت قسەی کردووە، بەڵام تەنیا ڕەخنەکانی لە باسکردنی مەلای خەتێ و شۆرشی ئەیلوول شرۆڤەدەکەین.

### ڕووخانی میرنشینی سۆران و فەتواکەی مەلای خەتێ[1]

میرنشینی سۆران، دەسەڵاتیان لە ناوچەی ڕەواندز هەبوو، لە سەردەمی میر محەممەد[2] سنوور و دەسەڵاتی میرنشینەکە زۆر

[1] محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدولرەحمانە، لە ساڵی (١٧٨٥) لەگوندی خەتێ لە خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان لەدایک بووە، لەلای خەڵکی زیاتر بە مەلای خەتێ و لەناو زانایانیش بە (محمد الخطی الافندی) ناسراوە. و لەماوەی ژیانیدا چەند کتێبێکی نووسیوە. مەلای خەتێ لەسەردەمی پاشای کۆرە، فتوادەری ئایینی میرنشینەکە بووە، تاکوو ڕووخانی میرنشینەکە. ناوبراو لە ساڵی (١٨٦٠) گیانی بە خاک سپارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حەیدەر عەبدوڵلا: غەدرێکی مێژوویی فەتواکەی مەلای خەتێ لەدیدی "مەسعوود محەمەد"وە، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٢،١٣.

[2] میرمحەممەد-پاشای کۆرە: تاکوو ئێستا، مێژوونووسان لەسەر ساڵی لەدایک بوونی پاشای کۆرە کۆک نین. بەڵام زیاتر قسە لەسەر ساڵێ (١٧٧٥) یاخوود (١٧٨٤) دەکرێ، کە لە ڕەواندوز لە دایک بووە، لە گوندی دێڵزێ لە ناوچەی باڵەک خوێندویەتی، لەدوای ماوەیەک بووە بە میری میرنشینی سۆران، تاکوو


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فراوان بووە، بەشێوەیەک هەریەک لە ناوچەکانی ئامێدی، زاخۆ، ئاکرێ، کۆیە، ڕانیە، جزیرە ماردین و پردێ (ئاڵتون کۆپری) لە سنووری میرنشینی سۆراندا بوو، تەنانەت سنووری ئەم میرنشینە گەیشتۆتە نزیک کەرکووک[1] لەسەردەمی پاشای کۆرە، مەلای خەتێ دەکرێتە کەسێکی ئایینی و فتوادەری میرنشینەکە. بەڵام ئەوەی زۆر قسەی لەسەر دەکرێ و بۆچوونی جیاوازی لەنێوان مێژوونووسان هێناوەتە ئاراوە، فەتواکەی مەلای خەتێ-یە، لەکاتی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر میرنشینی سۆران، بە مەبەستی لەناوبردنییان، لەوکاتەدا لە ئاکرێ نامەیەک بۆ سەرانی میرنشینی سۆران دەنێرن و دەڵێن: شەڕی خەلیفەی موسوڵمانان نەکا[2] هەروەها تێیدا هاتووە (بەشەرت و عەهد و میساق و پەیمانی خولەفایانی ڕاشیدین بێت، کە لەگەڵ موسوڵمانان کردوویانە، ئەمینت دەکەم کە هەر شتێکی ئێوە پێتان ناخۆش بێت، لە هەقتاندا ئیجرا ناکەم و هیچ بێ دڵی و ناگوزارێکی لە ئێوە خۆش

سالی (١٨٣٦). لەدوای ساڵێک و لە ساڵی (١٩٣٧)، لەلایەن عوسمانییەکانەوە کوژرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جمال نبز: الامیر الکردی-میر محمد الرواندزی، و: فخري شمس الدین، چ٢، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٤٩، ٢٣٦، ٢٤٣.

[1] کاوس قەفتان: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابان، سۆران، بۆتان، چ٢، بڵاوکراوەی کتێبخانەی ژیان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٦٨.

[2] شەرەفخانی بدلیسی: شەرەفنامە، و:مامۆستا هەژار، بڵاوکراوەی پەخشانگای پانیز، چ٦، سنە، ٢٠١٣، ل ٣٥١. ل ٣٥١.

نەبێــت، لە ئــێمەوە بــۆ ئێــوە ڕوونــادات، ئارەزوومــان هەر ئەوەنــدەیە کە ئێــوە بــکەونە ژێــر ســێبەری (زیلّــولّلا)، ئەمیــری موئمینین کە زاتی ئەقدەسی شاهانەیە، ئەوجا لە هەمـوو بەڵایەک ڕزگار دەبن، لە دنیا و ئاخیرەتدا بە ئاسـوودەیی و کەیـف خۆشـی دەژین، شەهد و عەقـدێکی خەلافەتـی ئیسـلامی لەگەڵ ئومەڕایـانی ئیســلامی کــردووە، ئەمنــیش ئەو پەیمانەتــان لەگەڵ گرێــدەدەم کە ئەمـین بـن و نەترسێن، ئەمـن بە شـەفەقەت و عەدالەت ئێـوە وەکوو ئەولادی خۆم، لەژێر بـاڵی مەرحەمەتـدا بەخێـو دەکەم و بە نیشـان و خەڵات فەرمـانی میـری میرانـی ئەمـاڕەتی سـۆرانتان بـۆ تەسـدیق دەکەم، هەر چییەکت بوێـت و هەر پێویسـتیەکت ڕووبـدا دەیــــدەم، لە هەمــــوو تەنگــــانەیەک یارمەتیتــــان دەکەم و بەسەر دوژمنتاندا زاڵ دەکەم، ئەوانـیش لەدوای هاتنتـان بـۆ بـابی عالی دەکەوێتە ئیجرائاتەوە)[1] لەدوای ئەوە مەلای خەتێ نامەکەی بە نــاو لەشــکری میرنشــیندا بڵاوکــردەوە، ئەو فەتــوایەی کە گوتبووی: هەرکەس لە فەرمانی خەلیفە دەرچێ تەڵاقـی دەکەوێ و خـوێن و مـاڵی بـۆ موسـوڵمانان حەڵاڵە[2]. لەدواتـردا، بەشـێک لە مێژوونووســان، ڕەخــنە لە مەلای خەتــێ دەگــرن و بە خیــانەت تۆمەتباری دەکەن، چونکە فەتوایەکی لەمشێوەیەی داوە، کە دوور

[1] حوسـێن حـوزنی موکریـانی: سـەرجەمی بەرهەمـی حوسـێن حـوزنی، ب٢، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٦٣.
[2] شەرەفخانی بدلیسی: س.پ، ل ٣٥١.

 hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

**بــووە لە هەســتی نەتەوایەتــی و بیرکــردنەوەی کــوردانە، کە لەکۆتاییــدا بــۆتە هــۆی گــۆڕینی بیروبۆچــوونی پاشــای کــۆرە و لاوازبــوونی دەروونــی خەڵــکەکەی و خــۆ تەســمیل کردنیــان بە عوســمانییەکان. لەدوای ئەمە مەلای خەتــێ بــۆ مــاوەی نــزیکەی شــەش ســاڵ لە ڕەوانــدوز دەمێنێــتەوە، ئەوســا دەگەڕێــتەوە بــۆ گوندەکەی خۆی کە خەتێ-یە، ئەمەش بە ئــارەزووی خــۆی بــووە، نەک زۆرە ملێ[1].**

**یەکێـک لەو مێژوونووسانەی کە بۆیەکەمجـار ئەم فەتـوایەی مەلای خەتێــی لە کتێبــی مێــژووی میرانــی ســۆران بەم شــێوەیە بڵاوکــردۆتەوە، حوســێن حــوزنی موکریــانی[2] بــووە، لەڕاســتیدا**

[1] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، و:حەکیم کاکەوەیس، بڵاوکراوەی سایتی مامۆستا، چاپ نەکراو، ل ٤٣.

[2] حوسێن حوزنی موکریانی، لە ساڵی (١٨٩٣)، لە شاری مهاباد هاتۆتە ژیانەوە، موکریانی یەکێک بووە لەو کەسانەی کە بەرهەم گەلێکی سەبارەت بە کورد و کوردستان هەیە و بە یەکەم کەسیش دادەنرێ کە چەندین بەرهەمی لەسەر کورد و کوردستان هەیە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٥) بۆ (١٩٤٧)،هەژدە پەرتوکی چاپکراوە. لە تەمەنێکی کەمی ژیاندا ژمارەیەکی زۆری وڵاتان دەگەڕێ و هەموو کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی و ئێرانی گەڕاوە. لەدواتردا لە ساڵی (١٩١٥) لە حەڵەب لەڕێگەی چاپخانەیەکی بچووکەوە، هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەدەب و مێژووی کوردی داوە. لەدواتردا و لە ساڵی (١٩٢٥) هاتۆتە ڕەواندوز و چاپخانەی زاری کرمانجی دامەزراندووە. ناوبراو لە ساڵی (١٩٤٣) لە ڕەواندوز دورخراوەتەوە و ڕۆیشتووە بۆ بەغداد تاکوو مردنی لە ساڵی (١٩٤٧) لە پاشان جەستەیان هێنایەوە هەولێر و لە گۆڕستانی ئیمان محەممەد، ئەسپەردەکرا. زانیاری زیاتر بڕوانە: مەلا

موکریـانی لە دوای هەشـتا و حەوت سـاڵ لەدوای مردنـی پاشـای کـۆرە چـۆتە ڕەوانـدوز. لەوکاتەشـدا بنەمـاڵەی مەلای خەتـێ لە ڕەواندوز ناسـراون، لەبەرئەوە پـارچە زەوییەکـی بەراو بە کـاتی دەدەنە موکریـانی، لەو کاتەشـدا موکریـانی سـەرقاڵی نووسـینی کتێبی مێژووی میری سۆرانە، لەوسەروبەندەدا پێوەنـدی بنەمـاڵەی مەلای خەتێ و موکریانی تێکدەچێ، لەبەرئەوە دەیەوێ لە ڕێگەی نووسـینەکەیەوە تـۆڵە و رک و کیـنە کـۆمەڵایەتییەکە بە نووسـین بڵاوبکـاتەوە. تەنـانەت بە موکریـانی وتـراوە سـەرچاوەی نووسـینەکانت چیـیە؟ ئەویـش لەوەڵامـدا وتـوویەتی گرنـگ نیـیە، سەرچاوەی من کێیە، گرنگ ئەوەیە لە داهاتوودا دەبمە سـەرچاوە بۆ خەڵکی[1]. ئەڵبەتە، ئەوانەی لەسەر مەلای خەتـێ قسـە دەکەن و دەنووسـن، بەسـەر دووبەرەدا دابەشـبوون، نووسـەران و مێژوونووسانی عەرەب و تورک و فارس و کورد، بەشـێکیان مەلای خەتێ بە کەسێکی خیانەتکار و بەشـەکەی تـر بە کەسـێکی پـاکی وەسـفدەکەن. ئەوانەی بە خیانەتکـاری دەزانـن، پشـت بەو نووسـینەی موکریـانی دەبەسـتن، ئەگەرچـی لەلایەن ژمـارەیەک لە مێژوونووسـان وەڵامـی ئەو نووسـینەی حوسـێن حـوزنی موکریـانی دراوەتەوە و بە ناڕاستی لە قەڵەمدەدەن.

---

سامان هەڵەبجە: گوڵستان "ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد"، چاپخانەی هێڤی، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژاری موکریان، هەڵەبجە، ٢٠١٤، ل ٢٨٨، ٢٨٩.

[1] حەیدەر عەبدوڵڵا: س.پ، ل ٤٨


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**بۆچوونی مەسعوود محەممەد، لەمەڕ فەتواکەی مەلای خەتێ:**

وەکـوو ئاماژەمـان پێکـرد، ژمـارەیەک لە مێژوونووسـان قسەیان لەسـەر ئەو فەتـوایە کـردووە، لەم نێوەندەشـدا مەسـعوود محەممەد بەشـێوەیەکی ورد و لە زۆر نووسـینی جیاجیـادا وەڵامـی کۆی گشـتی ئەو بۆچوونـانەی موکریـانی داوەتەوە، چـونکە بڕوای وابـووە پێویسـتە هەقـیقەت و ڕاسـتییەکان بخـرێنەڕوو، ئەڵـبەتە مەبەسـتی لەمە بەرگریکـردن لە مەلای خەتـێ نەبـووە، بەڵکـو ویستوویەتی دادوەری نیشانبدات. لەمبارەیەوە خۆیشی دەڵـێ: بـۆ میحرابـی خەتێـی زانـا دەگەڕێـمەوە ڕێـیەکم گرتـۆتە بەر، ئەو ڕێگـایەش ئاسـان نیـیە، کە بـۆ بەرگریکردنـی دادپەروەرانە لە بۆچـوونی بەرپەچـدراو قسـەی لەسـەر دەکەم[(١)] و ئەوەی منـیش دەیکەم غەیری دەست خاوێنێ مێژوویی هیچی تـر نییە[(٢)] لێـرەدا بەشێوەی خاڵبەنـدی قسـەکانی مەسـعوود محەمـمەد سـەبارەت بە فەتواکەی مەلای خەتێ دەخەینە بەرباس.

یەکەم: کاتێک میرنشینی سۆران لەناوچوو و ئیمارەتی پاشا کـۆرە هەڵوەشـایەوە، لەم نێوەنـدەدا مەلای خەتـێ زەرەربەخـش بـوو، چـــونکە، لەدوای ئەو بـــارودۆخە لە حاڵوبـــاری مەلا دوای بەسـەرچوونی حاکمـایەتیی ئەمیـر (بەچەنـد سـاڵێک)

---

(١) حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ٥.

(٢) حاجی قادری کۆیی، ب٢، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٧٠.

گەڕاوەتەوە بۆ دێی خۆی و دەرسی فەقێیان، بەمەشدا یەک لە پاڵپشتە زلە وەهمییەکان دەڕمێت کە تەحلیلی فەتواکەی پێ دەکەن، نەک بە پەرۆشی بۆ چاکەی خەڵق و خوا چونکە وا چاوەڕوان دەکرێت خاوەن فەتوا پاداشتێک وەربگرێت ئەگەر چ ئومێدێکی دنیایی لە دڵدا بووبێت ئەرکی سەرشانی سووک بکات. هەروەها پێویستە بزانرێ کە هیچ یەکێک لە مەلاکانی کورد نەبووە بەو شکۆیەی دنیایی و ئەو پایە مەعنەوییە گەیشتبێت کە مەلای خەتێ بە درێژایی بیست ساڵ لە حوکمی پاشادا بە پێشەوایی دینەوە پێی گەیشتبوو[1].

دووەم: لەسەرەتای دانانی مەلای خەتێ بە (باش مەلا) و مەرجەعیەتی دینی لە قەڵەمڕەوی پاشای کۆرەدا لە میرنشینی سۆران، ڕێککەوتن و پەیمانێکی بنجی و سەرەتایی هەبووە، بۆ دەست نەخستنە نێو کاروباری یەکترەوە، کە هەریەکەیان لە مەیدانی خۆیدا ئازادبێ و سنوور و پەرژینی لێ نەشکێ. هەر لەبەر ئەم ڕێککەوتنە بووە مەلای خەتێ بێ دەنگ بووە لە ڕووی کردەوەی پاشا و دەستووپاوەندەکانی لە هەڵسووڕاندنی کاری حوکمڕانی کەوا گەلێک جاران چ خزمایەتێی نەبووە لەگەڵ فەرمانی قورئان حەدیس و شەریعەت. پیاوێکی وەک پاشای کۆرە هەرچەندە خزمەتی مەلایانیشی کردووە و گەشەی داوە بە خوێندن لە مزگەوتەکان جارەها کاری وای کردووە نەک هەر ئاین

[1] لە پەرۆشیەکانی ژیان، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٠٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەڵکوو کوێرە ئینسافیش لێی نەسەلماندووە، بەڵام بەلای خۆیەوە پێویست بوو بۆ سوودی حکومەتەکەی وەک پاشای کۆرە هەموو حاکمێکی تریش بێ ئینسافی و دڕندەش کردووە هەر کاتێک بە پێویستی زانیبێ، چەند حاکمێک نەبێ لە درێژایی مێژوودا کە ژمارەیان لە پەنجەی دەستان تێناپەڕێ[1].

سێیەم: ئەگەر مەحاڵ بۆ ئەوە بێنینەوە و بڵێین میر نەیتوانیوە بە ئاشکرا لەڕووی خەتێ بوەستێ، ئەی نەیدەتوانی پلانی لەناوبردنی بەجۆرێ لە جۆرەکان دابنێ و بەشێوەیەک لە شێوەکان بیفەوتێنێ ئەگەر میر توانای تێکشکاندنی لەشکری سوڵتانی بووبێ، وەک ئەوانەی مافی ئەو فەتوایە لە خەتێ دەسەننەوە لەسەر ئەوە سوورن کە خیانەتکاری کرێگرتە بووە، باسی دەکەن ئەی چاو ساغەکەی میر کوێر ببوو تا ئەو خیانەتە ئاشکرایە نەبینێ هەوڵێکی ڕەحمانی یا شەیتانی بۆ دەربازبوونی ئیمارەتەکەی لەو جۆلاییکەر-هەشتپێ بێ لاقە بدا؟[2] هەروەها ئێمە دەیزانین پاشای کۆرە لە حوکمرانیی خۆیدا دەستی نە پاراستووە لە کوشتن، یەکێک بووبێتە هۆی بێ هێزیی حکومەتەکەی وەیا ئەو گومانەی لێ کردبێ کوشتووەتی. بەر لە هەموو خەڵق مامەکانی خۆی کوشتوون. دەوجا پیاوێکی وا ڕژد لە سەر پاراستنی دەسەڵاتەکەی چۆن بێدەنگ و دەستپاچە

(1) حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧١.

(2) حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ٣٦، ٣٧.

رادەوەستێ لە ئاست مەلای خەتێ کە خەریک بێ کارێکی وا بکا کە تەخت و تاجی لێ تێک دا؟[1].

چوارەم: موکریانی لە کتێبەکەیدا باسی چەند شەڕێکی خوێناوی دەکا کەپێش گردبوونەوەی سوپای عوسمانی لە نزیک ڕەواندوز رویانداوە، دەبێ لەسەرەتاوە لەو فەتوایە تێبگەین کە پێش فەتواکەی خەتێ لە ئارادابووە و لەهەموو شەرەکانیشدا سوپاکەی میر لە دژی سوڵتانی موسوڵمانان شەری کردووە، ئەگەر بەرەوڕووبونەوەی سوپای سوڵتان هۆکاری کافر بوون و تەڵاق کەوتن بووبێ، ئەگەر خەتێ باوەڕی پێی بووە و لەسەری سوور بووە، بۆچی لە هەموو شەڕ و هەرایەی کە پێشتر ڕوویانداوە هەموو جارێکیش لەشکری عوسمانییەکان تێکدەشکا، لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستی شەرعی لە ئارادابووە، فەتواکەی دەرنەکردووە و چەند مانگ کرِ بوو تا ئاگر لە لانکەی شێرەکە نزیک کەوتەوە[2].

پێنجەم: مەلای خەتێ بەشێوەیەکی باش شارەزایی خوێنرێژیی پاشای کۆرە بووە، کەوایە کاتێک ئەو فەتوایەی داوە چۆن هەڵنەهات بۆ جێگاییێک خۆی تێدا بپارێزێ تا ئەو کاتەی ئیشی پاشا یەکلایی دەبێ؟ یاخود با بڵێین دەبوا لە پێشەوە مەلا پەنا ببا بۆ جێگەییێک کە لە دەسەڵاتی پاشا بەدەر بێ

---

[1] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧١.

[2] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ١٥.


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

ئەوسا فەتواکەی بڵاوکاتەوە. وەک دەزانین نە پاشا مەلای کوشت و نە مەلاش ترسا لە کوشتن چونکە فەتواکەی لەسەر ئارەزوو و پەسەندکردنی پاشا بووە[1].

شەشەم: مەلای خەتێ یەکێک نەبووە لەو سەرکێشانەی لە پێناو ساماندا یا بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووی سەرکێشی، خۆی بخاتە مەترسییەوە چونکە، جگە لە لێهاتوویی کە بەناو دەق و پەراوێزدا ئەمسەری دەکرد و سیواکێک کە دوای خواردن و پێش نووستن و سەڵاوات ددانی پێ پاک دەکردەوە، کەرەسەی ململانێ و دەمەتەقێی نەبوو و لە تەمەنێکیشدا نەبوو لەسەرەتای لاوێتیدا بێ و لە پێناو ملکی دونیا ئاواتی هێند بەرین بێ و ئایینی بۆ بەکاربێنێ. ئەوە جگە لەوەی کە فەتواکەی خۆی لە خۆیدا هەرەسی بە ئاواتی سامانی دنیا دێنێ[2].

حەوتەم: دەڵێن گوایە مەلای خەتێ لەبەر باوەڕی ئاینی خۆی کە نایسەلمێنێ موسوڵمان لە دژی خەلیفەی ئیسلام چەک هەڵگرێ، فەتوای دا بە کافر بوونی هەر کوردێک شەڕ بکا لەگەڵ لەشکری عوسمانی کە ئەوسا بە دەوڵەتی ئیسلام دەزانرا و پاشایان لە قەبی خەلیفەی پێوە بوو، گۆیا ئەو فەتوایە بوو لە شکری میری ڕەواندزێی لە شەڕکردن وەستاندووە و چەکی پێ فڕێ داوە و بە وەدا میری ڕەواندز ناچار بووە بە تەسلیم بوون

---

[1] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧٢.

[2] حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ٨.

و حکـومەتی لـێ تێـک چـووە. مەسـعوود محەمـمەد لێـرەدا هەڵوەسـتێکی دینـی لە تەک داخـوازی و پێویسـتیی هەڵوەسـتی قەومی و هەم بۆ مەبەستی (جدل) بە نموونە دەهێنێتەوە، کە وا مەلای خەتێ ئەو فەتوایەی دابێ، دووریش نابینێ لە حاڵی وەهـادا مەلایێک کورد بێ غەیری کورد بێ فەتوا بدا بە کافر بوونی پیاوی یاخی لە دژی خەلیفەی ئیسلام، دەنا ئەگەر بـۆ ئەم مەبەسـتە و لەبەر ئەوە نەبـێ کە فەتـواکەی مەلای خەتـێ زۆر بەسـەر زمانانەوەیە[1].

هەشتەم: سەبارەت بە حاجی قادریی کۆیی قسەدەکات، چونکە لە کـاتی دەرچـوونی فەتـواکەی مەلای خەتـێ تەمەنـی حـاجی بەلای کەمەوە دوازدە ساڵ بووە، بۆشـی ڕێککەوت لە مەدرەسـەی مەلای خەتـێ بخـوێنێ کە دەوری بیسـت سـاڵێک بەسـەر فەتـواکەی تێپەڕیوو. بەو پێیە حاجی قـادر لە دەمـی ئەو پەژارەیەدا ژیـاوە و لە هەواری هەڵمشـتووە بە نشـینگاکانیدا گەڕاوە و لای خـاوەنی خوێنـدوویەتی[2] هەنـدێ لەوانەی بە مێـژوودا ڕۆچوون پێیان وایە دژی ئیمارەتی محەممەد کۆر پاشـای ڕەوانـدوز بـووە و گـوایە فەتـوای داوە شـەرکردن لە دژی خەلـیفە حەرامە و بەوە پاشـاگەردانی کەوتـۆتە ریـزی سـەربازەکانی پاشـاوە و لە ئەنجامدا دەسەڵاتەکەی هەرەسی هێناوە. مەسعوود محەممەد دەڵێ

[1] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧٠.

[2] لە پەرۆشیەکانی ژیان، س.پ، ل ١٠٧.


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

خۆ ئەگەر خەتێ کارێکی وای کردبێ و دواییش چارەنووس حاجی قادری بۆ خوێندن بردبێتە لای و لە نێزیکەوە ئاشنای کاروباری بووبێ، هەر دەبوو لە شیعرەکانی نیوەی دووەمی تەمەنیدا، کە هۆشی بەرەو نەتەوایەتی کرابۆوە و چاکە و خراپەی تێدەگەیشت، باسی کردبا. ئاخر هیچ شتێکی زەرەربەخش و سوودبەخشی لە بواری نەتەوایەتیدا نەهێشتۆتەوە بە هەڵنان یا ریسوایی باسی نەکا و دیوانەکەی کە بۆنی ئەو وەهمەی تێدا نییە خەتێی زانای پێ تۆمەتبار بکا یا زەمی بکا[1].

نۆیەم: مەسعوود محەممەد قسەیێکی لەمبارەیەوە پێگەیشتوە، کە هیچ پێوەندییێکی خزمایەتی وەیا دۆستایەتیی بە بنەماڵەی مەلای خەتێ‌وە نییە، بە پێچەوانە لەلایەن مەشرەبی (تصوف)ەوە دەبێ بە ناحەزی مەلای خەتێش بژمێررێ سەرەڕای بێ پێوەندی چ سوودێکیش پێ ناگەیەنێ نە لە ئێستاکە و نە لە دوا ڕۆژدا لەو سوودە بەولاوە کە ناوەناوە دووچاری دەمەتەقەی بکا لەگەڵ ئەو کەسانەی مەلای خەتێ تاوانبار دەکەن. قسەکە کە هی لایەنگیری و خزمایەتی و سوودی شەخسی نییە، لە ناوچەیێکیشەوە هەڵستاوە شارەزایە لە رووداوەکانی سەردەمی پاشای کۆرە لە رەواندوز، ئەم گوتەیە ئینکاری فەتواکەی ناکا، بەڵام دەڵێ لەسەر خواهشتی پاشای کۆرە دەرچووە نەک لە دژی. واتە مەلای خەتێ بە پێی بەرژەوەندێک کە پاشا خۆی رەچاوی

[1] هاوسەنگکردنی تەرازوویەکی سەنگەڵا، س.پ، ل ١١٣.

کردووه بۆ ئەوه هەم وڵاتەکه وێران نەبێ و هەم ئابڕوو نەتکێ به پەله دواکات فەتوای ڕەوانەبوونی ئەو شەڕەی دەرچوواندووه تا ببێته هۆی ئیمکانی گێرانەوەی لەشکری کورد بۆ ڕەواندوز و کردنەوەی دەرگەییێکی ئاشتی و ڕێککەوتن. بەپێی بیستن و لێکدانەوەی خۆم دوو بەڵگەی گەوره پشتگیری ئەو ریوایەته دەکەن[1].

هاوکات لەگەڵ ئەو قسانه، مەسعوود محەممەد دەشڵێ: هیچ گومانی تێدانییه فەتواکەی خەتێ، ئەگەر بەڕەزامەندی میر بووبێ یا نا، بۆ ڕەشه خەڵکەکه فێنکاییەک بوو لەسەر دڵیان نیشت، چونکه ڕێی خوێن ڕشتنیانی گرت نامووس و سەرمایەیانی پاراست ئەگەر تۆش ئەی خوێنەر، یەکێ بوویتایه له دانیشتووانی ئەو سەردەمی ڕەواندوز هەمان ئاواتی ئەوانت دەخواست[2].

---

(1) حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٧١.

(2) حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، س.پ، ل ٤٠.


ئەم کتێبه له ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوه hewalname.com/ku

## شۆڕشی ئەیلوول:

لەدوای کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم لە چواردەی تەممووزی ساڵی (١٩٥٨)دا، ڕێبەری ناسراوی بزوتنەوەی کورد، مەلا مستەفا بارزانی[1]، ڕێگەی پێدرا لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بگەڕێتەوە عێراق، لەدوای دوازدە ساڵ مانەوەی لە دوورە وڵات. لەدوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، پاڵپشتی لە عەبدولکەریم قاسم کرد، لەبەرانبەر دوژمنەکانیدا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە عەبدولکەریم قاسم بەڵێنی بە مەلا مستەفا دابوو،

---

[1] مستەفا شێخ موحەمەدی بارزانی ناسراو بە مەلا مستەفا، لە ساڵی (١٩٠٣)دا لە گوندی بارزان لە دایک بووە، شۆڕشگێڕ و سیاسەتوانی کورد بووە، لە کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕۆڵی هەبوو، لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە ڕێبەری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە ساڵی (١٩٤٧)دا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت کوردستانی بەجێهێشتووە و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەوێدا ماوەتەوە، لە دواتردا گەڕاوەتەوە کوردستان. مەلا مستەفا لە ساڵی (١٩٧٦)دا بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەرکردنی نەخۆشی چۆتە واشنگتۆنی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەدوای سێ ساڵ مانەوەی لە یەکی ئازاری ساڵی (١٩٧٩)دا، بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆتایی بە ژیانی هات و لەسەر وەسیەتی خۆی لە شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاک سپێردرا. لە شەشی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩٣) لەگەڵ گۆڕی ئیدریسی کوڕی هێندرایەوە باشوری کوردستان و لە بارزان ئەسپەردەکرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مەلا سامان هەڵەبجە: ل ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٩.

کە ئۆتۆنۆمییەکی ڕێژەیی دەدا بە کورد، لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکرد[1].

ئەمەش بووە سەرەتایەک بۆ بارگرژی و تێکچوونی پێوەندی نێوان مەلا مستەفا و عەبدولکەریم قاسم. ئینجا وردە وردە ناخۆشی و ئاریشەکان سەریان هەڵدا و عەبدولکەریم لەگەڵ ڕاپەڕینی توندوتۆڵی کورد ڕووبەڕوو بۆوە، کە لە ساڵی (١٩٦١)دا دەستی پێکرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە مەلا مستەفا ژمارەیەک وتوویژی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق ئەنجامدا، بەمەبەستی کۆتایی پێهێنان بە ڕاپەڕینی خەڵقی و ئەو بارودۆخەی کە لە ناوچە کوردییەکان دەگوزەرا، بەمەرجێک ئۆتۆنۆمی ڕێژەیی بە کورد بدرێ[2]. بەڵام هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەبوو.

لە ڕۆژی یازدەی ئەیلوولەوە بۆردومان لەلایەن سووپای ئاسمانی عێراقەوە دەستی پێکرد، بە تێپەڕبوونی کات هەموو ناوچەکانی گرتەوە و لە پازدەی ئەیلوولیشدا سوپای عێراق جارێکی تر لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە هێرشێکی چڕوپڕیان دەست پێکرد بۆ سەر هێزە کوردەکان و یەکەکانی

[1] لوقمان محۆ (پرۆفیسۆر): کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا، و: وریا ڕەحمانی، ب١، چ٢، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤. ل ٣٩.

[2] هـ.س، ل ٣٩.


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یەکەکـانی بەرگـی میلـی کە جوتیارەکـان پێکیـان هێنـابوو[1]. لەدوای دوو ڕۆژ بەسـەر ئەو بۆردومـانە، لە حەڤـدەی ئەیلوولـدا نـاوچەی بـارزانیش بۆردومـان کـرا[2]. لەبەرانـبەر ئەوەدا، لە زۆربەی نـاوچە جیاوازەکـانی کوردسـتان یەکەی چەکـداری دروسـت دەبـوو بـۆ بەرگـری کـردن لە خۆیان و بەرهەڵستی هێزە حکومییەکان[3].

ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ لاواز بوونی حوکم و دەسەڵاتی حوکمەت، مەلا مسـتەفا سـوودی لە بـارودۆخەکە وەردەگـرت، لە مانگەکـانی تەممـوز و ئابـدا، بارزانییەکـان بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم ناتوانێ پشـتیوانییان لـێ بکـا، هێرشـیان کـردە سەر ناوچەکانی دوژمن و زیـاتر لە (٧٠٠٠) هەزار کەس، دەربەدەر بوون و پەنایـان بـۆ تورکیـا و ئێـران بـرد، لە ناوەڕاسـتی مـانگی ئابیشـدا، مەلا مسـتەفا بە تەواوی باشـووری کوردسـتانی لە ژێردەستدا بوو، ئەگەرچی هێشتا پاڵی بە یاخی بوونەوە نەدابوو[4] ئەڵـبەتە چارەنووسـی یـاخی بـوون لەدەسـتی پـارتی دیمـوکراتی

---

[1] لازاریـف: مێـژووی کوردسـتان، و: وشـیار عەبـدوڵلا سـەنگاوی، چـاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨. ل ٤٥٩، ٤٦٠.

[2] لازاریف: مێژووی کوردستان، س.پ، ل ٤٥٩.

[3] هـ.س، ل ٤٥٩، ٤٦٠.

[4] دیڤید مەکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، کتێب فرۆشی سۆران هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٥٠٩

کوردستان نەبوو، بەڵکو لەدەستی مەلا مستەفا و سەرۆک هۆزەکان بوو[1].

لەدواتردا، لە کۆبوونەوەی لیژنەی ناوەندی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیە باس لەم ڕووداوە کراوە: ئەم بزوتنەوەیە بایەخ و گرینگی زۆرە، بەتایبەتی لە ڕووی پراکتیکیەوە، بەشێکە لە خەباتی شۆڕشگیرانە و دیموکراتیخوازانەی گشتی بۆ هەموو گەلی عێراق، چونکە ئەم شۆرشە خەباتێکی چەکدارانەیە و کوردستان پێی هەستاوە لە دژی دیکتاتۆریەت و شەڕانگێزی و بەدەست هێنانی مافەکانی[2].

[1] دیڤید مەکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، س.پ، ل ٥١١.
[2] لازاریف: مێژووی کوردستان، س.پ، ل ٤٦٠.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**بۆچوونی مەسعوود محەممەد، لەمەڕ شۆڕشی ئەیلوول:**

سـەبارەت بە شۆڕشـی ئەیلـوول، مەسـعوود محەمـمەد بە شێوەیەکی زۆر جیـاواز لە نووسـەران و مێژوونووسـانی تـر باسـی لێوەدەکـات، بەشـێوەیەک ئەوەی ئامـاژەی پێـدەکا، هـیچ پێوەنـدییەکی بە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و مەلا مستەفاوە نیە. بەڵکو دەڵـێ: لە هـاوینی ساڵی (١٩٦١) لە قەزاکـان لیـژنە دەردەچوون بۆ تەخمینی بەرهەمی کستوکاڵ، لە دەشتی کۆیە کە لە لایەن مـدیر نـاحیەی تەق تەقەوە دەقرسـا، مەحمـوودی کاکە زیاد، بێ پرسـی بـاوکی لیـژنەی ڕاونـا بە ڕیسـوایی بـۆ تەق تەقـی گێـڕایەوە، خۆیشـی بە تاقمێـک چەکدارەوە دەسـتی چیـای گـرت. ئینجـا پـژدەر و ڕانـیە پشـتگیری خۆیـان بـۆ مەحمـوود دەربـڕی[1]. ئەمە بـووە سـەرەتایەک بـۆ بە کـردار بـوونی ناخۆشییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و کوردەکان. دواتر خەبەر بڵاوبـۆوە کە وەزعـی وڵات شـێواوە و هەمـوو عەشـیرەتەکان لە حکـومەت پشـت ڕێ بـوون و ڕێ و بانیـان لە ڕووی حکـومەت بەسـتووە، لەدواتـردا و لەدوای پسـانی مـووی معـاوییەی نیـوان حکـومەت و سـەرۆک عەشـیرەتەکان هـیچ تروسـکە نەمـا[2] بەڵام ئەوەی دەسـتی هەبـوو لە تیژکـردنەوەی چەرخـی چەخمـاغی سەبیل کەمالی عوسماناغا بوو، کە خـۆی بە بەرپرسـی کاروبـاری

[1] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٣٥٧.

[2] هـ.س، ل ٣٦٢.

کوردەواری دەزانی، دەزانم بە ئاسانی ناچێتە دڵانەوە بڕیاری وەها گرنگ و پەیوەست بە چارەسنووسی وڵاتێکەوە بە لێک خشاندنی دوو چیلکەی ناو دەستی کەماڵەوە پرووشکی سووتێنەری لێ هەڵبەزێتەوە بۆ گەلە خەرمانی وڵاتێکی وەک عێراق[1].

لەدوای ئەوە حکومەتی ناو شار دەسەڵاتی نەمابوو لە بەر چەکداری حیزب و عەشیرەت[2] خەڵق بەشێوەیەک دەیڕوانی کە عەبدولکەریم ناتوانی فەوجێک عەسکەر ببزێوێت و هیچی پێ ناکرێ[3] تەنانەت زاپتێکی کۆیی زۆر بێباکانە لە بێهێزیی جەیش دەدوا تا ئەوەی چارەسەرکردنی فرۆکەکانیشی بەلاوە زۆر ئاسان بوو[4] لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی دۆست و خزم و ناسیاو بوو، کە لەسەرەتادا بوون و گەرمە تەریق بوون لە چەک هەڵگرتن دژی حکومەت دەیانگوت، بەوەندە سوێند و قورئانە مانگێک نابا عەبدولکەریم ڕجا لە فلانەکەس دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو نا...ڵیەی کردی[5].

بەمشێوەیە، هێدی هێدی هەراکە گەورە بوو و لە ڕۆژی یازدەی ئەیلوولی (١٩٦١) لەشکر بزووت و بۆمبارد‌مان دەستی پێکرد[6].

[1] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٣٦٠، ٣٦١.

[2] هـ.س، ل ٣٦٥.

[3] هـ.س، ل ٣٥٨.

[4] هـ.س، ل ٣٦٥.

[5] هـ.س، ل ٣٦٣.

[6] هـ.س، ل ٣٥٤، ٣٦٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ڕۆژی دەی ئەیلوول دەمەو عەسر تەیارەیەکی مۆدێل کۆنی تەنبەڵ بەسەر شاردا تێپەڕی و بەیاننامەیەکی هەڕەشەی فڕێ دا بە هەزاران نوسخە، کە وا سبەینێ لەشکر بەرەو کۆیی دێ، هەر بەرهەڵستی و دەست کردنەوەیەک بەرانبەر لەشکر بکرێ شارەکە کاول دەبێت، بەیانی ڕۆژی یازدەی مانگ لە بانی کۆشک بە جارێ بەسەر چارپاوە ڕاکشابووم ڕۆژیش گزنگی نەدابوو دیتم لەلای ڕۆژئاوای جنوبییەوە دوو تەیارە وەکوو دوو برا داهاتنە زەوی و دووکەڵی تەمەنیشیان بە دوایانەوە شریتەی پێچەڵ پێچی دەکێشا. زانیم ئەم هێرشە بۆ سەر نوختەی تەفتیشی چەکدارەکان بوو کە لە سێ کیلۆمەتری شارەوە بەسەر سێڕییانی هەولێر و کەرکووک و کۆیەوەیان ساز دابوو. یەکسەر ڕاست بوومەوە دەنگی خەڵقم دا کە لە سەربانان نەمێنن نەکا بێلزووم ببنە ئامانجی شەستیری فرۆکەی گێچەڵاوی. نەختێک بێباکی وەیا نە شارەزایی سەری کێشایەوە بۆ ئەوەی پیکەپێکی کۆمەڵە کرێکارێکی سواربوو بوو لە ڕۆخ شارەوە بۆ سەر ئیشی خۆیانی دەبردن تەیارەیان گەیشتێ و گوللەبارانی کردن و کرێکارێک کوژرا. بەمەدا خەڵق ترسی لێنیشت. دواتر دەنگ بڵاوبۆوە کە نەترسن ئەمە تەقەی ترساندننە، ئیدی چەکدارەکان نوختەی تەفتیشیان چۆڵ کرد و بۆی دەرچوون چونکە تفەنگی هەناسە سارد چی پێ ناکرێ لەگەڵ تەیارەی میگ، مانەوەی چەکدار لە

شـــوێنی خـــۆی دوای ئاشـــکرابوونی لە مـــردن بەولاوە چـــی دی پێوە نییە[1].

لەوسەروبەندەدا، هێزێکی قەڵەباڵغی عەشایر لە دێگەڵە بوو، وەختێکی جەیشیان لێ نزیک بۆوە و چەند تەقەیەکی لێ کردن هەموویان پایدۆستیان لێ کرد. شەوێ، دنیا تاریک بوو بوو جەیش گەیشتە شار، ژنانی سەر بە چەپ بە چەپڵەڕێزان بە خێریان هێنان، بەڵام مەرحەبای لێ نەکردن. گوێمان بە گرەی زرێلی جەیش و چەپڵەڕێزانی ئافرەتان بوو، حاڵەتێکی کەساسی ئەوتۆ دایگرتم خۆم بۆ نەگیرا، پشتم لە خەڵقەکە کرد ڕووە و هەیبەت سوڵتان لەو تاریکییەدا فرمێسکی حەسرەت و بێدەسەڵاتی و هەستی شوورەیی و کردنی ئەو چەپڵانە سەری کرد. تا ئەو دەمە تەجرەبەی وەها تاڵم نەدیتبوو. سەرلەبەری چەکداری عەشایر کە بە تەما بوون عەبدولکەریم دەخالەتیان پێ بکا وەها هەڵاتن نەبێتەوە ئنجا ژنانیش بۆیان تەواو کردن بەو چەپڵە و هەلهەلانە، وەها دەهاتە پێش چاو کە کوردی دەڵێ پەردەی ناموس دازڕا. لەدواتردا بەیەک دوو ڕۆژ جەیشەکە بەرەو رانیە ڕۆیشت[2].

مەسعوود محەممەد بڕوای وایە، بەرگە نەگرتن و کۆڵدان دەرخەری ئەوەیە کە چەکدارەکانی بە گیانێکی گەرمی بێ

[1] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٣٦٦.

[2] هـ.س، ل ٣٦٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تەجرەبەیی و سادەییەوە دنیایان دابووە بە داس. تەنانەت زۆر بەکەمی و بە درەنگەوە تەقە کراوە و یەکەم تەقەی چەکدار لە جەیشیان کردبێ ئەوەبوو خاڵە جنێدم و چەند کەسێکی خۆی لە ڕێگەی نێوان ڕانیە دەربەند بەری جەیشیان پێ گرت[٢].

بەمشێوەیە مەسعوود محەمەد باس لە شۆڕشی ئەیلوول دەکات، کە هیچ پێوەندییەکەی بە مەلا مستەفاوە نییە، تەنانەت سەرەتای ئەو کێشەیە لە شاری کۆیەوە سەریهەڵداوە و تەشەنەی کردووە، هاوکات، ئەمەی بە شۆڕش ناونەبردووە، بەڵکو بە هەرای باسی دەکات و چەند جارێک جەخت لەسەر ئەو چەمکە دەکاتەوە. لەو باسەشدا، بۆمان دەردەکەوێ کە مەسعوود محەمەد سەرلەبەری ئەو مێژووە ڕەت دەکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە بە هەڵە نوسراوە.

[١] گەشتی ژیانم، س.پ، ل ٣٦٦.

# بەشی سێیەم
# ڕوانگەی مێژوویی مەسعوود محەممەد

## باسی یەکەم
## ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ مێژووی جیهان

## باسی دووەم
## ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ مێژووی ناوچەیی


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشی سێیەم: ڕوانگەی مێژوویی مەسعوود محەممەد:

### باسی یەکەم: ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ مێژووی جیهان

پێویستە بزانین، کە مەسعوود محەممەد بڕوای وایە کە کۆی گشتی ڕووداوەکان ناچێتە نێو خانەی مێژووەوە، چونکە لە ملیۆنەها ڕووداوی سەر بە کۆمەڵان و ملیارەها ملیارە ملیارەها ڕووداوی سەر بە تاک تاکێکی ناچێتە تۆمارخانەی مێژوو. ڕۆژگاری خۆت و خانەوادەکەت و گەڕەکەکەت و شارەکەت لە دەمی تێپەڕینیان بە نەبوو دەبن مەگەر یەکێک لەو ڕۆح لە بەرانە قارەمانی ڕووداوێکی زرینگەدار بێت. شتێکی لە شکڵی (مێژوو) دەماودەم و کتێباوکتێب بە ئێمە گەیشتبێ ئەگەر هەمووشی ڕاست بێت هەر ناکا هیچ[1] چونکە:

١- کەمێکی زێدەکەم لە ڕووداوان نووسراونەتەوە تا ئەوەی نەتەوە زۆرن ڕابووردوویان بە تەواوی لە تاریکیدایە.

٢- ئەگەر مەساحەی ڕووداو و قسە و قسەلۆک و مامڵەت و شەڕ و ئاشتی و وردیاتی کردار و ڕەفتار و گفتاری خەڵک لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ڕەمەی (١٠٠٠٠) دە هەزاری بۆ دابنێین ڕەنگە کەمتر لە (یەک ڕەقەم) بەر ئەو شتانە بکەوێت کە بە مێژوو ڕادەگەن، (٩٩٩٩) یەکەی تر وەک دەنگی ڕەشەبا و قڕەی قەل و گرمەی برووسکە و هاژەی ڕووبار لە خۆوە دەفشێنەوە و توونا دەبن. بەڕاستی و بێ فێڵ لە خۆ و لە خەڵک کردن

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٢٨٧.

سەرلەبەری چەند و چۆنیی هەمـوو ئـادەمیزاد بـریتییە لە مێـژووی ئادەمیزاد. کۆمەڵایەتی و مێژوو یەک شتن، فەرقیان ئەوەنـدە هەیە کە لە زاراوەی زانست و هـونەر و چالاکییەکـانی مـرۆ ئەو هێنـدەی حـاڵاتی بەشــەر کە بـریتییە لە گـوتە و کـردەوەوەی سـەرلەبەری بەشـــەر بەڵام کەس نیــیە، یەک لە (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠)ی کـــردووە و گوتەی گەڕەکەکەی بزانێت. لەوی دەشزانرێت و دەبیسـترێت، یەک لە (١٠٠٠٠)ی بە بیـری کەسـدا نـایەت. دەسـا حـوکمی ئیعـدامیش بەسـەرەوە بێـت نـازانم لە ڕۆژی بیسـت و پێنجـی ئـابی سـاڵی (١٩٢٨) و دووەم سێشـــەمووی مــــارتی (١٩٣٠) و یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانـی (١٩٣٥) چ گـوتراوە و چ کـراوە و چ ڕووی داوە لەو شوێنانەی لێیان بووم. هەر هیچم لەبیر نییە، تۆش هەر وایت. گرەگرێکی ڕووداوی بە هاتووبات دێتە بەر گوێ کە خەیاڵی هێندێ کەسـەوە، ئەویـش نەک بەردەوام کە مـومکین نیـیە مێشـک وەک کاسێت پر بکـرێتەوە بە ملیۆنەهـا ڕووداو و نەشـتەپێ. خەڵکێکـی ئەو کەمتاکورتەی ئەحـواڵی دەوروبەری خـۆی بیسـتووە و دیتـووە (دواتریش لەبیری چـۆتەوە) گریمـان فەرامۆشـی نەکـردووە. لە دە هەزاری یەکێکی گوێی بە مێژوو نابزوێت، نایزانبێـت، تێـی ناگـات. بەکەڵکی نایەت. ئینجا ئەگەر تاک و تەرا گوێی پێ بـزووت و تێـی گەیشت چ سوودێکی لێ وەردەگرێت. چۆناوچۆنی بەرنـامەی مـاڵی


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خۆی و خاڵی شارەکەی و مەفتەنەکەی بەو هێندە مێژووی قـوت و قرتیلە ڕەنگڕێژ بکات[1].

مەسعوود محەممەد، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە میتـۆدێکی زانستی ئەکادیمی لە نووسینەکانیدا پەیڕەو نەکردووە، لەبەرئەوەیە بەشێوەی یەک لەدوای یەک بابەتەکانی نەنوسیووە، بەڵکو لەکـوێ پێویستی کردبێ ئاماژەی پێکردووە، ئەڵبەتە لە زۆر کتێبیدا باسی لە مێژوو کردووە، چ بەشێوەی گشتی بێ، یاخوود لاوەکی بـێ، لە کتێبی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆچی بە شێتخانە دەچـێ بەتـایبەتی باسی لە کۆی گشتی مێژووی جیهان کـردووە، بە مێـژووی کـۆن و نێوەڕاسـت و نـوێ و هـاوچەرخەوە. بەڵام، لێـرەدا ژمـارەیەک لەو ڕەخنانەی کە لە مێـژووی جیهـان، بەتـایبەتی ئەو قۆناغبەنـدییەی مـارکس گرتـووە و بۆچـوونی خـۆی لەبـارەیەوە خسـتۆتەڕوو بـاس دەکەین.

مەسـعوود محەمـمەد خـۆی دەڵـێ: هـیچ کەس شـک نـابەم لەوانەی دەیانناسـم، بەقەدەر مـن دژی دەسـەڵاتی نـاڕەوا بێـت، چ هی دەرەبەگ، چ هی غەیـری دەرەبەگ بێـت. لەبەرئەوە ڕەخـنە لە مارکس دەگرێ و بڕوای وایە، مارکسیزم لەلای خۆیەوە مرۆڤـایەتی کەرت کرد بە دوو بەشەوە یەک/ خوێنمژ، دوو/ خوێنمژراو[2].

---

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٢٨٧.

[2] هـ.س، ل ٢٢٠.

پێویستە بڵێین لەسەرەتاوە مەسعوود محەمەد دەیگوت، بیرکردنەوەی وەها سەراوی پاشماوەی خەیاڵە خۆشکەڵەکانی بەر لە (١٠٠) ساڵە، لە زۆر شوێنی پێشکەوتووشدا دەمێکە ئیفلاسی کردووە (دەشبوو لە سەرەتاوە گەشە نەکات) و وازی لێ هێندراوە چونکە بە چەند تەجرەبەیەکی سەرەتایی خەباتی میللەتان ئاشکرا بوو تێکبەستنی فرەنسە و ئەفغان بەیەک زنجیری فەلسەفە و خەبات وەک هەڵکێشانی تەرازوویەکە کە دەستەیەکی بەتاڵ بێ. ئەم ڕاستییەش لە نێوان هەموو ئەو لایەنە شۆرشگێرانەی کە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی بەهێز و پێشکەوتوو دەکەن سەلمێندراو و لە کارهێندراویشە، هەر بۆیەشە نایەن خۆیان لە میللەتی تێشکاو ببەستنەوە بەڵام بە پێی هێز و پێشەوایەتییەکی لە دەستیاندایە داوا دەکەن میللەتی دیکە بەرژەوەندی خۆی لە هی ئەوان گرێ بدات بە مەرجێک کە ئەگەر تێکبەستنەکە لەسەریان گران کەوت بتوانن لەلای خۆیانەوە گرێی پێوەندییەکە بکەنەوە و و خۆیانی لێ ڕەها بکەن.. ڕاستییەکی ئەم مامڵەتەش هەزاران ساڵە لە لایەن دەسەڵاتدارەوە بۆ سوودی خۆی بەسەر بێ دەسەڵاتدا هێنراوە کە هەمیشە بەرژەوەندی بەردەستەکانی لە بەرژەوەندی خۆی بەستووە[1].

سەبارەت بە بۆچوونە زانستییەکانیش دەڵێ: (ئەوانەی نەزەرییەی زانستییان لەو دیاردانە هەڵێنجاوە وەکوو من و تۆ

---

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ١٥.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەریان بە مرۆڤی کۆن و نوێدا گرتووە، من و تۆش دوای ئەوان سەر بە مرۆڤەکە و نەزەرییەکەی ئەوانیشدا دەگەڕێین قۆنتەراتیشمان نەگرتووە لەسەر راست دەرچوونی نەزەرییەکان. کەس دوژمن نییە بەراستبوونی نەزەرییەکان، بەڵام نە مەرجە ڕاستبن نە ڕەوایشە چاوی خۆمان بە درۆ بخەینەوە لە ئاست هەڵەی ئەواندا، ئینسافیش قبوڵ ناکات مێژوو کەوڵ بکەین هەر بۆ ئەوەی کەوڵی نەزەرییەکانی تێ وەرپێچین. من کە بە چاوی خۆم چۆنایەتی ماملّەتی خەڵق، بە هەژار و دەوڵەمەندییەوە، لەگەڵ یەکدیدا ببینم ناچمەوە بۆ نەزەرییە بزانم چ فەتوایەکم بۆ دەدا لە بارەی ئەو مامەڵەوە چونکە ئەگەر هەر ئەوە بڵێ کە من دیتوومە دەبێتەوە (تحصیل حاصل)[٣].

مەسعوود محەممەد ڕای وایە کە خاوەنداریەتی زەوی خۆ بە تەنیا فیۆدالیزم نییە، لە گەلێک باردا چەوساندنەوەشی تێدا نییە، زۆر جارانیش بریتی بووە لە هەژاریی ڕووت و ڕەجاڵی ئەو خاوەنایەتییەی لە کوردستان هەبووە بە دەگمەن نەبێ سەری نەناوە بە فیودالیزم چ لە ڕووی فرەوانی جغزی مڵکایەتییەوە بێ و چ لە ڕووی دەسەڵاتی سەلمێنراوی خاوەنەکەوە بێت و چ لە لایەن سەرچاوەبوونی مڵکایەتییەوە بێ و چ لە ڕووی دەسەڵاتی سەلمێنراوی خاوەنەکەوە بێت و چ لە لایەن سەرچاوەبوونی مڵکایەتییەکەوە بێت بۆ یاسا و نەریت و ئەدەب و هونەر و ئەو

[١] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ١٨.

بیست و هەشت جۆرە ئارایشتە نەرم و شلکەی ژین و ژیار[1].
سەبارەت بە فیوداڵی کوردیش دەڵێ: کورد، بە دەگمەن نەبێ دەرەبەگی نەبووە، بەڵام لە بەدیهیە ئاشکراترە کە خاوەن زەوی بوون (خاوەنایەتی) لە هەموو ئەو شتانەی دەشێ (مملوک) بن فەرمانی ژیان و گوزەرانەوە بەر لە وەی شەقڵی قۆناخی مێژوویی و فەرمانی هۆی بەرهەم بێت، هەر چونکە شەقڵی قۆناخیش نییە بۆیەیە جۆرێ مڵکایەتیی شتان هەزاران ساڵ بەردەوامدەبێ و چەندین قۆناخان دەپێچێتەوە. لە شەش هەزار ساڵ پترەوە مرۆڤ خاوەن زەوی بووە ئێستاش کە گەیشتە پلەی سۆشیالیزم خاوەنایەتییەکە بەردەوام، وا دەزانم ئەگەر لێی گەڕێن لە پلەی کۆمیونیزم و بەو لاتریشەوە بەردەوام دەبێ و سوودیش دەبەخشێ، بەولای سوودەوەش بۆ خاوەنەکەی دەبێتە مایەی بەخۆدا ڕاپەڕموون و باوەڕ بەخۆکردن، ئینجا باشترین هەستی مەفتەنپەروەری دەکات[2]. بەڵام، تاک تاکێکی زەویداری کورد لە کوردستانی ئێران و تورکیادا مڵکایەتی و دەسەڵاتەکەی گەیشتووەتە ڕادەیەک پێی بگوترێ فیودال، ئەویش هەر لە ڕووی لایەنی مادیی مڵک و دەسەڵاتەوە چونکە بارتەقای دواکەوتوویی کورد لە میللەتی دیکە فیودالەکەشی دواکەوتوو بووە و نەبیستراوە و نەدیتراوە بنەماڵەیەکی فیودالی کورد وەیا تێکڕای

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٢٩.
[2] هـ.س، ل ٣٢، ٣١.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فیودالەکان سەرچاوەی هونەر و ئەدەب و مۆسیقا و ڕەسم و دانس و ئەو جۆرە وردەکارییە ڕەنگین و نەخشینانە بووین. بارستێکی بە پۆزی (ڕووبەنا، عرض، ژوورخان) لە سەرچاوەی غەیری کوردەوە هەڵقوڵیوە. ئاین کە دایک و باوکی زۆربەی هەرە زۆری ئەدەب و زانستی پتر لە هەزار ساڵەی دوایینی هەموو ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست بووە لە قورئانەوە بەسەر ئەو کوردیشەوە دابارییوە یاسا و دەستووری دادگای ڕەسمی لە داگیرکەرەوە بۆ کورد هاتووە. هونەری وەک رەسم و کۆڵین و پەیکەرتراشی و مۆسیقاسازی لە کوردەواریدا لە حوکمی نەبووندا بووە. شیعری کوردی پێوەندی (نەسەبی)ی بەڕابردووی کوردەوە نەبووە، یەکسەر لە عەرەبی و فارسییەوە، بە درەنگەوە بۆ ناو زمانی کوردی هاتووە[1].

لەعنەت کردن لە زەویداری بەهۆی درێوکردنیەوە لە ژێر سەرناوی فیودالیزمدا وەک لەعنەتکردن لەو تەمەنەی مرۆڤی نێرینە تێیدا مووی ریش و سمێڵی لێ دەڕوێ و مووەکەش هەتا مردن بە دەم و شەویلەیەوە دەمێنێت. هەروەک مرۆڤی بێ دەست و تەنانەت (عەبدایەتی) کە درێوترین جۆری ملکایەتییە دیاردەیەکی ناچاری بووە لە مێژوودا هەرچەند دەیەکی ملکایەتیی (شت) حەتمی نەبووە کە دەزانین لە هەموو میللەتێکدا عەبدایەتی دیاری نەداوە. ملکایەتی بە واتای فرەوانی لەو قۆناخەشدا

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٢٩.

هەبـووە کە پێـی دەڵـێن قۆنـاخی شـیوعیەتی سـەرەتایی چـونکە (هاوبەشـیەتی) ئەو قۆنـاخە لەو شـتانەی مرۆڤـی پـێ ژیـاوە لە سنووری بەرتەسیکی (خێزان)دا بووە، نەک هەموو ئادەمیزاد وەیـا هەموو قەبـیلە، خێـزان و خێـزانیش لەسـەریان بەشـەڕ هـاتوون تـا ئێسـتاش جۆرێـک هاوبەشـی لە سـنووری خێزانـدا هەر هەیە. لەو جغزە زێدە تەسکەی هاوبەشایەتی خێزانیشدا مڵکـایەتی سـەربەخۆ لە پۆشاک نەبووە هەر نەبێ لەبەر ئەوەی پۆشـاکی ئـافرت لە هـی پیـاو جـودا بـووە وەیـا هـی منـداڵ بـۆ گەورەی دەسـت نەداوە تەنانەت مرۆڤ کە کەوتە سەرباری کێڵان و ئـاژەڵ بەخێـوکردنیش (مڵکداریی خێزان) فەرمانڕەوا بوو. شـێوەی ئەم هاوبەشـایەتییەی خێزان لە بژێـو و مڵکایەتیـدا گەلێـک دوای شـیوعیەتی سـەرەتایی بەردەوام بـوو چـونکە خێـزان خـۆی مـاوەی هەزاران سـاڵ خشـتی دیواری کۆمەڵایەتی بووە، ئەندامەکانی لە باوک و دایـک و خوشـک و بـرا و بـووک هاوبەشـی خۆشـی و ناخۆشـی خێـزان بـوون و هەریەکەیـان لەلای خـۆیەوە بە فەرمـانی بەرژەوەنـدی موشـتەرەک خەریکی سوودی خێزان و ڕەواندنەوەی تەگەرەکانی بووە [1].

سـەیرکەن، زۆرابـی جووتیـاری دەشـتی هەریـر، لەوەتەی سۆمەر و ئاکـادەوە بەدوا کلکـی گاڕەشـدا گیـانی خـۆی تـێکەڵ بە خەتە جووتی ناچارییەوە دەکـات و ئێـواران وەک دەسـتی کەر لە کونە بۆقرێکی کێچـاوی دوکەڵاوی بـێ ڕایەخ و بـێ خـۆراک سـەلار

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٣٢، ٣٣.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەبێتەوە لەگەڵ کامووسی مێردەزمە تێک دەئاڵێن، ئا ئەم زۆرابە هاوڕێ و هاوچین و هاوچارەنووسی هانزی لێخوڕی تراکتۆری دەورەی مۆنیخە کە دوای بەسەرچوونی فەرمانی ڕۆژانەی بە سوورای ئۆتۆمۆمبیلی خۆی دەچێتە هۆڵی مەستی و دڵداری و گۆرانی و دانس چونکە ماهیەی هەردوویان ڕەنجبەری و کرێ گرتەییە لەوە بەو لاوە کونە بۆقرِ و تەلار و هەژاری و تێری و پرزۆڵی و پۆشتەیی و سەرانگوێلک و هۆڵی دانس هەموویان (عرض)ن بایی سەری دەرزی ئەم دوو هاوڕێیە، هاوچارەنووسە، هاودژومنە، هاو نازانم چییە لە یەکدی جودا ناکاتەوە. تەنانەت ئەو ڕاستیەی کە هانز بێزیشی نایەت لەگەڵ ئاغاکەی زۆرابدا تۆقە بکات نەکا دەستکێشەکەی بگۆنێ، ئەویش ڕاستیەکی (عرض)یە کار ناکاتە سەر جوداوازی چیانیەتی نێوانیانەوە، لەوەدا کە هانز چەوسێنراوە و خوێنمژراوە ئاغاکەی زۆرابیش خوێنمژ و چەوسێنەرەوەیە هەرچەند لەوانەیە کچی خۆیشی لە زۆرابی خوێنمژراو مارە بکات[1].

لەبەرئەوە، مڵکایەتی زەوی لە نەزەر کۆمەڵایەتی لێرە بە پێشەوە وەک لە نەزەر کۆمەڵایەتی گەلێک شوێنی جیهانی سەردەم شتێکی ڕەوا بووە، لە ڕەوابوون بەولاوە ناچاری بووە، بەڵکو هێندە ڕەوا بووە بیر لە ڕەوابوونی نەکراوەتەوە کوتومت وەک مافی خانەداری و دوکانداری و مەڕداری و هەموو داراییەک

---

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل٢٣.

لە کوردستاندا بەدرێژایی ئەو مێژووەی دەنگی بە ئێمە گەیشتووە دیاردەی (خوردە مالیک) بەرچاو بووە. لە زۆر ناوچەشدا ڕووپێوی تێکرای زەوی خوردەمالیکان لە هی ئاغا و دەرەبەگ پتر بووە، ئەم خوردەمالیکە بەر هیچ مەفهوومی ستەمکاری ناکەوێ مەگەر خۆی ستەمی لە ڕەنجبەرەکەی کردبێ. حاڵ و باری خوردەمالیک بەند بووە بە هات و نەهات لە نەهاتدا فەلاحی نیوەکار لە خوردەمالیک حەساوەتر بووە چونکە بەزیادەوە ئەرک و مەسرەفی بەرەوجووتەکەی لە خاوەن زەوییەکە وەرگرتووە، لە بەرکوت و بن خەرمانیش زێدە پارووی چاکی قەپاندووە لە وڵاتی کەم بڕشت زۆر بە دەگمەن فەلاحی خوردەمالیک توانیوەتی جووتی ئێستر دابەستێ چونکە نرح و مەسرەفی ئێستر چەند جار لە هی گا جووت پتر بووە[1].

بەردەوامبوونی زوڵمی فیودالی و هەموو لووتە هەرەمەکانی دیکەی کۆمەڵ بە درێژایی هەزاران ساڵ دەچێتەوە بۆ حەتمییەتی پەیدابوونی ئەو لووتانە و بەندبوونی بەرژەوەندی گوزەران بە چوونەوەی دەسەڵات بۆ لای ترۆپکی هەرەم، ئەگەرنا چ تەفسیرێکی ژیرانە نابێ بۆ کڕنووبردنی هەزاران هەزاری میللەت لەبەر دەستی چەند تاکێکدا ئەگەر دەسەڵاتی ئەو تاکانە بەلای میللەتەوە جۆرە ڕەوایی و بەرژەوەند و کار گوزەرانییەکی گشتی تێدا نەبوایە خۆ ئاژەڵ نەبوون لە هەزار ساڵدا بەگژیدا

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٣٣.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەیەنەوە بەڵێ دەزانین عادەت گرتن بەهەر شتێک بێت جۆرە ڕەزامەندییەکی لێ پەیدا دەبێت بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کەوا جارێ نەسەپاوە چ عادەت پێوەگرتنی لەگەڵدا نییە تاکوو پێ ڕاهاتنی ببێتە هۆی لێ ڕازیبوونی ئیتر بۆ دەبێ بسەلمێنین لە سەرەتای کارەوە تاکی ناپەسەند وەکو جادوو خۆی بەسەر میللەتدا بسەپێنێ؟ بۆچی زۆربەی میللەت بەر لە (٥٠٠٠) ساڵ تاکە تەماعکارەکانیان سەرکوت نەکرد خۆ ئەو تاکانە بەخۆ و دەسەڵاتیانەوە لەگەڵ هەور و باران بەسەر میللەتدا نەبارییبوون؟ ئەگەر بەجۆرێکی ئاسایی بەرژەوەندی گوزەران و خۆ پاراستن و پەلەی ژیانی هەرەمی کۆمەڵایەتی بە مل کۆمەڵدا نەهێنابایە نە زەوی و گاڕەش گەنم و جۆ نە قولاب و تۆڕ و ماسی نە تەڵە و ڕێوی، نە خوری و موو و تەشی و خەڕەک، نە ئاش و باراش، نە ئیستر و بارگیر و گوێزانەوە نە بزن و مەڕ و گامێش، نە مازوونین و کەتیرە گرتنەوە . و پووش و گزرە داکردن، نە هەرچی جۆری بەرهەم و هۆی بەرهەمهێنانە لە خۆیەوە بێ تێخوێندنەوەی پێویستبوونی سەرۆک و ناوبژیکەر و ریز ڕێکخەر و تانووتدەر ناتوانێ لە سەرەتاوە دوو لینگەی تاکێک بەسەر شان و ملی (١٠٠) کەس و (١٠٠٠) کەسدا بهێنێت تاکی دەسەڵاتدار ناتوانێ ڕاوی دوو کەروێشک بکات هەر چونکە کەروێشک بەرژەوەندی

لە (ڕامبووندا) نییە کە مەڕ و بزن و باربەر و ئاژەڵ بە تێکڕایی لە ڕۆژگاری کۆنەوە ڕامبوونیان لێ خۆش هات[1].

ئنجا ئەگەر بێین بۆ تاقیکردنەوەی (عەقڵی) خەسڵەتە جوداکەرەوەکانی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ داڕنین و لە نوختە نەزەری سەلماندنی دەسەڵاتی تاکەوە وەک کەروێشک و ئاژەڵی سەیر بکەین بۆ دەبێ مرۆڤەکە لەو تاقیکردنەوەیەدا بێ بەڵگە و بێ هۆ و بێ بەرژەوەند و بێ فەرمانی واقیع بەلای ئاژەڵدا بچێتەوە و پەتی بەندایەتی و نۆکەرایەتی بخاتە ئەستۆیەوە؟ بۆچی کۆمەڵایەتی و بەرهەم و ئابووری نەیکێشاوە سەر بێ دەسەڵاتی تاک؟ ژیان و گوزەران و بەسەر بردن و بەڕێوەچوون و زاوزێ کردن و کەیف و شادی و شین و ناخۆشی و هەرچی سەروبەری مرۆڤایەتی هەیە، بگرە لە بەرهەمهێنانەوە هەتا جگێنە و کەوشەک هیچ یەکێکیان بەتەنیا و تێکڕاشیان پێکەوە جڵەوی کۆمەڵ ناگرن بۆ بەردەستی زۆردار و خوێنمژ ئەگەر سروشتنی بەڕێوەچوون لە بنەڕەتدا و لە پەراوێزی کۆمەڵایەتیدا داخوازی سەرۆک و ڕابەر و لێخور و چاوسوورکەرەوە نەکات، تەنانەت ئەو کەم تا کورتە مرۆڤە نەسەلمێنانەی کە هەستی زۆر بەهێزی لە خۆڕازیبوونیان پاڵی پێوەنانن و بەرەو ئازادی و ڕەهایی و خودبەسەری داوە باریک و ئەستورەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی نادیار ڕایانکێشاون بۆ ناو جغزی ژیانی ڕاوەستاو و

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٤٢، ٤١.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

قالْبگرتووی وێنەی هەرەمی. خۆ ئەگەر وەها ڕێک کەوتبێ کە ناڕەزامەندی و نەسەلمێنی پەرەی سەندبێ تا ئەوەی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵی بەرەو جموجووڵ و سەرکێشییەوە بردبێ، ئەوساش بزوتنەوەکە وێنەی هەرەمی وەرگرتووە و (لوتکە)ی سەرۆکایەتی لە بزوتنەوەکەدا پاڵی بە (بنە)وە ناوە لە حاڵی سەرکەوتنیشدا لووتە هەڕەمەکە جارێکی دیکە لەو میللەتە بووەتەوە بە دەستدرێژکەر و خوێنمژ[1].

دەبینین، پێشخستنی دەوری مرۆڤایەتی لە شیکرنەوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویيدا جگە لەوەی کە تاکە ڕێگەی بەرەو ڕاستییە، لە تەجرەبەشدا دەردەکەوێ کە ئیمکان نییە بێ ئەو پێشخستنە تەعلیلی ڕووداوەکانی مێژوو و کۆمەڵایەتی لە هیچ کوێرە ڕێگایەکەوە بکرێ. قوتکردنەوەی ژێرخانی مادەی مردوو بۆ تەعلیلی ژوورخانی هەزار چەشنەی کۆمەڵایەتی و تاکایەتی لە یەکەم هەنگاودا پەکی دەکەوێ کە بێین و بەراورد لە نێوان دوو برای داک و بابیدا بکەین، هەردووکیان لە تاکە یەک ژێرخاندا دەژین بە خۆراک و پۆشاک و ڕۆژانە و خوێندن و نەبێت و ئاینیەوە کەچی لەبەر هۆیەکی لاوەکی کەوا ڕەنگە لە چاو ئەو ژێرخانە یەک چەشنە بێ بایەخ وەیا کەم بایەخیش بێ برایەکییان (-) بێت و ئەوی دیکەیان (+) بێ. تو بێنە دوو کەڵەشێر لە جێگەی ئەو برایانەدا دابنێ. بێگومان ئەگەر لەیەک تۆو

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٤٢، ٤١.

کەوتبێتــــنەوە زۆر لەیەکـــدی دەچـــن. بەهەرحـــاڵ ئەگەر بـــۆ تـافیکردنەوەی هاوچوونییـان کەڵەشـێرەکان لەنێـوان دوو بـراکە و دوو پەرداغ ئـاودا دابنێیـت بەلای پەرداغەکانـدا دەچـنەوە چـونکە ماکی (هۆش و زات) کە بنەمای تەفاوتی (عرض)ە نە لە کەڵەشێر و نە لە ئاودا پەیدا نییە[1].

لەبەرئەوانە، باســـکردنی ئەو ســـەردەمە وەک ســـەردەمی دەرەبەگ نە لە جێـی خۆیـدایە نە ڕاسـتە چـونکە مەرج نیـیە خاوەنداریێتی زەوی ئەنجامەکەی دەرەبەگایەتی بێ و مەرجیش نییە لە هەمـوو جێـیەک و سـەردەمێک دەرەبەگ بەشـێ بـێ لە چینـی دەسـەڵاتدار ئەو شـێواندنەی بەسـەر ئەو سـەردەمە بنەڕەتیـیەی شارسـتانەتیدا دێ بە ناولێنـانێکی ناشـیرین لایەنێکـی گەورەی پتەوی و ئەو بنەمایەی لێ دەسێنێـەوە کە دواتـر شارستانەتی لە سـەر هەڵچنـدرا، چـونکە ئەگەر مڵکـدارەتی نەبـوایە کشـتوکاڵ نەدەبوو و کشتوکاڵ نەبوایە گوند نەدەبـوو و گونـد نەبـوایە شـار پێکنەدەهات و شار نەبوایە شارستانی نەدەبوو[2].

---

[1] بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، س.پ، ل ٢٤.

[2] بۆچوونێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو، س.پ، ل ٧٣.


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## باسی دووەم: ڕوانگەی مەسعوود محەممەد بۆ مێژووی ناوچەیی

بەبڕوای مەسعوود محەممەد، کورد وەکوو هەموو نەتەوەیەکی ئادەمیزاد مێژووی هەیە[1] و دەبێ کورد لە پەندی مێژوو و نا مێژوو فێربێت. بەڵام، خەڵک پەند لە تەجرەبەی زەق و زۆرپ وەرناگرێت و تا بۆی بلوێ و پێی بکرێت کرمی دڵی خۆی دادەمرکێنێت. مەراقی سێڕسکانەی هەبێ خەوی لێ ناکەوێت. تەما و ئومێدێکی خوێپیلەی کەم ئەرکی لەدڵدا بێت ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت. کیژێکی قشتیلە لە دەستی برادەرێکی هەڵپەرێت سێبەرۆی دێتێ[2] بەڵام پێویستە بەر لە هەر شتێک لە مێژوو دەبێ فێری عاقڵی بیت، کە ئەمیش بریتییە لە یەک یەکبوون، دوو یەکبوون، سێ یەکبوون، (٤،٥،٨٠،٩٩) یەکبوونە هەتا ئەو ڕۆژەی چ بە فەرمانی سیاسەتی جیهانییەوە بێت چ بە هۆی ڕووداوی ڕەخساوی ڕێککەوت بێن[3].

ئێمە سەیر بکەین، لە کورد و غەیری کورد ڕابەری بزوتنەوەی ئازادی لە تەنگوچەڵەمەی ڕکابەری لەسەر پێشەوایی چ بەخۆی و دنیا دەکات لە حاڵێکدا دەبوو ئەو ڕابەرە پەندی لە مێژوو وەرگرتبا کە گۆیا خۆی خاڵقی تەئریخە یا هەرنەبێ بەشێوەیەکی یەکسەر بەشداری خەلقکردنیەتی. وە مێژوو بۆ ئەو

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٣٠٩.

[2] هـ.س، ل ٢٨٩.

[3] هـ.س، ل ٣١٧.

ڕابەرەی خوێندەوار و ئازموودە و دروستکەری هێندە بێ سوود و بێ بنج و بێ بایەخ بێت ئایا زڕەئەفەندی و شڕەشاعیر و دڕەبزێو و وڕەبازاڕی گرەحەزۆکێک چ جۆرە پەندی زێرین و ئەڵماسین دەکاتە دیاریی ڕزگارکردنی گەل و نیشتیمان؟ خۆ ئافرەت هەر تووتی ئاسا گرۆگاڵی هێرەپیاوان دەجوێتەوە، ڕەنگە نەشزانێ گروگاڵەکە بۆ (پەز) چاکە یا خراو، بشزانێت هیچی لەدەست نایەت[1].

سەبارەت بە نووسینەوەی مێژوو لە ناو کورددا، مەسعوود محەمەد دەڵێ: ئەگەر بە نموونە یەکێک هەڵکەوێت وەکو شەرەفخان، ئەویش هەر هێندەی پێ دەکرێ ئەو شتانە بنووسێت کە لە ڕۆژگاری خۆی و نزیک بە خۆی بدوێت چونکە خەبەری کوردی بەر لە هەزار ساڵ و پتر هەر ئەوە بووە مەلائیکەتەکان تۆماری دەکەن بۆ لێپرسینەوەی ناو قەبر و بەهەشتی بوون و جەهەنەمی بوونی مردوو ساغ دەکاتەوە[2].

---

[1] هەڵۆ بەرزنجەیی: س.پ، ل ٢٨٩.

[2] هـ.س، ل ٣٠٩.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## مێژووی کۆیە: حەمەغای گەورە، وەک نموونە

لێرەدا، چەند نموونەیەک دەهێنینەوە، کە مەسعوود محەممەد بە جیاواز لە نووسەر و کەسانی دیکە باسی کردووین. بەشێوەیەک کە خەڵقانی دیکە بە هەڵە داچوون لە تێگەیشتن و ناسینینیان، لەبەرئەوە لایەنە ڕاستەقینەکەی خستۆتەڕوو. یەکێک لەو نموونانەی مەسعوود محەمەد باسی لێوەکردووە، حەماغا بووە، کە ئاغایەکی دیاری شاری کۆیە بووە، لە نێوان سەدەی نۆزدە و بیستەمدا ژیاوە، خەڵقی بەشێوەیەکی باش لەو ئاغایەیان نەڕوانیوە، ئەمەش بەخاتر ئەوەی زۆرینەی ئاغاکان وەکوو یەک بووە، کە بەردەوام هەوڵیانداوە خەڵکی بچەوسێننەوە و غەدرییان لێ بکەن، مەسعوود محەمەد لە کتێبی حەمەغای گەورە، بەشێوەیەکی گشتی باس لە چاکایەتی و پیاوەتی و سەخاوەتی و جوانمەردی و لێهاتوویی ئەم ئاغایە دەکات.

ماوەی ژیانکردنی مەسعوود محەممەد هاوسەردەمی یەکتری نەبووە، بەڵکو هاوسەردەمی مەلای گەورەی باوکی بووە. لەبەرئەوە، ئەوەی باسی دەکات خۆی نەیبینیوە، بەڵکو لەمەلاولا بیستوویەتی، بەتایبەتی لە زاری باوکییەوە بیستویەتی، ئینجا ئەویش شەنوکەنی کردووە. مەسعوود محەمەد دەڵێ: حەمەغای کۆیە یەکێک بووە لەو کەسانەی کە سەر بە ئاین و سەر بە دنیا کە پایەی تایبەتیان هەبووە، زیاتر پایەی بە لای پیاوە ئاینیەکان دەهاتەوە لەبەر سەخاوەت و ڕاستگۆیی و دەستخاوێنی، لە

فەقیری و بێ نانی نەدەترسا ڕاستگۆیی و ڕاستڕۆیش دیمەنێکی نەترسیاوی بووە[١] و چاکە و سەخاوەتی حەمەغا بە ڕووپێوێکی بەرینی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە[٢].

هەرچی حەمەغا دەیکرد، لە دڵەوە بووە نەک بە تەنیا ڕواڵەت، کاتێک سەیری دیوەخانەکەیت دەکرد، بۆت ڕووندەبۆوە کە هیچ جیاوازییەک نییە و بۆ هەموو ئامادەبووان یەک جۆرە خواردن پێشکەش دەکرا[٣] بەتایبەتی لەگەڵ هەژاران بە راشکاوی جوانمەرد و بە پەرۆش بووە[٤].

مەسعوود محەمەد، ئاماژە بەو کەسانەش دەکات، کە بە زوڵم و زۆرداری چاکە و پیاوەتی دەکەن، کە دەڵێ: مرۆڤی بەدکار لێی دەوەشێتەوە سەخاوەتەکەی بە زوڵم و زۆر و دزی و ڕێگری بەڕێوە ببات کە ئیتر نرخێکی پێوە نامینێ و نەبوونی لە بوونی چاکترە[٥]. لێرەدا، مەبەستی ئەوەیە کە ئەوەی حەمەغا کردوویەتی، دوور بووە لەو جۆرە کارانە، بەڵکو سەخاوەتەکەی ئەو مرۆڤانە بووە.

ئەگەرچی حەمەغا بەردەوام چاکەی دەکرد و بەخشیشی دەدا، بەڵام باسی چاکە و بەخشینی خۆی نەدەکرد تەنانەت

(١) حەمەغای گەورە، ل ٨٥.

(٢) هـ.س، ل ٩١.

(٣) هـ.س، ل ٩٠.

(٤) هـ.س، ل ٨٦.

(٥) هـ.س، ل ٩١.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەلایەوە ناخۆش بووە و تا بلێی پێشی سەخلەت بووە و پێی ناخۆش بووە، کە باسی چاکەکەی کرابایە لە ڕووی خۆیدا، مەسعوود محەممەد لەزاری مەلای گەورەی باوکییەوە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە و دەڵێ: حەمەغا، جارێک مافوورێکی نارد بۆ مزگەوتی گەورە زۆری نەبرد لە شتێکدا دڵم لێی گەردی دەگرێت، لەدواتردا و لەڕۆژی هەینیدا کە ژوورەکەم لە مزگەوتی گەورە مالا، ماڵی ئەشرافەکان بوو، قسەم هێنا و برد هەتا گەیاندمە ئەو شتەی لێی ناڕازی بووم و ڕووم لە حەمەغا کرد و پێم گووت، ئاغا هەموو چاکەی تۆ مافورێکە کە بۆ مزگەوتت ناردووە، خزمەتکارێکت بنێرە با بۆت بهێنێتەوە، لەدوای وتنی ئەم قسەیەی کە کردم حەمەغا وەها تێک چوو بوو کە سنووری نەبێ، لەبەرانبەر ئەوەدا حەمەغا بە مەلای گەورە دەڵێ: بریا خەنجەرێکت لێ دابام، بەڵام باسی ئەو مافوورەت نەکردبا[1].

لەم ڕووداوەوە دەردەکەوێ کە حەمەغا بۆ ناوبانگ و خۆدەرخستن کاری نەکردووە، بەڵکو ویستوویەتی یارمەتی خەڵق و پێداویستی شوێنە گرینگەکان پڕ بکاتەوە.

هاوکاری کردنی حەمەغا تەنیا لەڕووی دارایی و ناندەر لە دیوەخان نەبووە، بەڵکو هەندێ جار هەبووە، ژیانی خۆی خستۆتە مەترسییەوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی. مەسعوود محەممەد لە زاری مەلای گەورەوە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و دەڵێ: شەوێک لە

[1] حەمەغای گەورە، س.پ، ل ٨٨.

شــەوانی ڕەشــەبای هــاوینە، ئــاگرە دار و چــرووی ســەر بــازاڕی مەیدانی سەرێ بەربوو، کە حەفتا بۆ هەشتا مەتر لە ماڵی ئێمەوە "مەلای گەورە"وە دوور بــووە، هــووڵەڵی بڵێســەی ئــاگر زمــانەی دەکێشا خەڵق ترسی لێ دەنیشت، تەنیا ئاوێک هەبووبێ بۆ ئـاگر کوژی، ئەوە بوو لە حەوزی خانی مەحموود ئاغا بـوو، کە دەرگەی لە ناو بازارەکەدا بوو، بەڵام داخرابوو چەندێکی عالەم هاواری کـرد بــۆ دەرگەکــردنەوە، خــانچی و خەڵــقەکەی ژوورەوە خەبەریــان نەبووەوە، ترس غەڵەبەی کرد لەوەدا کە ئاگرەکە بە دەوری خـۆی پەرە بسـتێنێ، چ چـاریش نەبـوو لەو دەمە تەنگـانەیەدا، حەمەغـا پــێ ڕاگەیشــت و لە بــن تــاقی ســەرەوەی بڵێســە و لە ژێــرەوەش پشــکۆ و بــزووت و پووشــی ســووتاو زەویــیەکەی داپۆشــیبوو، چەنــدێکی ئەو خەڵــقە ویســتیان پێشــی لــێ بگــرن و لە ئاگرەکەی بگێڕنەوە، گـوێی نەدانـێ و دارعەسـای لـێ هەڵتەکانـدن و بەناو ئەو ئاگربارانەدا ڕۆیی هەتا گەیشتە دەرگەی خان، ئیتر بە دەرگە لێـدان خـانچیی بە خەبەر هێنـا و دەرگە کـرایەوە و لەلای بـێ ئـاگرەوە خەڵـقەکە خۆیـان گەیانـدە ئـاوی حەوزەکە و سـەدان کەڵەکەیان لەسەر ئاگرەکە کرد بە ئاوەوە هەتا کوژانەدیانەوە[1].

گەورەیــی حەمەغــا و جیــاوازبوونی لە ئاغاکــانی تــر، لەو ڕووداوەوە زیــاتر بەدەردەکەوێ، کە مەســعوود محەمــەد لە زاری باوکییەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: بەهارێکیان دەمی داچاندنی قاڵبە

[1] حەمەغای گەورە، س.پ، ل ٨٦.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

برنج، مەلای گەورە لە قەنبەرنی جەلیزادان دەبێت و نیوەڕۆیەکیان سەردانی حەمەغا دەکات، کە ئەویش بۆ برنج داچاندن هاتبووە بیتوێن. گووتی نان داندرا و لە خواردندا بووین، حەمەغا دەستی چەپەی لە نێو ڕاناندا دەبزوات و خەریکی خواردنیش بوو. کە لە خواردن بووینەوە حەمەغا گوتی ئەرێ هەرامە، مەلێن حەمەد بێ ئەدەبە، لە کنم مار بوو لەناو شەلوارم. دەستی برد لە دەلینگی شەلواریەوە کلکی مارێکی ڕەشی گرت و دەری کێشا. تومەز کە دادەنیشێتە سەر سفرە هەست دەکا لەناو شەلواری مارێک دەجوولێ، دەستی چەپەی بۆ دەبات خۆ و بەخت ملی مارەکە دەبێ، نەیوست وەزعی مێوانان لە کاتی خواردندا تێک بدات. سەیر لەوەدا دەبێ، زۆر نابات، یەکێک لە وانەی بە خزمەتی خەڵقەکەوە خەریک بوون لە ناکاو هاواری کرد، مار خواردمی و دۆخینی ڕانکی بەزاند و دایماڵی دەرکەوت نە مار بوو نە هیچ، دۆخینی چووبووە ناو ڕانکی لە ڕانی خشابوو، ترسی مارەکەی حەمەغاشی لە دڵدا بوو دۆخینی خۆی بە مار تێ گەیشتبوو[1].

بەبەڵگە هێنانەوەی ئەم بەسەرهاتەش لەلایەن مەسعوود محەممەدەوە، لەگەڵ ڕووداوەکانی تری باسمانکرد، وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەیە کە ڕەخنەیان لە مەسعوود محەممەد دەگرت، بە خاتر ئەوەی کتێبێکی لەسەر ئاغایەک نووسیوە، لەکاتێکدا ئەو پاڵپشتی لە خەڵکی فەقیر و هەژاران دەکرد.

---

[1] حەمەغای گەورە، س.پ، ل ٨٦، ٨٧.

## حاجی قادری کۆیی

مەسعوود محەمـەد، یەکـێکە لەو نووسـەرانەی کە بە وردی باسی لە حاجی قادر کردووە، بە سێ کتێب، کە بەسـەرچاوەیەکی گرنگ ئەژماردەکرێ سەبارەت بە حاجی قادر، ئەگەرچی بڕیار بـوو دوو کتێبـی دیـکە لەسـەر حـاجی قـادر بنووسـێت، بەڵام دەرفەت نەبوو. مەسعوود محەمـەد جیـاواز لە نووسـەرانی دیـکە دەڕوانـێ. هەروەکوو خۆیشی دەڵێ: من لە پشت چاویلەکەی ڕەشەوە سەیری جیهانی کوردەواری ناکەم[1].

خۆدانە پاڵ گوتنەوەی ڕاستی لە سـەروکاری حـاجی قـادردا سـوود و حەسـانەوەیێکی گەورەش بە نووسـەر دەگەیەنـێ لەم ڕووەوە کە ناچار نـابێ بـۆ شـاردنەوەی ڕاسـتی سەرپۆشـی درۆزن بچنێ وەیا هەر جارە بە نـووکی قەڵەم قەبـر لە گۆرسـتانی مێـژوو هەڵکەنـدێ بـۆ زینـدە بە گـۆڕکردنی ڕووداوی حەق و ڕەق. ئەگەر نووسەر شەرمی بێتەوە لەوەدا کە درۆی لێ سـپی بێـتەوە هەرگیـز ئەو جورئەتە ناکا شتی وەها بڵێ کە لەگەڵ واتـا ئاشـکراکانی نـاو دیـوانی حـاجی قـادردا نەگونجێـت. گریمـان لەو هەڵبەسـتن و دەسکارییەدا بـارێکی سیاسـیش پشـتگیریی لە نووسـەرەکە کـرد و ناڕاسـتەکانی بـۆ پاراست، ئەدی دوای بەسـەرچوونی هەڵـکەوتەکە چ دەکـات و کـێ دێنـێ هەڵەکـانی بـۆ پیـنە بکـات. بێگومـان هەڵبەسـتن و سەرپۆشـکردنی درۆ کارێـک نیـیە هەتـا هەتـایێ

[1] حاجی قادری کۆیی، ب١، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەردەوام بێت وەیاخوود لەهەموو جێگەیێکدا بە سەلامەتی تێ پەڕێت. درۆییێکی لە توران ڕێزی لێ بگیرێت لە ئیران ڕیسوا دەکرێت، ئەمە دەڵێم بە لایەنگیریی ئەو درۆیەی لە خۆی ئەمینە سپی نابێتەوە لە حاڵێکدا بە پێی باوەڕی من هەڵبەستن کارێکی ناپەسند و تاوانبارە تەنانەت گەورەترین هێزی جیهانیش بە درێژایی ئەزەل و ئەبەد لەسەری بکاتەوە[1].

پێویستە بوترێ کە حاجی قادر لە ژیانیدا تەمای بە هیچ شتێک نەبووە بۆ شەخسی خۆی. هەموو ژیان و گیانی بۆ کود و کوردستان بوو. دەبێ کورد و کوردستانیش هەندەی لە باراندا ببێ ئەو ژیان و گیانە لە بیرنەکا هەر نەبێ بۆ سوودی خۆی[2]. بەڵام لە عاست حاجی قادر دژکاری و لایەنگیری گەنجێکی کۆیی لە هی جێگەییێکی دیکە ئاشکراتر و بەهێزترە بە هۆی ئەوەوە کە هاوشارییەتی کۆییێک لەگەڵ حاجی دا هاندەرێکی تایبەتییە بۆ لایەنگیریی وەیا دژکاری کە وا بە نیسبەت گەنجێکی ئاکرەیی یا خانەقینی نابێتە هاندەر. حاجی هەرچییێک بووبێ و هەر چۆنێک ژیابێ و رای بواردبێ لە رابردووی باپیرانی ئاکرەیی و خانەقینی و ئێستاکەی خۆیان کەم ناکاتەوە، بەلام هەم بە حوکمی مەنتیق و هەم بە پێی ئەوە کە لە مەوقیف و نووسینی هەندێ کەسانی کۆیی دەبینم و دەخوێنمەوە دیارە بەلای ئەوان کۆییانەوە ئەگەر

[1] حاجی قادری کۆیی، ب۳، س.پ، ل ۳۷.

[2] حاجی قادری کۆیی، ب۱، س.پ، ل ٤۱.

حاجی قادر بە جۆرێکی کە خۆیان دەیانەوێ نەخرێتە پێش چاوان و پێوەنــدی و دۆســتایەتی لەگەڵ ناســراوانی کــۆیەی ســەردەمی حاجی تەفر و تونا نەکرێ، ئا ئەو حاجی قادرە و یاد و بیرەوەری و شیعری بە کەلکی ئەوان نایێ، چونکە بە لایانەوە حاجی قـادری راستەقینە لەدەست ئەوان دەردەچێ و دەبێتە سامانێکی مەعنەوی بۆ شوێنەواری ناسراوەکانی هاوچەرخی حاجی[1].

مەسعوود محەمـەد دەڵـێ: تـۆ سـەیری نزیـک بـکە و دوور مەنــوارە، حــاجی کە خەڵقــی شــارەکەی خــۆت نەبــێ نــاوی لە شارەکەت ونە، بێ گومان ناوی شارەکەشت لە دیوانەکەیدا ون نییە، ئیتـر چـۆن حـاجی نـاوی دەچێـتە نـاو میللەتـانەوە و دونیـا دەناســــێ لە حاڵێکــــدا کە ســــەرەڕای خۆدانەپــــاڵ میللەتێکی نەناسێنراوە و هەر میللەتەکەی خۆی پشتگیری لێ ناکا و هەقی خۆی ناداتێ. بۆیە من کە بەراوردی حـاجی دەکەم لەگەڵ هــۆمیرۆس و شەکســپیردا بە تەرازووێکــی قەومــی نەک جیهانی هەڵیان دەسەنگێنم کە ئەمە بکەم نە ورتە بە دڵمدا دێ و نە زڕەییێکـیش لایەنگیـریم کـردووە کە دەڵـێم هیچیـان و کەسـی دیکەش غەیری وان نـاچێتە تـای تـارازووی حـاجی قـادرەوە، وەک حـاجی کە بە راسـتی و بـێ کینـایە و تەئویـل بـاوکی مـیللەت پەروەریـی کـوردە چ ئەدیبێـک و شـاعیرێک و فەیلەسـووفێک و سیاسـییێک ئەو بـاوکی نیـیە بـۆ میللەتێکـی دیـکە. دەوجـا بـاوک

[1] حاجی قادری کۆیی، ب١، س.پ، ل ٢٢.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چەندێک بێ بەرهەم هێن و پەیداکەرە بۆ ڕۆڵەی خۆی[1]. لەگەڵ ئەوەشدا، گەنجێکی کۆیی کاڵی تازە مێشک پڕاو و خاوەن بیر و باوەڕێکی لایەنگیر خۆشییەک هەست پێ ناکا لەوەدا کە حاجی قادر دۆستی حەماغا بووبێ وەیا شیعری بۆ ئەمین ئاغا گوتبێ نەک هەر هەستی خۆشی لەو دۆستایەتییە و پێدا هەڵگوتنە ناکا بەڵکو حاجی قادری ئەوتۆیی هەر دەست نادات بۆ ئەو. بۆیە تا دەتوانێ خەریک دەبێ رووپەڕەی دۆستایەتی حاجی لەگەڵ ناسراوانی ئەو دەمەی کۆییدا دەسرێتەوە و وێنەییێکی دەسکرد بۆ پێوەندی حاجی لەگەڵ زەمانەکەیدا دروست دەکا. وەنییە ئەمەش کارێکی ئاسان بێ چونکە خۆشی بێ و ترشی بێ حاجی هەموو ژیانێکی کە لە کوردستانی عێراق و ئێراندا رابواردبێ لە نێو مەلایان و لەگەڵ ناودارانی ئەو دەمەدا بووە دەسەڵاتی بوێژی و پژانی بلیمەتیشی هەر بە هۆی ئەو نزیکییەی لەگەڵ ئەواندا گەشەی کردووە. ئیتر مەعلومە سڕینەوەی پێوەندیی حاجی لەگەڵ مەلاکانا و ئاغاکانی ئەو دەمەی کوییدا ڕاستەوخۆ دەبێتە سڕینەوەی سەرپاکی ژیانی حاجی بەر لە سەفەری بۆ ئەستەمبۆڵ[2].

مەسعوود محەمەد دەڵێ: بۆ میسال دەیڵێم مولحیدێکی ئەمرۆ هیچ لە الحادەکەی کەم نابێتەوە، ئەگەر حاجی قادر

---

[1] حاجی قادری کۆیی، ب١، س.پ، ل ٥٨.

[2] هـ.س، ل ٢٢.

نـوێژکەر و خوانـاس بـووبێ. خـوا ناسیی حـاجی وەک ئەوە نیـیە ئێسـتا فەیلەسـووفێک خەریک بـێ ئیسـپات بـوونی کـرد گـار بکـا چونکە کە ئیسپاتەکە کرا ئیلحادەکە بە درۆ دەخرێتەوە دەوجا کە ملحد بەوە رازی نەبـێ حـاجی قـادری پـێش سـەد سـاڵ نـوێژ کەر بـووبێ دیـارە دەرگـای هەمـوو مناقەشـەیێکی دەبەسـتێ لە رووی باسـی لاهـووتی. لەوەنـدەش ناوەسـتێ بەڵـکو کە دەسـەڵاتی بـوو سـزای قورسـیش دادەنـێ بـۆ پیـاوانی لاهـووت و هەمـوو جـۆرە باوەڕێکیـان[1]. دەوجـا لە رووی وەفـاداری بـۆ رۆحـی حـاجی و بە هیوای ئەوە سوودێک وەرگـرین لە ژیـانی پـڕ بەهـای و بەو سـوود وەرگرتنەمـان رۆحـی بحەسـێنینەوە، لە ریبـارێکی راسـت و بـێ فـێڵەوە کە ئەوی لـێ رازی بـێ و لە ڕاسـتی و سـۆز و خـۆ بە ختکردنی ئەو بوەشێتەوە وردە وردە پێ هەڵێنـین و لە مەڵبەنـدی منـداڵیی حـاجییەوە تێـبگەین بە پانـایی و هەوراز و نشـێوی عومریدا گوزەر کەین تا ئەو ئاسۆیە بەرزەی کە دوا تیشکی ژیـانی لێوە ئاوا بوو.. دڵ نەگۆڕین بۆ هەوەس، خامە خوار نەکەینەوە بۆ مەبەس، شـوعلە حەقـیقەت پەرسـتی تـاکە چراییـک بـێ شـوێن هەنگاومـانی پـێ روون کەیـنەوە، لە ژێـر دروشـمی سـۆز و پەرۆش بۆ دەرخستنی راستی[2].

---

[1] حاجی قادری کۆیی، ب١، س.پ، ل ٢١.

[2] هـ.س، ل ٤١.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەردەوامبوونی حاجی لەسەر ڕەوشتە زگماکەکانی خۆی لە هەموو حاڵ و بارێکدا یەکێکە لەو دیاردانەی ناوناوە سەرهەڵدەدەن و نەرمە گاڵتە دەکەن بەو بڕیارە فەلسەفییانەی ئادەمیزاد دەکەن بەبرای تەرمۆمەتر کە بەپێی ساردبوون و گەم داهاتنی دەوروبەر جیوەکەی دادەکشێت و هەڵدەکشێت. حاجی قادر وەک تاکە مرۆڤی هەڵکەوتوو داکشان و هەڵکشانی تەرمۆمەتری نەفسی بە هەڵایسان و دامرکانەوەی دەروونی خۆی هاتوچۆی سەرەژوور و سەرەوژێری دەکرد، هەر بۆیەش بوو، بە پێچەوانەی چاوەڕوانکردنی دەستووراتی تەرمۆمەتر لە کاتی بەسەربردنی ژیانی نێو سەرەک عەشیرەت و ئاغا و برا گەورانددا نەبوو بە نەیژەن.. لە هەژاری و نەداری و ئاوارەیی و بێ گوزەرانیدا سەختترین تاکێک بوو بەرانبەر هەرچی ترس و تەماعە. دیسانەوە بە پێچەوانەی چاوەڕوانکردنی پێوانە و کێشانەی حازروبزرن حاجی کە بیری کرایەوە بۆ فکری روون و کەوتە سەر باری نیشتیمانپەروەری دەستی دایە پێدا هەڵگوتن بە گەورە پیاو و مەلا و شێخ و دەسەڵاتدارەکانی کورد. تەرمۆمەتری نەفسی حاجی لە چاو هی دەسکرددا سەرەوبن بوو، هەڵکشانی بە ساردی و داشکانی بە گەرمی دەبوو[٣].

بەبڕوای مەسعوود محەممەد، نووسەرە دڵسۆزەکان کە خۆیان لە بەسەرهات و شیکردنەوەی زەرف و تاوی رووداو و

---

[١] حاجی قادری کۆیی، ب٣، س.پ، ل ١٥.

خوێنــدن و تەگەرەکــانی ژیــانی حــاجی نەگەیانــدووە لەبەر زۆری هۆی گرنگ بووە کە ئەمانە هەندێکیانن:

یەکەم: ئەوەیە ســەرچاوەی زانینــی رووداوەکــانی ژیــانی حــاجی یـاخود زەرفـی ژیـانی بە جـۆرێکی گشـتی، یەکجـار کەمە، هەنـدێ جارانیش هەر نییە، کە سەرچاوەی زانراویش نەبوو دۆزینەوەی هی نهێنی زەحمەتێکی وای تێدایە بە کەم کەس هەڵدەگیرێ.

دووەم: نووسەرێکی کورد پەیدا نابێ دەسەڵاتی دارایـی بـایی ئەوە بکا چەند ساڵان عەودالـی دۆزینـەوەی راسـتی بـێ لە سـەرووبەری ژیــانی حــاجی قــادر. گوریســی نووســەری کــورد بە یەک لایــی ناگاتەوە.

سێیەم: دامان نا دەسەڵاتی مادی و داراییش هەبوو، کە نییە، کـوا ئەو ئازادییە بۆ کوردێکی عێراقـی کە تـۆژینەوەی پێویسـت بکـا لە بارەی ژیانی حاجییەوە لە کوردستانی ئێران و ئەستەمبۆڵدا. سەد جـاران (حسـنی نیە)تـی خـۆی ئیسـپات بکـا لەو کارەیـدا هەر دەبێتەوە بە قارەمـانی ئەو چیـرۆکەی کە گـوتی تـا مـن ئیسـپاتی ئەمە دەکەم کەوڵـم دەچێـتە دەباخانـان، بـۆ نووسـەری کـورد دوو سێ دەباخانە نەک هەر یەک.

چـوارەم: پەلەکـردن، پەلەکردنێکـی دروسـت و پیـرۆز، بـۆ سـوود وەرگــرتن لە هەڵبەســت و بیــر و فەلســەفەی حــاجی دیــارە کە نووســەر خــۆی گــل دایەوە بــۆ وەدەســتهێنانی مەعلومــاتی تەواو بە بارەی رووداو و بەسەرهاتەکانی حاجی دەبـێ ساڵەها خەریکـی


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەدواداگەڕان و بەراوردکردن و بەیەکدی گرتن بێ تا دەتوانێ دیراسەیێکی قووڵ و فراوان بەرهەم بێنێ. ڕەنگە بیر لەوەش بکاتەوە کەوا تێپەرینی کاتی وا دوور و درێژ سەر بکێشێتەوە بۆ بەسەرچوونی کڒی سوود وەرگرتن لە پەندەکانی حاجی قادر و زەرفی وەها دروست ببێ پێویستی بە فەلسەفەیێکی تازەتر بێ. لێرەدا قسەیێکی خۆم دەترنجێنمەوە ناو ئەم چاوپێداخساندنە و دەڵێم (کەس ترسی بەسەرچوونی کڒی فەلسەفەی حاجیی نەبێ، جارێ گەلێک زووە بۆ بەسەرچوونە، هەویری کورد زۆر ئاوخوازە).

پێنجەم: کەم و کوڕی و ناتەواوی، کە ڕێگە لە خەڵق نەگۆڕێ و فریویان نەدا، نابێتە هۆی زیانبەخشین لە نووسیندا، ئەوەندەی دەنوسرێ کەمیش بێ سوودێک هەر دەبەخشێ[1].

[1] حاجی قادری کۆیی، ب٢، س.پ، ل ٢٨.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم تۆژینەوەیەدا، سەبارەت بە مەسعوود محەممەد بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە ئەمانەن:

یەکەم: ئەگەرچی مەسعوود محەمەد، کەمتر وەکوو مێژوونووس ناسراوە، بەڵام دەورێکی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە، لە بواری مێژوویی.

دووەم: مەسعوود محەمەد، یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی لە کۆی گشتی ڕێبازە فەلسەفییەکان، ئایدیالیزم، مەتریالیزم، بوونگەرایی، گرتووە و بۆچوونی تایبەتی لەسەر خستۆتەڕوو.

سێیەم: لەسەر مەسەلەی مارکس و فەلسەفەکەی زۆر قسە دەکات و سەرلەبەری تیۆرییەکانی ڕەتدەکاتەوە و لێکدانەوەیەکی کوردەوارییانە دەکات و بڕوای وایە، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ واقعی کۆمەڵگە ناگونجێ.

چوارەم: ڕەخنەی زۆری لەسەر نووسینەوەی مێژوو هەیە، تەنانەت ئەو نووسینانەی کە لەلایەن مێژوونووسانیشەوە نووسراون.

پێنجەم: مەسعوود محەمەد، زۆربەی ڕوانگەکان و فیکرەکان لە سەرچاوەی مرۆڤ بوونەوە بووە و کەسێکی مرۆڤگەرایی بووە و مرۆڤی بە گەورەترین بوونەوەری بەرزترینی سەر زەوی داناوە.

شەشەم: دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی بەتایبەتی لەسەر چەندین پرسی گرنگ، کە تاکوو ئێستا بە هەڵە لەنێو خەڵکی بڵاوبۆتەوە.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پێشنیار و ڕاسپاردە

لە ڕاستیدا، مەسعوود محەممەد، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە کتێبخانەی کوردی بکات و لە زۆر بواردا بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە. لێرەدا، چەند پێشنیار و ڕاسپاردە دەخەینەڕوو، بەهیوای بەجێگەیاندیان.

یەکەم: یەکێک لە کتێبخانە حکومییەکانی نێو وەزارەتی ڕۆشەنبیری، بەنێوی مەسعوود محەممەد بکرێ.

دووەم: کردنەوەی ناوەندێکی ئەکادیمی، یاخوود سەنتەرێکی زانستی بۆ بڵاوکردنەوەی و تۆژینەوە.

سێیەم: لە ڕۆژیادی مردنەکەی ڤیستیڤاڵی گەورە لە ناوەندەکانی خوێندن بەڕێوەبچێ، بۆ زیاتر ناساندنی بە نەوەی نوێ.

چوارەم: دروستکردنی چەند پەیکەرێک لە شوێنە گشتی و پڕ خەڵقەکان، بەمەبەستی ناساندنی، نەک پیرۆز کردن.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێبە کوردییەکان

١- ئازاد عەبدولواحید: دیالۆگ "چاوپێکەوتن و دیمانە لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەران و ڕووناکبیران"، ب ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٢- ئازاد وەلەدبەگی: فەرهەنگی نیگا، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٣- یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، چ٢، ب٣، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤- ئالان وودس و ڕۆب سیوێل: ماتریالیزمی مێژوویی، و: کارزان عەزیز، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٥.

٥- ئا: هێمن خورشید-حەیدەر عەبدوڵڵا: بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد نەیانزانی مەسعوود محەممەد چی دەوێ و بۆچی وادەکا، (قامووسی ناوە نەمرەکان)، ب١، هەولێر، ٢٠١٤.

٦- پۆڵ ستراتێرن: سارتەر "سەرەتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی"، و: ئازاد بەرزنجی، ب.ش.چ سلێمانی، ٢٠٠٢.

٧- جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسووڵ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٨- جۆن ماکواری: فەلسەفەی بوونگەرایی، و: ئازاد بەرزنجی، چ٢، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٩- جەین رۆلاسۆن: غاندی، و: کاوە میرزا صالّح، چ٢، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠١١.

١٠- حوسێن حوزنی: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب٢، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١،

١١- حوسێن محەمەد عەزیز: مەسعوود محەمەد و دوو دیداری دۆستانە، ب.ش.چ، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٢- حەیدەر عەبدوڵڵا: غەدرێکی مێژوویی فەتواکەی مەلای خەتێ لەدیدی "مەسعوود محەمەد"وە، ب.ش.چ، هەولێر، ٢٠١٤.

١٣- ژان پۆڵ سارتەر: بوون و نەبوون، و: د.محەمەد کەمال، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

١٤- سامان حوسێن ئەحمەد: زلهێزەکان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢.

١٥- شۆرش ئەحمەد گەرمیانی: مارکس و کارە زانستیەکانی، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠١١.

١٦- عبدالخالق علاءالدین: مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٧- عماد عبدالسلام رووف: کانت-ژیان و کارە فیکرییەکانی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٨- عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، و: د.قادر محەمەد حەسەن-سۆران بهاء ئەحمەد، بڵاوکراوەی خانەی وەرگێران، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

١٩- غاندی: چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا، و: شێرزاد هەینی، بڵاوکراوەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٠- غولامەرزا عەلی بابایی: فەرهەنگی سیاسیی ئارەش، و: زاهیر محەمەدی- یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.
٢١- ڤ.پودوسیتنیک و یاخوت. ڤ.پودوسیتنیک و سبیزکین: فەلسەفەی مارکسیزم، و:جەلال دەباغ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٢- کاوس قەفتان: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی میرنشینی بابان، سۆران، بۆتان، چ٢، بڵاوکراوەی کتێبخانەی ژیان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٣- کۆمەڵێک نوسەر: ئاشنابوون بە سارتەر، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢٤- کۆمەڵێک نوسەر: ئاشنابوون بە مارکس، ب ٤، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢٥- کۆمەڵێک نوسەر: ئاشنابوون بە هیگڵ، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢٦- لازاریف: مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٢٧- لوقمـان محۆ: کـورد و کوردسـتان لە بەڵگەنـامە نهێنیەکـانی ئەمریکـادا، و: وریـا ڕەحمـانی، ب١، چ٢، چـاپ و بڵاوکـردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٢٨- محەمەد شێخ: هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری: و: دلێر میرزا، چ٢، چاپخـانەی شـڤان، بڵاوکـراوەی خـانەی وەرگێـران، سـلێمانی، ٢٠١١.

٢٩- محەمەد کەمـال: ئۆنتۆلـۆجی بنەڕەتـی و بـوونی مـرۆڤ، چ٣، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١١.

٣٠- موفید ئەلزەیدی: سەرەتایەک لەفەلسەفەی مێژوو، و: بورهـان حـــاتەم گۆمەتـــاڵی، ناوەنـــدی هـــزر بـــۆ چـــاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥.

٣١- شـەرەفخانی بدلیسـی: شـەرەفنامە، و: مامۆسـتا هەژار، چ٦، بڵاوکراوەی پەخشانگای پانیز، سنە، ٢٠١٣.

٣٢- دیڤیـد مەکـداوڵ: مێـژووی هـاوچەرخی کـورد، و: ئەبـوبەکر خۆشناو، چ٢، کتێب فرۆشی سۆران هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٣- مەسـعوود محەمـەد: بـۆ کۆرباتشـۆڤ، لە بڵاوکراوەکـانی ڕێکخراوی زمانناسی، ب.ش.چ، ٢٠١٤.

٣٤- مەسعوود محەمـەد: بۆچوونێـک لە سـەر لێکدانەوەی مرۆیـی مێـژوو، و:حەکـیم کـاکەوەیس، سـەنتەری لێکـۆڵینەوە و پەخشـی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٢.

٣٥- مەسعوود محەمەد: پەرەسترۆریکای گۆرباشۆڤ، ب.ش.چ، ٢٠١٤.

٣٦- مەسعوود محەمەد: چەپکێک لە گولزاری نالی، چ٣، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٧- مەسعوود محەمەد: حاجی قادری کۆیی، ب١، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٨- مەسعوود محەمەد: حاجی قادری کۆیی، ب٢، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٩- مەسعوود محەمەد: حاجی قادری کۆیی، ب٣، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٤٠- مەسعوود محەممەد: حەجێکی تر بۆ بەردەرگای خەتێی زانا، و:حەکیم کاکەوەیس، بڵاوکراوەی سایتی مامۆستا، چاپ نەکراو.

٤١- مەسعوود محەممەد: حەمەغای گەورە، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٤٢- مەسعوود محەمەد: دەموو دووی هزر، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زماننناسی، ب.ش.چ، ٢٠١٤.

٤٣- مەسعوود محەمەد: زاراوەسازی پێوانە، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٤٤- مەسعوود محەمەد: کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی...؟ بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٤٥- مەسعوود محەمەد: کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٤٦- مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، چ٣، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩.

٤٧- مەسعوود محەمەد: لە پەرۆشیەکانی ژیان، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٤٨- مەسعوود محەمەد: بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٤٩- مەسعوود محەمەد: مرۆڤ و دەوروبەر، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٧.

٥٠- مەسعوود محەممەد: مرۆڤ و دەوروبەر، ب٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٤.

٥١- مەسعوود محەمەد: هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، ب.ش.چ، ٢٠١٤.

٥٢- مەلا سامان هەڵەبجە: گوڵستان "ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد"، چاپخانەی هێڤی، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژاری موکریان، هەڵەبجە، ٢٠١٤،

٥٣- هاشم ساڵح: فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم، و: شوان ئەحمەد، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٥٤- هاشم یەحیا ئەلـمەلاح: دەروازەیەک لە فەلسـەفەی مێـژوو، و: دەوەن حەسەن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
٥٥- هەڵـۆ بەرزنجەیـی: ژیـان و جیهـانبینی مەسـعوود مـحەمەد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣.

## دووەم: کتێبە عەرەبییەکان

٥٦- جمـال نبـز: الامیـر الکـردی-میـر محمـد الرواندزی، و: فخـري شمس الدین، چ٢، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣
٥٧- کلـود لیفـي شـتراوس: الفکـر البـري، ترجمـة: نظیـر جاهـل، المؤسسة الجامعیة للدراسات بیروت، ٢٠٠٧.

## سێیەم: ڕۆژنامەکان

٥٨- چـاوپێکەوتن لەگەڵ مەسـعوود محەمـەد، لەژێـر ناونیشـانی "پـێش ئەوەی مەسـەلەی کـورد بکەوێـتە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـی دەبـێ کـوردەکە لەگەڵ یەکتـر ڕێـک بێـت"، هەفتەنـامەی هاوڵاتی: ژمارە یەک، یەک شەممە، ٢٠٠٠/١١/١٩.

## چوارەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

٥٩- چارەسەرکردنی گیروگرفتەکـانی ڕێنووس و ئـەلفوبێی کـوردی سایتی مامۆستا:
http://www.mamosta.net
٦٠- چەند حەشارگەیێەکی ڕێزمانی کوردی، سایتی مامۆستا:
http://www.mamosta.net
٦١- ماڵپەڕی کۆیە: http://www.koya.se


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٦٢- مەسعوود محەممەد: مرۆڤ و دەوروبەر، بڵاوکراوەی سایتی مامۆستا:

http://www.mamosta.net

٦٣- هێمن خورشید: هەنگاوێک بەرەو مەسعوود محەممەدناسی، بڵاوکراوە لە ماڵپەری دەنگەکان:

http://www.dengekan.info/dengekan/gs html١٥٤٨٣/٣hty/genaral

٦٤- وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، سایتی مامۆستا:

http://www.mamosta.net

٦٥- وێبلاگی قوتابخانەی ناوەندیی گوڵانە، ٢٠١٥/١١/١، یەک شەممە:

http://gullane.blogsky.com/٠٧/١٣٩٤

٦٦- ویکیپیدیای ئازاد:

https://en.wikipedia.org/wiki/Amir_Hassanpour

**پێنجەم: دەستنووسەکان**

٦٧- نەوزاد جەمال: بوونگەری و مێژوو لەدیدی 'سارتەر'دا، وتارێکی بڵاونەکراوە.

**شەشەم: دیدارەکان**

٦٨- دیدار لەگەڵ بنار مەسعوود محەممەد، کچی ناوبراو، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/١٠/١٦.

٦٩- دیدار لەگەڵ حەمەی مەلاکەریم، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە سلێمانی، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/١٢.

٧٠- دیدار لەگەڵ خوسرەو جاف، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە هەولێر، ڕێککەوتی ٢٠١٥/١٠/٢٠.

٧١- دیدار لەگەڵ عەبدولرەزاق بیمار، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/٢٤.

٧٢- دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٧/٢٣.

٧٣- دیدار لەگەڵ فاروق مەلا محەممەد، برای مەسعوود محەممەد، لە هەولێر، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/١٩.

٧٤- دیدار لەگەڵ کەمال مەزهەر، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/٩.

٧٥- دیدار لەگەڵ نەجلە ڕەوف، خێزانی مەسعوود محەممەد، لە هەولێر، ڕێککەوتی ٢٠١٥/٨/٢٠.

٧٦- دیدار لەگەڵ ئەکرەم خامۆش، هاوڕێی مەسعوود محەممەد، لە کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠١٥/١١/٨.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## المقدمة

الكاتب والمفكر مسعود محمد من مواليد (١٩١٩-٢٠٠٢)م، من المؤلفين الأعلام المعروفين في كوردستان، له أثره في المكتبة الكوردية و العربية على حد سواء كان ذلك في المجال التاريخي أواللغوي أوالأدبي أوالفكري أوالفلسفي، له تآليفة كثيرة تتوزع على شكل كتاب أو مقالة صحفية، يؤكد الكثير من الباحثين والكتاب أن الحديث والبحث في نتاج مسعود محمد ليس بشئ الهين، لعمق فكره وغزارة نتاجه وتعدد اتجاهاته الثقافية. لذا فدراسته بحاجة الى إمكانية معرفية وعلمية بغية الخوض في غمار هذه الشخصية الفذة وسبر اغوارها .

إن نتاجه الفكري من خلال تصانيفه تؤكد المستوى الرفيع من حيث المضمون والمعنى، لذا فهو يعد من المؤلفين الكورد المبرزين في ميدان تأليف في الجانب الفكري والفلسفي، بل ويعده البعض منهم فيلسوفامعاصرا بين المؤلفين الكورد، لدفاعه المستميت في مؤلفاته عن حقوق الشعب الكوردي وقضيته العادلة، ولكن مع الأسف حتى الآن لم يتم دراسة مؤلفاته بشكل علمي دقيق، ولم تنل حظها من إهتمام الباحثين في الجامعات والمراكز البحثية.

قام الباحث بكتابة هذا البحث من منطلق الشعور بالمسؤولية وقلة البحوث عن مسعود محمد وفكره على الرغم من كثرة انتقاداته المنهجية والموجه تجاه اقطاب الفلاسفة مثل هيجل وماركس وسارتر، و بشكل علمي ومنطقي يليق بالدراسات والبحوث الأكاديمية. إعتمد

الباحث على المنهج العلمي التاريخي، على أساس التحليل والتميز واستنباط حقائق الأحداث التاريخية ومقارنتها مع المصادر المعتمدة المتعلقة بموضوع بحثه.

يتكون البحث من ثلاث مباحث واقتراحات وأهم النتائج وقائمة بالمصادر والمراجع، ففي المبحث الأول يتناول البحث حياة مسعود محمد ونتاجاته الفكرية ويتكون من ثلاث مطالب، و كالآتي: خصص المطلب الأول لترجمة حياة مسعود محمد والمراحل التي عاشها في حياته في كوردستان و بغداد والمعاناة التي عانها من بداية حياته حتى موته رحمه الله.

وفي المبحث الثاني يتطرق الباحث الى بيان موقف مسعود من فلسفة التاريخ، ويتكون من ثلاثة مطالب، والمبحث الثالث يتحدث الباحث فيه عن الرؤية التاريخية لمسعود محمد ويتكون من مطلبين.


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پیش گفتار

مسـعود محمـد (۱۹۱۹-۲۰۰۲)، یکـی از نویسـندگان نـامی کردستان، که کماکان جایگاهش در میان کتابخانه‌ی زبان کردی، عربی، در باب تاریخ، زبان شناسی، ادبیات، فکر و فلسفه به شیوه‌ی مقاله، دست نویس و کتاب محفوظ است. به گـواهی بسـیاری از نویسـندگان بـزرگ و چهره‌هـای متشخص، گفتگو در مورد ایشان، اسان نیست، باید بسیار حساس و اگاهانه عمل کرد.

ایشان، به یکه تاز میدان فکر و فلسفه‌ی کرد مشهور هستند، حتی بعضی ها او را به فیلسوف نام میبرند. طوری نوشته است که مخاطبانش احساس میکنند که در همان زمان و مکـان زنـدگی میکننـد، متاسفانه تـا بحـال مـورد تحقیـق و بررسی کافی و شایسته قرار نگرفته است و انگونه‌که لازم است در میان مردم شناخته نشده است.

همه‌ی بررسی ها و تحقیقات، اهمیت خود را دارند، اما بعضی از انها به دلیل انکه، کمتر مورد توجه بوده‌اند و کمتر درباره‌اش نوشته شده است، از اهمیت ویژه‌ی برخوردارند.

این تحقیق از خصوصیات ویژه‌ای برخوارد است، مخصوصا برای زمان حال که در رتبه‌ی از تحقیقات هستیم که شاخه‌ها طبقه‌بندی شده است. نوشته‌ی که در دست شماست جستجوی عمده‌ای درباره‌ی دید و تحلیل مسعود محمد در مورد تاریخ و انتقاد اوست از تاریخ.

او همواره میکوشد با جوابی منطقی، انتقاد خود را از افکار فیلسوفانی چون مارکس و هگل و سارتر بیان کند. حتی در مواردی او تئوریهایشان را رد میکند. البته اشاره به این نکته حائز اهمیت است که ابزار دست او به غیر از تحلیل و نگاه بسیار ریز بینانه، برای این کار، عقل و تامل است همراه با احساسی مسئولیت پذیری در مقابل تاریخ.

علم تاریخ، زیر بنای این بحث میباشد که بر مبنای تجزیه و تحلیل، تصفیه‌ی وقایع تاریخی و براورد، از چندین نوشته و منبع شکل گرفته است.

حاوی سه بخش و منبع و پیشنهاد است که بخش اول ویژه‌ی مسعود محمد، زندگی و سر برده‌ی او در بغداد و کردستان تا زمانی که از دنیا میرود، میباشد. بخش دوم


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

جزئیاتی از تحلیلات مسعود محمد نسبت به تاریخ و در
بخش پایانی دیدگاه اوست در مورد تاریخ.

The first part specialized for Masoud Muhammed's biography and those stages that he came up with while he lived in Kurdistan and Baghdad. Also, difficulties and obsticles that Masoud Muhammed faced by till he get ill and died. The second part in this section shows Masoud Muhammed's general observation about history that contains three main parts. The third parts in this section display the historical outlook of Masoud Muhammed that contain two main contexts .

 hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

like Hegel, Starter and Marks. Refusing most of their supposes and thesis by offering logical and acceptable answers .

In this study scientific historical methods are obtained . Conversing, distributing, showing truth and comprising style could be seen clearly . All these followed through reacting with and paying more attention to historical sources. Moreover, reliable writings are not neglected that are related to this field of study .

This research covers introduction, three different sections, recommendation ، requirements, results and list of references. At the first section the whole live and works on Masoud Muhammed are highlighted through three different parts .

Therefore, this study has it is own importance and more acceptable especially for our time of study because of our academic atmosphere that we live in. Many specialists and evaluators in the same field of study automatically evaluate all types of this author's researches. At the same time, this study can be identified as an accurate general research, which is related to this great author .

Masoud Muhammed's view about history and historical thoughts are introduced. Also, the way of criticizing the history of that period that he lived in.

According to his deepest feeling of academic responsibilities and lack of historical writings with this great author he criticized the most world famous philosopher's works and writings


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

strange feeling identified by readers when they follow Masoud Muhammed's writings, which are related to any Kurdish society matters .

Unfortunately, hard efforts required when we aimed to reach the accurate and acceptable research that has been done about Masoud Muhammed's works and even he is not perfectly introduced among society members .

Tiredness and feeling nervous caused by investigator and researchers who owe to work on any kind of subjects but each successful research deserve all these hard working and provided times. However ،these typical research about this author is quite different from others because there is no enough researches about that great author has been done before .

Abstract

Masoud Muhammed (1919-2002) was one of the greatest Kurdish author in Kurdistan. He has numerous numbers of publications regarding historical, linguistic, literature, ideological and philosophical issues. Moreover, this writer argued some different vital subjects that had published as book or an articles. There are many ideological personalities writing about Masoud Muhammed from various layers however it is not easy and needs hard effort. Because this author should be treated with more care as compared to other writer's publications.

It could be said that Masoud Muhammed's works suits any time. Therefore, he counted as only ideological and philosophical Kurdish author, ''some others named philosophe ''. A


hewalname.com/ku ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە